# زەلکاو...



سیروان کاوسی

بانگکۆک - 2026

سیروان کاوسی

# زەلکاو

بانگکۆک– تایلاند
2026

ناوی پەرتۆک: "زەلکاو"

نووسەر: سیروان کاوسی

رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

چاپی یەکەم، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ،

تایپ و ئامادەکردنی پەرتۆک: سیروان کاوسی

ئەژمار: ...

مافی چاپکردنەوەی بەدەست نووسەرە!

**پێشکێشە بۆ:**

**هاوبیرانی نەتەوەیی و هەر کوردێکی دڵسۆزی خاوەنهزری پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان!**

## پێشگوتنێکی پێویست!

نووسەری ئەم پەرتۆکە (سیروان کاوسی) سوپاسێکی گەرمی هاوبیری هێژا و نیشتمانپەروەر کاک ڕێبوار نەڵاسی دەکات، بۆ ئامادەکردنی ئەم پەرتۆکە ئەرکی کڕینی کامپیۆتێرێکی تازەی خستە سەرشانی خۆی. کاک ڕێبوار لە سالانی 2000ی زاینەوە ئەندامێکی دڵسۆز و چالاکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بوو، نیشتەجێی وڵاتی بلژیکە. چیرۆک کڕینی کامپیوتێرێک بۆم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2017 چەند رۆژێک دوای خیانەتە مێژووییەکەی "باڵێکی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە لە گەڵ قاسم سلێمانی فەرماندەی ئەوکاتی "سوپای قودس" و، سوپای عێراق ڕێککەوتبوون و کەرکووک و بەشێکی زۆر لە خاکی باشووری کوردستانیان رادەستی داگیرکەران کرد و بەوەش بوون بە هۆی بڵاوکردنەوەی خەم و پەژارەی زۆر لەنێو نیشتمانپەروەران و نەتەوەی کورد بەگشتیی، ئا لەو رۆژ و دۆخە ناخهەژێنەدا بیری نووسینی ئەم پەرتۆکە (زەلکاو) بە مێشکمدا هات، بڕیارمدا بە مێژووی دەیانساڵەی کردە و هەڵوێستی نانەتەوەیی حیزب و حیزبایەتیدا بچمەوە وەک هۆکاری سەرەکیی بۆ ڕێخۆشکردنی هەموو ئەو کارەساتانەی لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوو بەسەر نەتەوەکەمان هاتوون، لێ هەزار مخابن کامپیوتێرەکەم سووتا و بەوەش هێندەی دیکە هەستم بە ناهومێدی و قوڕبەسەری و بەشمەینەتیی خۆم و نەتەوەکەم کرد.

کاک ڕێبوار نەڵاسی وەک برا و هاوڕێ و هاوبیرێکی دڵسۆز هەمیشە لێمی پرسیوە و، لەو کات و رۆژانەشدا لە بارودۆخی ژیانم ئاگاداربوو، دەیزانی بێ کامپیوتێر لە نووسین و پێوەندیی دادەبڕێم، بە پێداگری و جەختکردنی بۆ

**کڕینی داتایەکی تازە بۆم، بوو بە هۆی ئەوەی ئەم پەرتۆکە و دواتر سێ پەرتۆکی دیکەش :(مێژووی 500 ساڵەی دەسەڵاتداریێتی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی ئاینزای شیعە لە ئێران)، (کۆبەرهەم ژمارە 2) لە گەڵ (بیرەوەریی بەرگی 1) لەشێوازی پەرتۆک ئامادەبکرێن و، ڕۆناکیی ببینن.**

**هیوامایە لە ژیانیدا پێوەی و سەرکەوتوو بێت!**

**برای دڵسوز و کوردستانپەروەرمان کاک/سیروان کاوسی/ی بەڕێز**

هەموو سات و کاتێکتان باش و باشتربێت و رێز و خۆشەویستی زۆرمان.

هیوای تەندروستییەکی باش و تەمەنێکی درێژ و ژیانێکی خۆش و شادیتان بۆ دەخوازم. خوازیارین دڵسۆز و تێکۆشەر و رۆشنبیرانی دلێر و بوێری کوردمان لە وێنەی بەڕێزتان زۆرتر بن بۆ گەشەکردن و رەگئەستوورکردنی باوەڕ و بیری نەتەوەییمان " کوردایەتی " و بۆ کوردستان پەروەریمان .

کاک سیروان/ بە وردی نووسینەکەتان ( زەڵکاو) م خوێندەوە. زۆر سەرسام و دڵخۆش بووم بەو راستییانەی کە بە راشکاوی و بوێرییەوە باستان لێکردوون، پەردەتان لەسەر ئەو ناپاکییانە لاداون، کە خۆفرۆشانی گەلەکەمان بە تایبەتیش بەرپرسانی حیزبە کوردستانییەکان و دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەرهەق بە کورد و کوردستان کردوویانە، منیش هاوڕاتانم، ئەم سەرکردانەی کوردمان وەکو پێشتەمالی خۆشۆرگە "حەمام" یان لێهاتووە، هەرجارەی بە بەر دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانەوەن، لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان و حیزبەکانیان دا، گەلە بێدەرەتانەکەمانیان رووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار و ئەم رۆژە رەشە کردۆتەوە. ئەوەی بە دەریایەکی خوێن و فرمێسک و بە هەزاران قوربانی هێنامانەدی، زۆر بە ئاسانی لەسەر مێزی گفتوگۆدا دۆڕاندیان.. چونکە گەمەکەرێکی سیاسی نەزانن و زۆر نابەڵەد لە هونەری سیاسەتدا.. بە هیچ کلۆجێکیش پەند و وانەیان لە هۆکارەکانی شکست و نەهامەتییەکانی رابردوومان وەرنەگرتوون.. ئەمانە لە ساڵی (2003) دا، کەرکووکیان دۆڕاند، کە بە مادەی (58) دوایش بە (140) هەڵیان خەڵەتاندن، چونکە نەیانتوانی لە راستیی ناخ و نییەتی داگیرکەرانی کوردستان بگەن، نەیانتوانی پێشبینی ئەگەر و گریمانەکان بکەن و ئەڵتەرناتیفێکی تریان هەبێت.. چونکە کەسانی نەشیاون لە شوێنی شیاودا.. ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت بیر و هۆشیان هەر لای دزی و گیرفان پڕکردن و

قورخکردنی دەسەلاتە. ئەم حیزبە هەلپەرستانەی کوردستان جاشایەتی و نۆکەری و نیشتمانفرۆشی و براکوژی و بێڕێزی و یەکترسووک کردنیان و ئابڕووچوونیان پێ شەرم نییە. لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە رێنەکەون. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان خستۆتە زەلکا و قوڕولیتەیەکی سەختی ئەوتۆوە، کە تا ناقرگەمان هاتووە.. رەش و رووتی میللەتەکەمان باجی تاوانەکانیان دەدەنەوە .

کاکی دڵسۆزمان/ بەڕێزتان زۆر بە جوانی و بە بەڵگەوە باستان لە هۆکارەکانی شکستی و ناهەمەتییەکان و بە ئاوات نەگەیشتنی گەلەکەمان کردووە. بەڵام پێویستە هەردەم گەشبین بین، بڕوام بەوە هەبێت کە لە سایەی دڵسۆزی و تێکۆشان و قوربانیدان و کۆڵەندانی رۆڵە دڵسۆز و کوردستان پەروەرەکانمان دا، رۆژێک دێت کە کۆتایی بە دەسەتی ناپاکان و خۆفرۆشانی کوردستان بهێنن .

زۆر دەستخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم درێژە بە هەڵماڵینی ناپاکی و تاوانانبارانە بدەن، چونکە بەشێکی زۆری لاوانی ئەمڕۆمان، ئاگاداری رۆڵی ناپاکی و جاشایەتی و نۆکەری و خۆفرۆشی و کەواسووری پێش لەشکرکێشی داگیرکەرانی کوردستان نین.

شەرمەزاری و سەرشۆڕی و رووڕەشی بۆ جاشەکان و بۆ خۆفرۆشانی کوردستان.

هەر بژین .

براتان / رەزا شوان

نۆروێژ: (26ی/ ئەپریل/2018)

کاک سیروانی ئازیز رۆژتان باش،

تا ئێستا هەڵنەکەوتووە لە سەر کار بتوانم کتێبێک لە نووکەوە تا کۆتایی بخوێنمەوە، ئەمڕۆ "ئەبر و باد و فەلەک" هەموو دەستیان دایە یەک و ئەو کارەم بۆ کرا. دەست خۆش و ماندوو نەبن. کتێبەکە پڕ لە زانیاری فەرامۆشکراو یان ئەو زانیاریانەیە کە بۆ هەر کام لە ئێمە "ئاسایی" هاتۆتە بەرچاو، بەڵام کتێبەکە ئەو دەرفەتە دەدات بە خوێنەر بەرەو ئاگابوونەوە یان بەئاگابنووە بچێ. سەرجەم بابەتی کتێبەکە گێڕانەوەی تراژێدی نەتەوەیەکی "خەسێندراو، فرۆشتراو" دەداتە دەست، ئەویش لە لایەن "نوخبە"ی کوردەوە. کتێبەکە بۆچوونی نامەکەی میتران بۆ کلینتۆن ئیسبات دەکا کە ئەوە کۆی هەموو تراژێدییەکە نییە. بابەتەکانی "کۆنگرەی نەتەوەیی" کە ئێمە سێ جۆرمان لێی هەبوو، لە گەڵ بەشی یەکەمی کتێبەکە زۆر جووت نییە و ڕەنگە بۆ ئەو کەسانە ئاشنا بێ، کە لە گەڵ کۆنگرە بوون و ئاگاداری مێژووی کۆنگرە هەن، بۆ خوێنەری ئاسایی پرسیار درووست دەکا، تەنانەت نازاندرێ ئەو کۆنگرە چ بووە، چۆن درووست کراوە، چی بەسەر هاتووە و چی لێ ماوەتەوە و ئێستا هەیە یان نا؟ گەر پێوەندی نێوان بەشی یەکەم و دووهەم ڕوون بێ و زانیاریی لە سەر کۆنگرە بدرێت، ڕەنگە سەرجەم کتێبەکە بۆ خوێنەر سوودمەندتر بێ و بتوانێ خۆی ئانالیزی حزب و ڕێکخراوە لە هەموو چەشنەکانی بکا و هوشیارانەتر هەنگاو بۆ درووستکردنی حزب و ڕێکخراو لە هەر چەشنێکی هەڵبهێنێتەوە. بە گشتی کتێبێکی سوودمەندە و یارمەتی زۆری زیهنی تاریک و "یەک بعدی" مرۆڤی کورد بەتایبەت سیاسەتپیشەکان دەکا.

سپاس کە بۆتان ناردم ,بێ وەی بن

برایم فەرشی

ئاڵمان: 29/11/2018

لەجیاتی سەرەتا!

"زەلکاو" بە ئینگلیزی "The Swamp"، بە فارسی "باتلاق" و بە عەرەبی "المستنقع"،ی پێدەڵێن، بە شوێن و جێگەیەک دەگوترێ ئاو و قوڕ و لیتە و قەوزەی زۆر لەنێو قووڵکەیەک تێکەڵ دەبن و دەبێت بە شوێنێکی مەترسیدار، هەر گیانلەبەرێ تێیکەوێ بەرەو بن رایدەکێشێ، ئەگەر نوقمی نەکا و، نەیخنکێنێ، ئەوا تێیدا دەچەقێ و هەر بزاڤ و جووڵەیەکی بچووکیش بکات بۆ خۆدەربازکردنی، دەبێتە هۆی زیاتر رۆچوونی. مەگەر ئەوەی هێزێکی وا بداتە بەر خۆی دەرەقەتی هێزی راکێشانی زەلکاوەکە بێ و، خۆی لە دەستی رزگار بکات.

خەباتی نەتەوەی کورد لە ماوەی حەفتاساڵی رابردوو بەملاوە، بە هۆی ئەو ئاستەنگە گەورانەی لەلایەن سیاسەتکار و لایەنەکانی سیاسیی کورد خۆیەوە هاتوونەتە سەررێی زەلکاوێکی گەورەی بە پانتایی هەموو خاکی کوردستان بۆ کورد سازکردووە و، ناسنامە و هەبوونی لێ شێواندووە بەرەورووی چارەنووسێکی نادیاری کردووە. "زەلکاو، زۆر ناپەرژێتە سەر دنیای دەرەوە و چواردەوری و، ئەو دیاردانە دەخاتەڕوو کە لە ئالیی نێوخۆوە هۆکارن کورد بە هەموو لایەن و پێکهاتەکانییەوە، دەستی هەبووە لە دروستکردنی زەلکاوەکەدا.

زەلکاو، چەن دڵۆپێکە لە زەریا و، شرۆڤە و خستنەڕووی چەند لاپەڕەیەکی ئاڵۆز و شێواوی دۆخی رامیاریی کوردە و پێشاندانی ئەو لایەنە نێوخۆییانەیە تاکوو ئێستێ بە هۆی ترسەوە بووبێ یان بەرژەوەندیی، یان بە هەر هۆیەکی دیکەوە بووبێت، نووسەر و لێکۆڵەری کورد کەمتر ئاوڕیان لێداوەتەوە.

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی حەفتاساڵی حیزب و لایەنەکانی سیاسیی کوردستان، جگە لە ناوی "زەلکاو"، چ ناوێکی دیکەم بە شیاو و گەنجاو نەزانی پڕ بە پێست و تەواوکەری ئەو کارەساتە گەورانە بێت کورد بۆ تووناکردنی خۆی و، لەنێوبردنی پرسی مرۆڤی و نەتەوەیی خۆی دروستیکردوون. لە هێندێک بڕگە و

کۆپلەدا لەوانەیە خوێنەرەوە هەست بە دابران و لادان لە نێوەرۆکی بابەتەکە بکات، بەڵام کۆی ئەو بابەتە جیاوازانە گرێدراوی کێشە و ئاڵۆزییە دروووسکراوەکەی دەستی خۆیین و، پێکەوە ئەم دۆخە سیاسییەی ئیمڕۆکەی کوردستانیان خولقاندووە و، جیا لەیەک نین.

-----------------

**تێبینیی!**

ئەمساڵ (2026) دوای پێداچوونەوەی ورد و هەڵەبڕکردنی، کورتەیەک لە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی و ڕووداوەکانی ئەمدواییانەی ڕۆژاڤای کوردستانیشی لێ زیاد کراوە لە گەڵ دانانی بەشی "وێنە" کە پێوەندییان بە نێوەرۆکی بابەتەکەمانەوە هەیە، لە شێوازی پەرتۆک ئامادەم کردووە!

بەو هیوایەی خزمەتێکی بچووکی ڕاستی و بیری بەرزی نەتەوەییم کردبێت!

سیروان کاوسی

چوونە نێو باس:

هێشتا حەفتەیەک بەسەر کۆچیدوایی مامجەلال تالەبانی سیاسەتکاری ناسراوی کورد و سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێنەپەڕیبوو، نەناسراوترین ئەندامی بنەماڵەکەی کە ناوی "باڤڵ" ە و، کوڕی گەورەی کۆچکردوو تالەبانییە، لە شەووڕۆژێکدا ناوی کەوتە ناوانەوە و، کورد گوتەنی: "لە پڕێ بوو بە کوڕێ!". باڤڵ بە پشتیوانیی دایکی و خزمانی نێزیکی دوور لە چاوی بەشێک لە ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزبەکەیان و جەماوەری کوردستان، بە راوێژی وەستای دژ بە کوردی دەرەکیی، بە نەپەنی و بە پێی رێککەوتنی پێشووتریان لە گەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و، رژێمی عێراق، بە ئاگاداری و رەزامەندیی رژێمی ترکیا رێککەوتبوون نەهێڵن پلان و نەخشەی مەسعوود بارزانی کە راگەیاندنی سەربەخۆییە لە باشووری کوردستان، بێتەدی، هەموو نێوچەکانی بندەسەڵاتی یەکێتیی رادەستی سوپا و هێزە میلیشیاکانی عێراق بکەن، هاوکاریشبن دەسەڵاتی هەولێریش نەمێنێ و چوارچێوەی سنوورەکانی عێراق بکەوێتەوە دەستی دەوڵەت و سوپای عێراقەوە. کاربەدەستانی عێراق و ئێران پاداشی ئەم خزمەتە کەموێنە مێژووییە بەوە بدەنەوە، هەرێمێکی تازە لە سێ پارێزگەی هەڵەبجە و کەرکووک و سلێمانی دروستبکرێ، بەڕێوەبردنی بدرێتە دەستی "باڤڵ" و ئەندامانی دیکەی بنەمالەی برایم ئەحمەد/ تالەبانی.، ئیتر ئەمە بێگوێدانە تاسەباربوونی لایەنگرانی حیزبەکەیان بۆ کۆچیدوایی مامجەلال و هێشتاش کۆمەڵگەی کوردەواریی سەرقاڵی شایی

سەرکەوتنی راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بوون لە شەوی 16/10/2017 دەیانهەزار هێزی ئێران و عێراق رژانە نێو کەرکووک و خانەقین و لەلایەن باڵێکی یەکێتییەوە هەزاران کیلۆمتر خاکی کوردستانیان رادەستکرا، کە لەم چەن سالەی رابردوودا بەخوێنی رۆڵەی کورد رزگارکرابوون.

سەردێڕ و نێوەرۆکی ئەم وتارە بە هیچ چەشنێک بە واتای سووکایەتیکردن بە "باڤڵ تاڵەبانی" نییە و لە لاپەڕەکانی خوارووتردا خوێنەرەوە بۆی رووندەبێتەوە "باڤڵ" وەک کوڕەگەورەی سەرکۆماری پێشووی عێراق و، خانمی یەکەمی پێشووی عێراق هەرچییەکی کردبێت، بە موو لە بیروباوەڕی باپیری (برایم ئەحمەد) و "مامجەلال"ی باوکی لاینەداوە. کێشەکە لێرەدا، پێوەندیی هەیە بە ئاستی بیرکردنەوە و تێڕادیویی جەماوەری کوردستان، نەک هەر هەڵسەنگاندنێکی بابەتانە و زانستانەیان لە بارەی سەرکردەکانی خۆیانەوە نییە، بەڵکوو بە هۆی نزمبوونی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو کورد بە گشتیی کە رەنج و قوربانیدان، ماڵوێرانی، کۆمەڵکوژی و راوەدوونانی بەسەری دێن لەلایەن کۆمەڵێک کوردی هەلپەرستی بەناو سەرکردەوە دەخرێنە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندیی کەسی، حیزبی، بنەماڵە و، دەستەودایرەی حیزبییەوە. بەرهەمی رەنج و قوربانیدانی خەڵک لەلایەن سەرکردەکانییەوە بە شکست و نەهامەتی، یان بە خۆڕێخستن و سازان لەگەڵ داگیرکەران بڕاوەتەوە. ئەمەش وایکردووە دوای سەت ساڵ و دوای رووداني

دەیان کارەساتی گەورە گەورە، بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد، لەو زەلکاوەی تێیکەوتووە، بە چەقبەستوویی بمێنێتەوە نەتوانێ یەک هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵگرێ، سەرکردەکانیشی دوای هەموو کارەساتێک بەجلوبەرگی تازە نێوی تازە و رێخستنی فشەکوردایەتی و درۆشمی ئاگرین و خەڵکخڵەتێن، هاتوونەتەوە مەیدان و، سواری چارەنووسی کورد بوونەتەوە.

لە بارەی هەردوو بنەماڵەی تالەبانی و برایم ئەحمەد، جگە لە پێوەندیی خێزانیی، هەروەها دەیان ساڵیشە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و نەپساوەی سیاسیی لەنێویاندا هەبووە و هەردوولایان لە ژێر کاریگەریی هزر و رامانی سیاسیی گەورەی بنەماڵە (برایم ئەحمەد) پێگەیشتوون و بەدرێژایی دەیان ساڵ خەباتی سیاسیی لە ڕیبازی وی لایاننەداوە. ئامانج و ستراتیژی رامیاریی ئەم دوو بنەماڵەیە بە دەستەوەگرتنی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بووە لە چوارچێوەی سنوور و جۆگرافیای سیاسیی عێراقدا. هەموو کاتێکیش خۆیان بە عێراقی زانیوە و دەزانن و رۆژێک لە ڕۆژان بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێنەکۆشیون، هەر لەم روانگە سیاسییەشەوە بووە کە بە هەموو شێوەیەک تێکۆشیون لەچوارچێوەی عێراقدا گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە.

بۆ چوونە نێو کاکڵی باسەکە لێرەدا سەرنجتان بۆ راوبۆچوونی برایم ئەحمەد رادەکێشم کە 60 ساڵ لەمەوبەر و لەمانگی ئابی ساڵی

1958 له دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی بۆ میشل عەفلەق دامەزرێنەر و سکرتێری حیزبی بەعس لە گەڵ برایم ئەحمەد رێکخرابوو.

برایم ئەحمەد لەو دیمانەیەدا لەبەرچاوی هەزاران بینەری عەرەب و کورد دەڵێ: "ئەو وەکیەکی و هاوبەشییەی رۆڵەکانی کورد و عەرەب هەڵیانبژاردووە تازە نییە و باووباپیرانمان ئەم هاوبەشییەیان بۆ هەڵبژاردووین. باپیرانمان لە چاخ و سەدە جۆربەجۆرەکانی مێژوودا شانبەشانی یەک بەرگرییان لەم وڵاتە لە عێراق کرد. برا کوردەکانتان شانازیی بە راپەڕینی ناسیۆنالیستانەی عەرەبەوە دەکەن لە خەباتە رزگاریخوازانەکەیدا و، دڵنیاین هەر هەنگاوێک کە عەرەب بینێ بەرەو یەکگرتن و یەکیتیی عەرەبی و گەشەپێدانی هێزی عەرەب، دەبێتە خێروبێر و دەرژێ بەسەر کورد دا!".

برایم ئەحمەد لەکاتێکدا ئەم قسەیدەکرد کە خۆی و گەلی کورد و عەرەبی ئەوکاتی عێراق دەیانزانی عێراق وەک رژێم و دەولەت لە سەر دەستی ئینگلیز لەساڵی 1930 دامەزراوە. ساڵی 1925 کۆمەڵەی گەلان (عصبةالامم) بە هۆی نارەزایەتیی جەماوەری کوردستان ناچارکرا لە باشووری کوردستان راپرسیی ئەنجامبدات، شاری سلێمانی و کەرکووک دەنگیاندا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، شاری هەولێر و مووسڵیش دەنگیاندا بۆ دامەزرانی عێراق بەمەرجێ کوردیش دەوڵەتی خۆی هەبێت! ئەوجا بەڕێز برایم ئەحمەد لە بواری مێژوو و سیاسەتدا کەسێکی شارەزابوو زۆر باشدەیزانی خێروبێری عەرەب بە درێژایی مێژوو بۆ کورد چ بووە!!؟

دوای شۆڕشەکەی ژنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم لەساڵی 1958 و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هێنانەسەرکاری ڕژێمێکی کۆماریی لە عێراق و، دەسپێکردنی شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە عێراق و لاکردنەوە لە کورد وەک دوو نەتەوە و پێکهاتەی سەرەکیی لە دەستووری تازەی عێراق، ژنەراڵ مستەفا بارزانیی بڕیاریدا لە یەکێتی سۆڤیێتەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ئەگەرچی بارزانیی زیاتر لە یانزەساڵ لە کوردستانەوە دوور بوو بەڵام لەنێو کورددا بە شەڕڤان و کەسایەتییەکی سیاسی و نەتەوەیی ناوبڕۆیبوو، لە ئاستی نێوچەکەش ناسراوبوو. کاتی گەڕانەوەی لە سۆڤیێتەوە بۆ عێراق و کوردستان لە پێشدا چووە ولاتی میسر و جەمال عەبدولناسر خۆی چووە پێشوازی.

ساڵی 2004ی زاینیی وتووێژێکم لە گەڵ زانا و نیشتمانپەروەر مامۆستا محەممەد شەیدا ئەنجامدا کە لە گۆڤاری **"کۆنگرە"** (**زمانڕەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**) لە ژمارەکانی 30 و 31 و 32 بڵاوکرایەوە و لەسەر سایتی کۆنگرە ماوە خوێنەرەوە دەتوانێ دەقی وتووێژەکە لەو ژمارانەدا بخوێنێتەوە. کاک شەیدا لەگەڵ دوو خوێندکاری دیکە بە ناوی هۆشیار بابان و محەممەد مەلا لەساڵی 1957 دا وێژەری یەکەم رادیۆی کوردی بوون لە قاهیرە. لە بارەی گەرانەوەی مەلامستەفا بارزانی لە سۆڤیێتەوە بۆ کوردستان، لە پێشدا دەچێتە وڵاتی میسر. محەممەد شەیدا لەبارەی هاتنیەوە دەڵێ: **"چەند ڕۆژێک بارزانی لە قاهیرە مایەوە. کاربەدەستانی حکوومەت و ڕۆژنامەنووس و**

**کانالی تەلەفزیۆنی میسر چاوپێکەوتنیانکرد لەگەڵی. ئێمەش لە گەڵ ژمارەیەک لە کوردەکانی سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبی کە دانیشتووی وڵاتی میسرن، چووینە سەردانی. مەلا مستەفا ئاگاداریکردن تا لێرەیە وای پێباشە کوردەکان پارێزگاری لێبکەن. دوو دەمانچەیان هێنا، یەکیانی دا بە من (محەممەد شەیدا) و ئەویتریشی دا بە هۆشیار بابان. ئێمە هەردووکمان چەند رۆژ لە زانستگە پشوومان وەرگرتبوو. لە ڕۆژی گەڕانەوەی بارزانیی بۆ عێراق و کوردستان لە فرۆکەخانەی قاهیرە جگە لە کوردەکانی دانیشتووی میسر، باڵوێژی زۆربەی وڵاتان و کاربەدەستانی میسر و باڵوێژی سۆڤێت و هەروەها باڵوێژ و فەرمانبەرەکانی باڵوێژخانەی عێراق ئامادەی بەڕێکردنی بوون. ئێمەش بە موزیک و خوێندنی سروودی "ئەی رەقیب" لە بەڕێکردنیدا بەشداریمانکرد ...!".**

کاتی گەیشتنی بارزانیی بۆ بەغدا ئەو پێشوازییە گەورە جەماوەرییەی کرالێی پێشانیدا سەرەڕای دووربوونی لە کوردستان بۆ ماوەی یانزەساڵ (1958 -1947)، نێوبانگ و خۆشەویستییەکەی لە دلی خەڵکی کوردستاندا ماوە و لەبیر نەکراوە. لەبەر ئەوە برایم ئەحمەد و هاوڕێیانی بە زانینی ئەم راستییە بەتەمابوون بەسەر پەیژەی نێوبانگ و کەسایەتیی بارزانیدا سەرکەون و دەسەلات و سەرۆکایەتیی پارتی دیمۆکرات بگرنەدەستی خۆیان. ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییەی لەلایەن مەکتەب سیاسیی پارتی بەسەرۆکایەتیی برایم ئەحمەد لە دژی بارزانی سەریهەڵدا، تەنیا لەپێناوی دەسەڵاتدا بوو، چ پێوەندییەکی بە بیرورا و ئایدۆلۆژی جیاوازەوە نەبوو. چۆنکە

برایم ئەحمەد و هاوڕێیانی زۆرباش لە بیروباوەڕی بارزانیی ئاگاداربوون و، دەیانتوانی بێپرس و راکردنپێی حیزبێکی چەپ دامەزرێنن لە گەڵ بیروباوەڕیاندا بگونجێ، بەڵام خۆشیان ئەمەیان باشدەزانی هەر حیزبێک سازبکەن، جەماوەرەکە شوێنیان ناکەوێ و سەرکەوتوو نابن.

لە ساڵی 1961 کە شۆرشی ئەیلوول بە پێچەوانەی ویستی بارزانی و، لەلایەن دەرەبەگەکانی کوردستان و بە هاندانی خەڵک لەلایەن برایم ئەحمەد و هاوڕێیانیان بۆ دژایەتیکردنی پرۆژەکەی عەبدولکەریم قاسم هەڵگیرسا و، سوپای عێراق هێرشیهێنا بۆ سەر کوردستان، بارزانیی ناچارما لەگەڵیان کەوێ و، شەڕ لە دژی رژێمی بەغدا دەسپێبکا. هەر لەسەرەتای دەسپێکی شۆرشەوە، برایم ئەحمەد و هاوڕێیانی دەچوونە لای ئەو پێشمەرگانەی چەن پۆلێکیان تەواوکردبوو دەیانسرتاند بە گوێیدا: "**ئەتۆ جگە لە خوێندەوارییەکەت، هەروەها کەسێکی رۆشنبیریشی، لە قسەکەی ئێمە باش تێدەگەی! ئەم مەلامستەفایە لە سیاسەت نازانێ، نەخوێندەوار و عەشایر و پیاوی رژێمی سۆڤێتە. ئەم هەموو سالە لە کوردستان دوور بووە، ئاگای لە وڵات نەماوە و نازانێ لەو ماوەیەدا، ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواریی لاوانی وڵات، چەن پێشکەوتووە! هەر بەبیری عەشایری و خێڵەکییەوە دەیەوێ شۆرش بەڕێبەڕێوە!**".

بەو شێوەیە سەریان لە کۆمەڵێک پێشمەرگەی ساکار و نەشارەزا و چاوبەستراو تێکدا و، ژمارەیەکیان لەدەوری خۆیان کۆ کردەوە. ئەوجا بڕیاریاندا بارزانیی لە سیاسەت و لە پارتی دوورخەنەوە و،

له مانگی ئاپریلی ساڵی 1964، له شارەدێی "ماوەت" کۆنگرەیەکیان بەست، که ئەفسەرێکی "ساواک" به ناوی عیسا پژمان خڵکی سنه، تێیدا بەشدابوو. سەت تفەنگی برنەویشی بەدیاری هێنابوو بۆ کۆنگرەکەی برایم و جەلال. (لێرەدا وەک روونکردنەوەیەکی مێژوویی، هەموو کەس وا دەزانێ عێسا پژمان یەکەم کەس بووە پێوەندیی نێوان شۆرشی ئەیلوول و شای ئێرانی خۆشکردبێت. بەڵام ئەم بۆچوونە راست نییە و، یەکەم کەس لەلایەن "ساواک"ی رژێمی شاوە نێردرا و پێوەندیی به باڵی مەکتەب سیاسیی پارتییەوە گرت، هونەرمەندی گۆرانیبێژ "مەزهەر خالقی" بوو. من خۆشم ئەمەم نەدەزانی و، رۆژی 5/9/2004 هاوبیری هێژا و نیشتمانپەروەر شێخ لەتیف مەریوانی له لەندەن دەژی، له گەڵ هاوسەر و منداڵەکانی به سەردان هاتنه شاری ئۆسلۆ و مێوانی من بوون. کاک شێخ لەتیف مەریوانی له بنەماڵه ناسراوەکانی مەریوان و هەورامان و، له سەردەمی رژێمی پاشایەتیی، چەندین ساڵ ئەندامی پەرلەمانی "سێنا" بوو که لەلایەن حەمەڕەزاشاوە هەڵدەبژێردران. دوای رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، شێخ لەتیف له بریتانیا نیشتەجێبوو، مانگی گوڵانی ساڵی 1985 شێخ لەتیف لەگەڵ ژمارەیەک له نیشتمانپەروەرانی هەر پارچەی کوردستان کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیان له شاری لەندەن دامەزراند و، ساڵانێکیش بەرپرسیاری پێوەندییەکانی کۆنگرە بوو. هاوژینی شێخ لەتیف خاتوونێکی رۆشنبیر و نیشتمانپەروەرە و پووری ئازادیخوازی ناسراو شەهید "فواد مستەفا سوڵتانی" یە.

لەو دانیشتنەمدا لەگەڵ شێخ لەتیف ناوی "عیسا پژمان"مهێنا گوتیشم دووجار نامە و گۆڤارێکی به زمانی فارسی نارد بۆم سەرنووسەری گۆڤارەکەشە به

ناوی "ئەفسەرانی ئازادیخوازی ئێران" دیارە مەبەستی ئەفسەرانی سوپای رژێمی رووخاوی پاشایەتییە. پژمان لە نامەکانیدا داوای ئەدرەسی کردلێم دەڵێ لە بارەی بارزانیی و شۆرشی ئەیلوولەوە دوو پەرتۆکی نووسیوە بە تەمایە بینێرێ بۆم، بەڵام من وەڵامیم نەدایەوە چۆنکە رابردووی شاراوە نییە و، یەکەم کەسبوو لەلایەن شاوە نێردرا پێوەندیی رێکبخا لەگەڵ باڵی مەکتەب سیاسیی بە سەرۆکایەتیی برایم ئەحمەد. لە فەرانسەوە تەلەفۆنیشی کرد بۆم گوتی دوو پەرتۆکی نووسیوە، پێم گوت کتێم زۆرە جێگەم نییە، بینێرێ بۆ خەڵکی دیکە. دوای ئەوە تەلەفۆنی کرد بۆ کاک جەواد مەلا و گلەیی کرد لێم، نامە و گۆڤارم ناردووە بۆ کاک سیروان کاوسی بەڵام وەڵامی نییە! بە کاک جەوادم گوت ئەم کابرایە زۆر بێویژدانانە دەنووسێ. وەک بەردەستێکی شا کتێبی نووسیوە نە وەک نووسەرێکی بێلایەنی بەویژدان. شایانی ئەوە نییە وەڵامی بدرێتەوە، چۆنکە تا سەر ئێسقان دژی کورد و بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستانە و بە نووسین و لێدوانی خزمەتی ئێران و سیستەمی رووخاوی پاشایەتیی دەکات!

شێخ لەتیف گوتی: "وایە قسەکانی عیسا پژمان زۆری وانییە. من ئاگام لە زۆربەی ئەو رووداو و پێوەندییانەی ئەوکات هەیە. "ساواک" لە پێشدا "مەزهەر خالقی" نارد بە ناوی "کاردار وابستە فرهنگی ایران"، (کاربەدەستی سەر بە فەرمانگەی فەرهەنگیی ئێران)، چووە لای باڵی مەکتەب سیاسی، لە نێزیکەوە لە گەڵ برایم ئەحمەد قسەیکردبوو. دوای ماوەیەک دۆستایەتی و پێوەندییان گەرم دەبێ، خوازبێنی دەکات لە خوشکی ژنی برایم ئەحمەد کە بیست ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. ئەمەشی تەنیا بۆ ئەوە کرد لە راسپاردەکەی

**ساواکدا سەرکەوتوو بێ نەخشەکەی ساواک جێبەجێ بکات. لە راستیدا سەرکەوتنێکی باشیشی بەدەستهێنا!".**

دوای گێرانەوەی گفتوگۆم لە گەڵ شێخ لەتیف، دەگەڕێینەوە سەر کۆنگرەکەی باڵی "مەکتەب سیاسی پارتی". برایم ئەحمەد لەنێو هۆڵی کۆنگرە، دەچێتە پشتی مایکرۆفۆن و بە دەنگی بەرز دەڵێ: **"من بە بەیانێک مەلا مستەفام کرد بە مەلا مستەفا، بە بەیانێکیش دەیکەمەوە بە هیچ!"**. کۆنگرە بڕیاریدا بە دەرکردنی مەلا مستەفا لە حیزب. کاتێک مەلامستەفا بەمەیزانی، لەمانگی جولای هەر ئەو ساڵەدا (1964) بەرەو ماوەت کەوتەڕێ. برایم ئەحمەد رانەوەستا بارزانیی بکاتەوە بەهیچ، لەگەڵ داروودەستەکەی بەرەو نێوچەی بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵدێن. سەرباز و ژانداری ئێران گەمارۆیاندەدەن، دەپرسن: بۆ هاتوون!؟ برایم ئەحمەد دەچێتە لایان لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپا قسە دەکا دەڵێ: **"ئێمە ئێرانین و هاتووین بۆ ئێران!"**. دەیبەن بۆ شاری سنە، لە "ساواک"، لێیدەپرسنەوە" بۆچی هاتوون؟". برایم ئەحمەد دیسان دەڵێ: **"ئێمە ئێرانین. شا فەرموویەتی، ئێرانی لە هەر وڵاتێک بژی، هەر ئێرانییە! ئێمەش کوردین، کورد و فارس دوو میلەتی ئێرانین. ئاریامێهریش لەبەر "مێهر"ە کەیە، لەبەر ئێرانییەکە نییە...!**

برایم ئەحمەد لەوکات و سەردەمەدا، وەک کوردێکی ئەکادمی و زیرەک و چەپ و سەر بە ڕێبازی مارکسیست – لێنینیست، کە دژی گوایە ئیمپریالیزم و رژێمەکانی کۆمپرادۆر و ئاڵقەلەگوێی ئیمپریالیزم بوو، خۆی ئاوارە و دەربەدەر دەکا، ژمارەیەک کوردی بە ناو

پێشمەرگە هەڵدەگرێ و پەنا دەبات بۆ شای ئێران. لە بەرامبەر سەرباز و ژانداری رژێمی شای بە وتەی خۆی نۆکەری ئیمپریالیزم، خۆی سووک و رەزیلدەکا و، کەسێتیی خۆی دەشکێنێ، پرنسیپ و بیروباوەڕی خۆی دەخاتە ژێر پۆستاڵی "ئەمنیەی" ئێرانەوە، چۆنکە ئەم نەبووە بە سەرۆک و، مەلامستەفا سەرۆکی حیزب و شۆرشە!!.

شای ئێران سەرەتا هێزەکەی برایم ئەحمەد لە نێوچەی سەردەشت و بانە گلدەداتەوە، هانیدان لە سەر سنوورەکانەوە هێرشبکەنە سەر بنکە و بارەگاکانی بارزانی و هێزی پێشمەرگە. مەلامستەفاش ئێرانی ئاگادارکرد گەر واز لە پشتیوانیکردنی ئەو تاقمە نەهێنێ، ئەوا بۆ تەمبێکردنیان هەتاکوو تاران هەڵیاندەبڕین. شای ئێران ئەم هەڕەشەی بارزانیی بە هێند وەرگرت و، چەکیانیکرد. برایم ئەحمەد و تالەبانی و عومەردەبابە و نەوشیروان مستەفا و چەنکەسێکیتری بردە تاران و، چەکدارەکانیشی برد بۆ سەربازگەیەک لە شاری هەمەدان و ساڵی 1964-1965 یان لە پەنای شای ئێران بردەسەر. لە کۆتایی هاوینی ساڵی 1965، حەمەڕەزاشا کەوتە نێوانیان لە رێگەی عیسا پژمانەوە داوای لە بارزانیی کرد لێبوردنیان بۆ دەربکات. بارزانیی بە داواکەی شا رازیبوو. جگە لە برایم ئەحمەد کە لە تاران مایەوە، هەموویان گەڕانەوە چوون بۆ "دۆڵەڕەقە". بارزانیی، "عەباسی مامەند ئاغا" یراسپارد لای خۆی رایانگرێت. لە کۆتایی ساڵی 1965، بارزانیی ئاگادار کرا رژێمی عێراق بە تەمای هێرشێکی گەورەیە بۆ سەر کوردستان، لەبەر ئەوە داوای لە جەلال

تاڵەبانی و عەلی ئەسکەری و عومەر دەبابە کرد بۆ راوێژ و هەڵسەنگاندنی نەخشەی بەرگریکردن بچن بۆلای. بەڵام ئەمان نەچوون چۆنکە باوەڕیان وابوو مەلامستەفا دەیانکوژێت. ئەوە بوو لە مانگی نەورۆزی ساڵی 1966 بە یارمەتی "حاجی برایمی چەرمەگا" و "عەباسی مامەند ئاغا"، لە گەڵ هاوڕێ و چەکدارەکانیان لە نێوچەی شۆرش هەڵاتن چوونەوە ژێر باڵی رژێمی عێراق. برایم ئەحمەدیش لە تارانەوە بە فڕۆکە چوو بۆ بەغدا و، لەلایەن جەلال تاڵەبانی و کاربەدەستانی بەعسەوە پێشوازیکرا!

**رژێمی عێراق، لە بەکرەجۆ سەربازگەیەکی پێدان، جگە لە بەخشینی پارەوپووڵ و چەکوچۆڵ و کردنەوەی بنکە و بارگە لە سلێمانی و کەرکووک و بەغدا، هەروەها ڕێگەپێیدان دوو گۆڤار بە زمانی عەرەبی (النور) و (رزگاریی) بە کوردی بڵاوبکەنەوە کە سەر لەبەری سووکایەتیبوو بە بارزانیی. لایەنگرانی خۆیان بە کەسانی رۆناکبیر و زانا و خوێندەوار لە قەڵەمدەدا کە بەتەمان شۆرشێکی رۆشنبیری و فەرهەنگیی بخەنەڕێ، لایەنگرانی بارزانیشیان بە جیابوونەوەخواز و نەخوێندەوار و جۆتکار و گوندی و دواکەوتوو دەدایە قەڵەم. لەنێو خەڵکدا دەیانگوت: "دڵنیاین لەوەی رژێمی بەعس ئامادەیی تەواوی تێدایە بە دانووستان و گفتوگۆ، دەگەینە ئەنجامێکی وا، بە دڵی هەردوو گەلی کورد و عەرەبی برا بێت، بەڵام بارزانیی سیاسەت نازانێ و دەیەوێ هەموو شتێ بەشەڕ و لە ڕێگەی شەڕەوە چارەسەر بکات".**

نەوشیروان مستەفا سەرنووسەری گۆڤاری "رزگاریی" لە ساڵی 1969 لەژمارە (2)دا نووسی: **"جووڵانەوەکەشمان بێبەرییە لە**

**جیابوونەوەخوازەکان و لە شوێنی ئەوە لایەنەکەی تری مافی چارەنووس، بە دەست خۆمان بێ ئەو مافە یان نەبێ، بماندرێتێ یان نەماندرێتێ ئێمە جۆری مانەوەی بە ئارەزووی خۆمان لەگەڵ گەلی عەرەب دا هەڵبژاردووە و، هەڵی ئەبژێرین و هەر لەبەر ئەو راستییەشە گەر بە زۆریش ئەو جیابوونەوەیە بسەپێندرێ بە سەرماندا بەرامبەری ئەوەستین!".**

باڵی برایم ئەحمەد، هەر بەمانەشەوە نەوەستان، بۆ تەریککردن و لاوازکردنی بارزانیی لە سەردەمی سەرکۆمارێتیی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە بەغدا، چوونە لای رووسەکان لەگەڵ باڵوێژی سۆڤێت دیدار دەکەن، دەڵێن: **"داوا لە سۆڤێت دەکەین واز لە دیدار و ناسینی بارزانی وەک سەرۆکی شۆرشی کورد بهێنێت، چۆنکە ئەو پیاوی ئیسرائیل و ئەمریکایە!".** باڵوێژی سۆڤێتیش دەلێ: **"پیاوی هەرلایەک بێت، بارزانیی خەڵکەکەی لە گەڵە!".** دوای ئەم وەرامەی باڵوێژی یەکێتیی سۆڤێت، وازیان لە لایەنگیریکردنی سۆڤێت هێنا روویانکردە رێبازی مائۆ سەرۆکی وڵاتی چین و بوون بە مائۆئیست.

بە کورتی، تا دەرکردنی بەیانی ئازار لە 11/3/1970 برایم ئەحمەد و مامجەلال و ‌داورودەستەی هاوکار و کەواسۆری بەرلەشکری عێراق بوون بۆ کوشتنی پێشمەرگە و رۆڵەی کورد و گرتن و سووکایەتی و شکەنجەی نیشتمانپەروەرانی کورد و لایەنگرانی بارزانیی.

لە پێوەندیی لە گەڵ رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی شۆرشی ئەیلوول، بەرە بەرە جمووجۆلی سیاسی و

دواتر چەکدارییش لەنێو ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و، شۆرشگێرانی رۆژهەلاتی کوردستان کە ڕوویان لە باشوور کردبوو، دەسیپێکرد. برایم ئەحمەد و تالەبانی ئەو کوردانەی رۆژهەلاتیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان هەبوو. بنکەیەکیان لە "سەی سادق" دامەزراند بۆیان. مەلا ئاوارە و خەلیل شەوباش و سمایلی شەریفزادە و سلێمانی موعەینی و، مەلاڕەسووڵ پێشنماز و سەی فەتاحی نیزامی و فەقێ وەسمان و چەندین ئەندامی دیکەی حیزبی دیمۆکرات، لە ریزی ئەو شۆرشگێرانە بوون کەوتنە ژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەی باڵی برایم ئەحمەد و، لە نێوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە و شۆرش نەمان و چوونە بەغدا و سلێمانی و بنکەیان بۆ دامەزراندن. بە راسپاردەی باڵی برایم ئەحمەد، رژێمی عێراقیش چەک و پێداویستیی بۆ دابینکردن. ناوەکەشیان گۆڕی بۆ "رێکخراوی شۆرشگێڕی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران". سلێمانی موعەینی، لە شاری سلێمانی دەستیکرد بە دەرکردنی رۆژنامەیەک بەناوی "رۆژ". نێوەرۆکی رۆژنامەکە بەرگریکردنبوو لە رێبازی "مائۆ" رێبەری وڵاتی چین و دژایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤێت. باڵی برایم ئەحمەد/تاڵەبانی بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندەدا شۆرشگێڕانی رۆژهەلاتی کوردستان لە بارزانیی دابڕێنن و، بیاندەن بە گژ ئێران و بارزانیدا. رژێمی عێراقیش بە ئاشکرا پشتیدەگرتن و بۆی گرنگبوو شەڕی چەکداریی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەڵگیرسێ و، وەک چۆن شای ئێران کێشەی سازکردووە بۆی، عێراقیش بتوانێ

بۆ بەرژەوەندیی خۆی، کوردی رۆژهەڵات بەکار بێنێت. جیا لە عێراق و دارودەستەی برایم ئەحمەد کە لەسەر ئەم کۆمەڵە شۆرشگێڕانەی رۆژهەلاتی کوردستان حیسابیاندەکرد، دەیانویست بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان بێنن، هەروەها "حیزبی توودەی ئێران"یش کەوتەخۆ ویستی لە ڕێگەی ئەمانەوە جێ پێیەک لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا بکاتەوە. چۆنکە دوای کودەتاکەی دژ بە سەرکوەزیران دوکتۆر محەممەد موسەدق کە بەهاوبەشیی CIAی ئەمریکا و دەوڵەتی ئینگلیز، لەساڵی 1953 بەڕێوە چووبوو، حیزبی توودەی ئێرانیش بەر شالاوەکانی پاکتاوی سوپا و ساواکی حەمەڕەزاشا و دەسگەی سیخوڕیی ئینگلیز کەوتن و، ڕێکخستنیان لە ئێراندا نەمابوو. جا دوای دەنگدانەوەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداریی لە رۆژهەلاتی کوردستان، حیزبی توودە ویستی ئەو هەل و دەرفەتە بۆ سوودی خۆی بەکار بینێ و، هاوکات پشتی ئەم ڕێکخراوەیە بگرن و هانیانبدەن، وەک ڕێکخراوەیەکی ئێرانی لە رۆژهەڵات چالاکیی بنوێنن و دووریانخەنەوە لە باڵەکەی دیکەی حیزب بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد تۆفیق کە درۆشمی "سەربەخۆیی بۆ کوردستان"یان هەڵگرتبوو! "ئەحمەد تۆفیق" (عەبوڵڵا ئێسحاقی) زۆر دژی توودە و کۆمۆنیستەکان و دژی یەکیتیی سۆڤێت بوو. باوەڕیوابوو تەنێ ئەمریکایە دەتوانێ کورد رزگار بکا و، سۆڤێت و بیری کۆمۆنیستیی دژی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردن. لەبەر ئەوە کۆمۆنیستەکانی عێراق و ئێران بە گشتیی بە توودەی و

کۆمۆنیستەکانی نێو حیزبی دێمۆکراتیشەوە رقیان لە ئەحمەد تۆفێق و سەرۆکایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات بوو. هەرچی چەپی و کۆمۆنیستەکانی نێو حیزبی دێمۆکرات بوون پاڵیاندابوو بە باڵی برایم ئەحمەد و تالەبانییەوە و، نەتەوەییەکانیش لەگەڵ ئەحمەد تۆفێق و بارزانیی بوون.

**لە رۆژی 5/2/1968 دوکتۆر رادمەنش سەرۆکی ئەوکاتی حیزبی توودە لە مۆسکۆوە چووە بەغدا و چوار رۆژ دواتر لە گەڵ رێکخراوی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کۆبووەوە. لەلایەن حیزبی توودە دوکتۆر رادمەنش و دوکتۆر ئەورەحمانی قاسلموو بەشداربوون. لەلایەن رێکخراوی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتیشەوە، سلێمانی موعەینی و حەمەدەمینی سیراجی و، کەریمی حیسامی بەشداربوون. جگە لە سلێمانی موعەینی شاندی هەردوو لا سەر بە حیزبی توودە بوون. لەسەر چوار خاڵی هاوبەش رێککەوتن و، حیزبی دێمۆکرات (کۆمیتەی شۆرشگێڕ) پەسندیکرد: بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، بەشێکبێ لە بزووتنەوەی گەلانی ئێران. کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بێ ئیزنی حیزبی توودە کۆبوونەوە و پێوەندیی لە گەل هیچ حیزب و دەوڵەتێک ناگرێت. حیزبی توودە حیزبی دێمۆکرات بە فەرمیی دەناسێ، بە مەرجێ سەرکردایەتیی کۆمیتەی شۆرشگێڕ لە ژێر دەستی کۆمۆنیستەکاندا بێت".**

بزووتنەوەکەی رێکخراوی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکرات لە رۆژهەڵاتدا گەشەیکرد، سەدان ئەندام و لایەنگیری لێ کۆبووەوە. لە شارەکانی بۆکان، سەقز، مەهاباد، سەردەشت، بانە و نێوچەکانی ئالان و گەورک و موکریان چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانە

دەسپێکرا. شای ئێران داوای لە بارزانیی کرد بزووتنەوەکە راگرێت. بارزانیی داوای لە سلێمان موعەینی و هاوڕێیانی کرد چالاکییان لەو دیو دوابخەن، چۆنکە ئێستا کاتی ئەوە نییە لە دوو بەشی کوردستان خەباتی چەکداری بکرێت. بەڵام جەلال تالەبانی و هاوڕێیانی هانی سلێمان موعەینی و ڕێبەرێتیی شۆرشگێڕیاندا بە قسەی بارزانیی نەکەن، بەردەوامبن لە سەر خەباتی سیاسی و چەکداریی خۆیان. پێشنیازەکەی بارزانیی پشتگوێخرا، ئەویش فەرمانیدا بە کوشتنی سلێمانی موعەینی و تووناکردنی هەموو ئەندامانی رێکخراوی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. جیا لە تەسلیمکردنی تەرمی سلێمان موعەینی بە رژێمی شا، هەروەها زۆربەی پێشمەرگە و ئەندامەکانیان بە قۆڵبەستراوی تەسلیمی ساواکی شا کران. ژمارەیەکی دیکەیان لە گەڵ مەلا ئاوارە و سمایلی شەریفزادە لە رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لە گەڵ سوپای ئێران کوژران. چەند کەسێکی کەمیان لێ مایەوە، ئەوانیس هەڵاتن بۆ بەغدا و لە ژێر دەسەلاتی بەعسدا گیانیان پارێزرا.

بارزانیی لەو سەردەمەدا رێبەری شۆرش بوو، ناوبانگی سنوورەکانی کوردستان و نێوچەکە و دنیای دەرەوەی تێپەراندبوو، خۆشەویستی خەڵک بوو لە هەموو نێوچە و پارچەکانی کوردستان نەک هەر کورد، بەڵکوو هەموو وڵاتانی نێوچەکە و ولاتانی دەرەوە بارزانییان بە رێبەری بزاڤی کورد دەزانی، بارزانیی نەدەبوو بکەوێتە نێو پیلان و داوی رژێمی بەعس و دارودەستەی تالەبانییەوە بۆ

نێوزڕاندنی دایانڕشتبوو. بە دڵنیاییەوە شکانی ناوبانگ و کەسایەتیی بارزانیی لەنیو کوردا لە بەرژەوەندیی شای ئێرانیشدا بوو. مەلامستەفا بژار و ڕێگەی دیکەی هەبوو. هەروەک بڕیاری گرتنی دا و، هێنایانە بەردەستی، هەرواش دەیتوانی دووریخاتەوە لە شوێنێکیدا گلیداتەوە. کوشتنی سلێمانی موعەینی و تەسلیمکردنەوەی لاشەکەی بە رژێمی ئێران، لە لایەنی سیاسی و نەتەوەییەوە زۆر بەزیانی بارزانی و شۆرش شکایەوە.

پاش دەرچوونی بەیانی ئازاری 1970 و ڕێککەوتنی نێوان رژێمی بەعس و سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوول، بەعسییەکان وازیان لە پشتیوانیکردنی پارتەکەی برایم ئەحمەد و تالەبانی هێنا و، رۆژنامەی (النور) یانداخست کە بە زمانی عەرەبی پەخشدەکرا و سەرلەبەری پێداهەڵگوتنبوو بە رژێمی بەعس و جنێودان بە بارزانیی. هەر بەپێی ڕێککەوتنی نێوان سەرۆکایەتی شۆرش و رژێمی بەعس، بارزانیی ئامادەبوو لێبوردن دەربکات بۆ تاڵەبانی و لایەنگرەکانی. ئەمانیش کۆنگرەیەکیان بەست ناوی پارتەکەیان گۆڕی بۆ "پارتی شۆرشگێڕی کوردستان" ڕێکەوتی 10/2/1971، تێکەڵ بە شۆرش بوونەوە و، راگەیەندراوەیەکیان بڵاوکردەوە، کەوتنە پێداهەڵدانی بارزانیی بە ئازادیخواز و دلێر و ڕێبەری شۆرشی رزگاریخوازی کورد لە قەلەمیاندا. بەڵام دوای ساڵێک، ناکۆکی و بێمتمانەیی لە نێوان بارزانیی و رژێمی بەعس سەریهەڵدایەوە، تاڵەبانی و برایم ئەحمەد و لایەنگرانیان بە هاندانی رژێمی بەعس، لە مانگی

ئۆکتۆبەری ساڵی 1972 دیسان چوونەوە ژێر باڵی رژێمی عێراق و راگەیەندراوێکیان دەرکرد و رەخنەی زۆریان ئاراستەی بارزانیی کرد، نووسییان "پارتی شۆرشگێڕی کوردستان" دیسان دامەزراوەتەوە!! رژێمی عێراقیش رۆژنامەی (النور)ی دایەوە پێیان و، سەرلەنوێ کەوتنەوە دژایەتیکردنی شۆرش و بارزانیی.

به کورتی لە ماوەی چواردەساڵ تەمەنی شۆرشی ئەیلوول، برایم ئەحمەد و تاڵەبانی و ئەندام و لایەنگرانیان ماوەی هەشت ساڵ لە خزمەتی رژێمی داگیرکەری عێراق و دوو ساڵیش لە ژێر باڵی رژێمی شای ئێراندا بوون. ئەو چوارساڵەش لەنێو شۆرش مانەوە، هەر خەریکی پیلانگێڕان بوون و لە کەشێکی بێباوەڕی و بێمتمانەیی تەواودا ئەو چوارساڵەشیان تێپەڕکرد.

هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول، بە بڕیاری سەرۆک بارزانیی، لە ریزی یەکێک لە گەورەترین کارەسات و جینۆسایدی کورد ئەژماردەکرێ. سووچ و تاوانی هەرەسی شۆرش، تەنیا مستەفا بارزانیی ناگرێتەوە، لە پێشدا دارودەستەی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی دەگرێتەوە بە دژایەتیکردنیان رۆڵیانهەبوو لە لاوازکردنی شۆرش و، هەر ئەوانیش بوون بەر لە بارزانیی، پێوەندییان بە ساواک و شای ئێرانەوە گرتبوو. جگە لەمە سەرکردەیەتیی ئەوکاتی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیش تاوانبارن، کاتی شۆرش بەشێکیان لەبەر خاتری پێگە و جێ و ڕێی خۆیان لای بارزانی و لەنێو شۆرشدا، رۆڵێکی هەلپەرستانەیان دەگێڕا و نەیانتوانی ببن بە راوێژکارێکی

باش و دڵسۆز بۆ بارزانیی کە بتوانێ لەبەرامبەر ئێران و نەیارانی نێوخۆیی دا دووربینتر و کوورتر بڕوانێتە ئەو رۆڵ و بەرپرسیارەتییە مێژوویی و نەتەوەییەی کەوتووەتە سەرشانی. بۆ نموونە کەسیکی وەک دوکتۆر مەحموود عوسمان باوەڕپێکراوی هەرەنێزیک و جێمتمانەی بارزانیی بوو. لەکاتی دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ رۆژنامەنووس و نوێنەری وڵاتانی بیانی، وەرگێری بارزانیی بوو. لە نێزیکەوە ئاگاداری هەموو جمووجۆڵ و چالاکییەکی سیاسی و دیپلۆماسی شۆرش بوو. کەچی دوای هەرەسهێنانی شۆرش، چووە دیمەشق بۆ لای جەلال تالەبانی و ئەوانیش یارمەتییاندا کتێبیکی چاپکرد لە دژی بارزانیی. دوای ئەوە بردیان بۆ ئۆرووپا و لە وڵاتانی ئۆرووپا سەمینارییان دادەنا بۆی، هێرشبکاتە سەر بارزانی و شۆرشەکەی. دواتریش لە وتووێژ لەگەڵ "مەد تی ڤی" سەر بە "پێ کێ کێ" تاوانی شکستی ئەیلوولی خستە ئەستۆی بارزانی و، خۆی لێ بێبەریکرد ئەمە لە کاتێکدا دوکتۆر مەحموود نوێنەری شۆرشی ئەیلوول بوو، دوای هەرەسی شۆرش، دەیتوانی زۆر بابەتانە و زانستانە و بە پشتبەستن بە سەدان بەڵگەنامە کە ئاگاداریانبوو، کتێبێکی بنووسیبایە، هەموو لایەنێکی چاکوخراپی بنووسیبایە و وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی، وەچی ئیمڕۆکە و وەچەکانی داهاتوو سوودیان لێوەرگرتبایە، نەک ئەوەی یەکسەر بچێتە لای تاڵەبانی کە بە درێژایی ساڵانی شۆرشی

ئەیلوول، مەکتەب سیاسیی بە لادەر و گێرەشێوێن و تالەبانیشی بە کەسێکی خاین و دژ بە کورد و دژ بە شۆرش لە قەڵەمدەدا!

یەکێک لەو بابەتانەی دوکتۆر مەحموود لە نێزیکەوە ئاگاداریبوو سیاسەتی ئەمریکا بوو بەرامبەر بە شۆرشی ئەیلوول کە رۆڵی سەرەکیگێرا لە شکستپێهێنانی شۆرشەکە و هەر بە وتەی دوکتۆر مەحموود خۆی، بارزانیی باوەڕیوابوو شای ئێران هەرچییەکدەکات، لە ڕێگەی ئەمریکاوەیە و، ئەمریکا پشتیوانی کوردە. لەم سالانەی دواییدا، دوای پەنجاساڵ بەشێک لە بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تایبەت بە شۆرشی ئەیلوول بڵاوکرانەوە، دەریدەخەن کە بارزانیی هەولێداوە پشتیوانیی ئەمریکا و رۆژاوا بۆ لای کێشەی کورد راکێشێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. لە رۆژی 12ی مانگی ئاپریلی ساڵی 1965 مەلا مستەفا، نوێنەرێکی خۆی بە ناوی "شەمسەدین موفتی" (نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی خەڵکی سلێمانی) لە گەڵ یەکێک لە کوڕەکانی (مەسعوود) دەنێرێ بۆ باڵوێژخانەی ئەمریکا لە تاران. نامەیەکیان دەداتێ، پەیامێکی زارەکیی مەلامستەفاشیان پێدەبێت. چوونیان بۆ تاران بە نهێنی و بێئاگاداریی رژێمی تاران بووە.

بارزانیی لە نامە و پەیامەکەیدا داوادەکات: **"ئەمریکا راستەوخۆ لە گەڵ سەرۆکایەتیی کوردستان پێوەندیی بگرێ و ئێران پردی نێوان پێوەندییەکە نەبێت، چۆنکە متمانەمان بە ئێران نییە و، دەڵێ: ئێمە گومانمان هەیە پەیامەکانی ئێمە لەلایەن ئێرانەوە بگەنە ئەمریکا. بارزانیی داوای چەک و**

**هێزی سەربازی و یارمەتیی دارایی دەکا و، داواکاریشە ئەمریکا راستەوخۆ بێتە کوردستان و، کوردستان ببێت بە یەکێکی دیکە لە ویلایەتەکانی ئەمریکا. با سەرچاوەکانی نەوتی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە بەرهەم بهێندرێ و ئەمریکا راستەوخۆ لەگەڵ کورد رێککەوتن بکات". باڵوێژی ئەمریکا لە تاران بە هەردوو نوێنەرەکەی بارزانیی دەڵێ: "ئەمریکا کێشەی ئێوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەبینێ. من نامەکەتان دەگەیەنمە واشنگتن، بەڵام دڵنیانیم لە وەرامدانەوەی!".**

بارزانیی چەند جاریتر نامەی نووسیوە و نوێنەری ناردووە بۆ ئەمریکا و داوای یارمەتی و پشتگیری سیاسی لێکردوون. لە رۆژی 5ی ئاپریلی 1972 لە رێگەی "زەید عەسمان"، نامەیەکیتر دەنێرێ بۆ ئەمریکا و لەبارەی هۆکارەکانی یارمەتینەکردنی ئەمریکا بە کوردان پرسیار دەکات؟ تۆماس سکات لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە گەڵ زەید عوسمان دادەنیشێ، رۆژێک دواتر، تۆماس سکات لە گەڵ نوێنەرەکەی بارزانیی کۆدەبێتەوە، دەڵێ وەلامی ئەمریکا بۆ نامەکەی بارزانیی نەرێنییە، هۆکارەکەش لەم چەن خاڵەی خوارەوەدا باسدەکەم:

**1 - ئەو رژێمەی لەلایەن بارزانییەوە دامەزرێت، زۆر ئەستەمە بتوانێت لە بەرامبەر دژایەتیکردنی عەرەبەکاندا خۆی راگرێت.**

**2 - پێگەی ئابووریی سۆڤێت لە عێراق بەهێزە و تەنانەت ئەگەر بارزانیی رژێمی عێراقیش بڕووخێنێ، ئەستەمە بتوانێ پێوەندیی عێراق و مۆسکۆ بپچڕێنێ، ئەمەش واتای ئەوەیە سۆڤێت دەستبەرداری پێگەی ئابووریی خۆی نابێت لەعێراق.**

**3 -   ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا پشتیوانیی لە شاڵاوی کوودەتا دژی رژێمی بەعس بکات لەڕووی رێکخستنەوە لاواز دەبێ. شاردنەوەی کوودەتاکەش زۆر زەحمەت دەبێ، کە وابوو ئەمریکا نێوانی خۆی لە گەڵ وڵاتانی عەرەب تێکدەدا، چۆنکە پشتیوانیی لە بزووتنەوەیەکی ناعەرەب کردووە کە لەلایەن وڵاتانی دیکەی ناعەرەبی وەک ئیسرائیل و ئێرانیشەوە پشتیوانیدەکرێت.**

به کورتی کۆی یارمەتی دارایی و چەکوچۆڵ و پێداویستیی پێشمەرگە لە سەردەمی سەرکۆماری ئەمریکا "نیکسن" لە ساڵی 1973 – 1972 لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیز و ئیسرائیل و شای ئێرانەوە دران بە شۆرشی کورد و گەیشتە مانگی یەک ملیۆن دۆلار. ئەم بەخشین و یارمەتیدانە بە کورد، تەنێ لەبەر لاوازکردنی رژێمی عێراقی هاوپەیمانی رژێمی سۆڤێت بوو، بۆ ئەوە نەبوو پشتی کورد بگرن بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی.

لەمبارەوە هێنری کیسینگەر سیاسەتکاری ناسراوی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی ئەوکات، رۆناکیی زیاتر دەخاتە سەر باسەکە و، لە بیرەوەرییەکانی کە "ئۆرخانی غالیب" و هەروەها "شەفیقی حاجی خدر" لە ئینگلیزییەوە کوردوویانەتە کوردی، دەڵێ: **"بارزانیی داوایلێکردین پشتگیریبکەین بۆ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی. هەر هیچ نەبێ پشتگیرییان بکەین بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی تەواو، ئێمە پشتی بگرین. بەڵام ئێمە هەموو جارێ پێماندەگوتن ئێوە شەڕ بکەن، دوایی لەسەر ئەو بابەتانە قسەدەکەین. کاتێک بە ئامانجی خۆمان گەیشتین، پشتمانتێکردن و،**

**له بەرامبەر ئەو تاوانە گەورانەی رژێمی عێراق بەسەر کوردی دەهێنا، بێدەنگ بووین و هیچ هەڵوێستێکمان نەبوو...!".**

له سەردەمی سەرکۆماریتیی جرالد فۆرد سەرکۆماری ئەمریکا، رۆژی 19/1/1976 راپۆرتی "پایک" سەرۆکی کۆمیتەی لێکۆلینەوە له کاروباری CIA و نوێنەری شاری نیۆیۆرک درا بە کۆنگرێس کە دەڵێ: **"ئەمریکا کوردەکانی وەک "کارتی یاریی" بەکارهێنا! ئەم راپۆرتە نهێنییە سێ رۆژ دواتر دزەیکردە دەرەوە و لە رۆژنامەکانی ئەوکات بڵاوکرانەوە.**

شۆرشی ئەیلوول کە بە رێککەوتنی نێوان شای ئێران و سەددام حسێن لە ڕۆژی 6/3/1975 لە وڵاتی جەزایر کۆتایی پێهێندرا، بوو بە هۆی وێرانکردنی هەزاران گوند، ناهومێدی، ماڵوێرانی و رووخانی ڤین و باوەڕی نەتەوەیی لە کوردستان بەگشتیی، هاوکات بۆ برایم ئەحمەد و تالەبانیش لەعێراقدا چ دەسکەوتێکی نەبوو. رژێمی عێراق دوای رووخانی شۆرش کاری پێیاننەما و پشتگوێیخستن و چ حیسێبێکی بۆ خزمەتی رابردوویاننەکرد. هۆکەشی ئەوە بوو سەددام نەیدەویست جارێکیتر گرنگی و بایەخ بە پرسی کورد بدا و، دڵنیابوو بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ کێشەی کوردی بنەبڕکردووە. ئەوەبوو برایم ئەحمەد و تالەبانی و نەوشیروان و هاوڕێیانیان روویانکردە ئۆرووپا.

دوای تێپەڕبوونی دوومانگ لە هەرەسهێنانی شۆرش، جەلال تالەبانی بە راوێژ و رێنوێنییوەرگرتن لە برایم ئەحمەد، رێکەوتی 25/5/1975 لە ژێر چاودێریی دەسگەی سیخوڕیی سووریا

(ئیستخبارات) له شاری دیمەشق یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند و، هاوکاتیش بوو بە ئەندامی بەرەیەکی نەیاری رژێمی بەعسی عێراق کە لە شام کۆببوونەوە و، لە زۆرینەیەکی شیعە و چەند کەسێکی سوننە پێکهاتبوون. ئەم بەرەیە ناوی نرا "التجمع الوطنی العراقی" (توع) و ئامانجی برایم ئەحمەد و تالەبانیی بۆ بەشداریکردن لەو بەرەیە بۆ دوو مەبەستی سەرەکیی بوو:

1- **بە دەستەوەگرتنی گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستان وەک تاکە هێزی سیاسی و چەکداریی.** 2- **ڕێگرتن لە بنەماڵەی بارزانیی کە جارێکیتر نەتوانن لە سیاسەت و خەباتی باشووری کوردستاندا هیچ دەور و ڕۆڵێکیان هەبێت.** ئەم دوو خاڵە لەلایەن بنەماڵەی برایم ئەحمەد و تالەبانییەوە وەک پرەنسیپ و ستراتیژ و هێڵی سۆر دەیان ساڵ پێڕەوکرا و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی نێوچەکە و کوردستان، چ کاریگەری و گۆرانێکی لە هزر و بۆچوونیان بەرامبەر بنەماڵەی بارزانیی نەکرد.

کوڕانی مەلامستەفا و لایەنگرانی بارزانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ساڵێک دوای دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مەبەستی سەرلەنوێ دەسپێکردنەوەی خەباتی سیاسیی لە مانگی ئەگۆستی ساڵی 1976 لە شاری بەرلین کۆبوونەوە و سەرۆکایەتیی کاتیی (قیادە موقت) یاندامەزراند.

تالەبانی و برایم ئەحمەد دوای ئاگاداربوون لە دەسپێکردنەوەی چالاکیی سیاسی و حیزبیی بنەماڵەی بارزانیی و بەشێک لە

ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتیی  پێشووی پارتی کۆبوونەوەیەکیان لە شاری لەندەن لە بریتانیا خستەڕێ و بانگێشتی "قیادە موقت" یشیان کرد. مەسعوود بارزانی و نووری شاوەیس و عەزیزی شێخ رەزا و چەند کەسێکیتریش بەشدارییان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا جەلال تالەبانی ڕوودەکاتە مەسعوود بارزانی و دەلێ: "**دوو مەرجمان هەیە بۆ هاوکاریکردن لە گەڵتان! داواتانلێدەکەین پێوەندیی خۆتان بە یەکجاریی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا ببچڕێنن. هەروەها باوکیشت** (**مەلا مستەفا**) **نابێ چیدیکە لە کوردستاندا چالاکیی سیاسیی بکات! مەسعوود بارزانی دەڵێ: "وازمان لە پێوەندیی لە گەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا هێناوە". تالەبانی دەڵێ: "ئەی ئەگەر باوکت گەرایەوە ئەو پێوەندییەی درووستکردەوە؟". مەسعوود بارزانیی دەڵێ: "باوکم وازی لە سیاسەت هێناوە، چ پێوەندییەکیشی بە "قیادە موقت" ەوە نییە!**

لە ڕاستیدا نازانرێت بۆچی مەسعوود بارزانیی تا ئەو ڕادەیە نزم و لاواز وەرامی پرسیارەکانی جەلال تالەبانی داوەتەوە؟ تەنانەت ئەگەر بەرامبەر هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول و کارەساتەکانی دوای هەرەس، خۆیان بە هۆکار و تاوانبار زانیبێ دیسان نەدەبوو ڕێبدەن کەسانێک لێپرسینەوەیان لە گەڵدا بکەن، کە زۆربەی سالانی شۆرش لە خزمەتی داگیرکەرانی ئێران و عێراقدا بوون و، شەڕی پێشمەرگەی کوردستانیاندەکرد و بە هەموو شێوازێک هەوڵیاندا شۆرشەکە تێکبشکێنن. ئەوجا بۆچی مەسعوود بارزانیی نەیگوتووە پێی: "ئێمە واز لە ئەمریکا و ئیسرائیل دێنین، ئێوەش واز لە سووریا

و یەکیتیی سۆڤێت و وڵاتی چین بهێنن، با پشت بە خۆمان و بە نەتەوەکەمان ببەستین؟!".

لێرەدا گوتنی چەن وشەیەک بە پێویستدەزانم، ئەویش دوای وەستانی شۆرشی ئەیلوول لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە، دواتریش لەلایەن کوڕەکانی بارزانیی و نێزیکانی بارزانییەوە هیچ نووسراوە و روونکردنەوەیەک بۆ ئاگاداریی جەماوەری کوردستان بڵاونەکرایەوە کە تێیدا هۆکاری وەستانی شۆرش باسبکەن، دوای هەرەسی شۆرش، جگە لەوەی زیانی گەورەی لە یەکیتیی نەتەوەیی و بیری رزگاریی کوردستان دا، رژێمی عێراق، هەزاران گوندی خاپوورکرد و سیاسەتی بە عەرەبکردنی کوردستان بە شێوازیکی سیستەماتیک دەستپێکرد. دەیانهەزار بنەماڵە چووبوونە ئێران لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا ژیانیان تێپەڕدەکرد. سەدان بنەماڵە لە شارەکانی ئێران، کچ و ژنیان فرێندران، یان لەبەر بێنانی و هەژاریی، تووشی لەشفرۆشی بوون. راگوێزانی سەتانهەزار دانیشتووانی گوندەکان و، کۆکردنەوەیان لە ئۆرووگا زۆرەملێیەکان و لە جۆتکار و باخەوانەوە کردیانن بۆ کۆمەڵێک خەڵکی سیخوڕ و بێکار و قاچاخچی و زۆر دیاردەی دڵتەزێنی دیکە بە هۆی وەستانی شۆرشەوە روویاندا، لە بەر ئەوە، داوای وەستانی شۆرش لەلایەن بارزانییەوە بابەتێک نەبوو بێدەنگیی لێبکرێ دەبوو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان روونی بکەنەوە. دەبوو ئازایەتیی بنوێنن و، دڵسۆزانە بۆ رێزلێنان لە خۆیان و نەتەوەکەیان، شرۆڤەیەکی وردیان

پێشکێشی جەماوەری کوردستان بکردایە. بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی دەبوو لەوەی خەڵکانی هەلپەرست و درۆزنیش، بێدەنگییان نەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، سووکایەتیی بە پرسی کورد و مافی رەوای نەکەن.

لە بارەی کەسایەتیی تالەبانییەوە، بە درێژایی ژیانی سیاسیی، دوو کەسایەتیی کوردی بە گەورەتر و لێهاتووتر لەخۆی زانیوە و لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە و پارت و رێکخراوەی سیاسیی کوردستاندا هەموو کەسێکی بە کەمتر لەخۆی زانیوە. هاوکات بەرامبەر داگیرکەران خۆبەکەمزان و لاواز بووە. وەک بیروباوەڕیش بە درێژایی ژیانی عێراقی بووە و، لە پێناو یەکپارچەیی عێراقدا تێکۆشیوە، هەر قسەیەکی بۆ کوردەکە کردبێ تەنێ بۆ چەواشەکردن و خاپاندن و کۆکردنەوەی خەڵک بووە بۆ لای خۆی و حیزبەکەی. لە لاپەڕەکانی خوارەوە زیاتر رۆناکیی دەخەینە سەر ئەم بابەتە. جا ئەو دوو کەسایەتییەی تالەبانیی لەنێو کورددا حیسابی لەسەر کردوون، یەکەمیان برایم ئەحمەد بوو تا لە ژیاندا مابوو، وەک مامۆستا و رێنوێنی خۆی تەماشایکردووە و خۆی بە قوتابیی برایم ئەحمەد زانیوە و، رۆژێک لە ڕۆژان لە خەت و رێبازی لاینەداوە.. کەسی دووەم کە تالەبانی بە گەورە و سەرۆک و ئازا و قارەمانی زانیوە، بەڵام بە دڵ رقی لێیبووە و، لێی ترساوە، مەلامستەفا بوو. هەتا مەلامستەفا لە ژیاندا مابوو، تالەبانی لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک رێینەداوە بە خۆی بەرامبەر بارزانیی راوەستێ و

ڕەخنەی لێبگرێ، بە پێچەوانەوە هەرچییەکی کردووە، بە پەنامەکی و سرتەسرت و قسەلۆکی پاشملە بووە. هەموو سووکایەتی و بێڕێزیکردنەکانی لە دوورەوە و لە ژێر باڵی داگیرکەرانەوە هەر لەو ترسەیەوە سەرچاوەیگرتووە.

دوای هەرەسی شۆڕش مەلا مستەفا ناوبانگ و پێگەی جەماوەریی هەرمابوو برایم ئەحمەد و تالەبانی ئەم ڕاستییەیاندەزانی و بانگێشتکردنی مەسعوود بارزانیی بۆ کۆبوونەوەی لەندەن تەنیا بۆ ئەوە بوو دڵنیابن دوای ڕووخانی شۆڕش، بارزانیی جارێکتر دێتەوە نێو گۆڕەپانی خەبات و سیاسەت یان وازیهێناوە؟

**لە گەڵ هەڵبژاردنی "جیمی کارتر" بۆ سەرکۆماریی ئەمریکا، مەلامستەفا لە ڕۆژانی 9/2/1977 و 3/3/1977 دوو نامەی نارد بۆی. لە نامەکەی یەکەم بە ناوی سەرۆکی کوردەوە پیرۆزبایی دەکات لێی. لە نامەی دووەمیشدا نووسیویەتی: "نەتەوەی کورد نیو سەدەیە خەبات بۆ ئازادیی دەکات. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو باوەڕ و متمانەیەکیان بەخشیوە بە من، منیش ئەو باوەڕ و متمانەیە دەدەمە بەڕێزتان بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەکەم...".**

بلاوبوونەوەی نامەکەی بارزانیی، برایم ئەحمەد و تالەبانیی دڵنیاکرد مەلامستەفا وازی لە سیاسەت نەهێناوە و لەوانەشە بۆ ڕێکخستنەوەی خەڵک و پێشمەرگە بگەڕێتەوە کوردستان. لەوە بە دواوە هەموو پێوەندییەکیان لە گەڵ "قیادە موقت"" پچراند و دەسیانکردەوە بە سووکایەتی بە بارزانیی کە ئاشبەتاڵی بە شۆڕش

کرد و نۆکەری زایۆنیزم و ئەمریکایە. ئەوجا بڕیاریاندا هەتا "قیادە موقت" بە هێز نەبووە، بەخێرایی هێزی پێشمەرگە ڕێکبخەن و چەکوچۆڵی پێویست لە ڕێگەی ڕژێمی سووریاوە بگەیەننە نێوچەکانی باشووری کوردستان. بنکە و بارگەیان لە قەندیل دامەزراند و، سەتان پێشمەرگەی بێچەک و ژمارەیەکی کەم چەکدار  لە دەوریان کۆبووەوە. ئەوەبوو ئەو کارەساتە لە هەکاریی روویدا و چەندسەت کەس لەو هێزە بێچەک و چەکدارەی یەکێتیی لە ڕێگەی چوون بۆ سنووری سووریا تێداچوون و، ناکۆکیی قووڵ و بەرفرە لەنێوان سۆرانی و بادینی، جەلالی و مەلایی و سلێمانی و بارزانیی سەریهەڵدا و شەڕی براکوژییان تا رووخانی رژێمی پاشایەتیی لە ئێران درێژەیکێشا و، دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی، شەڕی نێوان بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی برایم ئەحمەد و هێزی پێشمەرگەی هەردوولا پێی نایە دۆخێکی سیاسی و شەڕێکی خوێناوییتر و دوو بەشی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە.

چەند رۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی لە ئێران، تالەبانی چووە تاران بۆ لای خومەینیی بۆ دەربڕینی پشتیوانیی  لە سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی، بەڵام مەبەستی سەردانەکەی لە نێوەرۆکدا بۆ لێژکردنی جێ  و پێگەی بنەماڵەی بارزانی و قیادە موقت بوو لە ئێران. رۆژنامەی "ئیتلاعات" رێکەوتی **12/3/1979** لە تاران وتووێژێکی لە گەڵ تالەبانی ئەنجامدا و، تاڵەبانی گوتی:

"بنەماڵەی بارزانی و هاوکارەکانی وەک جەوهەر نامێق و کەریم سەنجاریی سەر بە ساواکی شا و سیخوڕی ئیسرائیلن. سامی عەبدولرەحمانیش پیاوی میتی ترکیایە. ئێمە زانیاریی تەواومان هەیە دارودەستەی بارزانیی لە نەخشەی کودەتای 28ی ڕێبەندان، پێوەندییانگرت بە چەن هۆزێکی کوردەوە، بەتامابوون هاوکاریی شا بکەن ...".

لە رۆژی چوارشەممە 10ی مانگی گوڵانی ساڵی 1980 رۆژنامەی "بامداد" دەقی نامەی جەلال تالەبانی لە لاپەڕەکانی (1) و (14) دا بلاوکردەوە کە بە بۆنەی هێرشە سەرنەکەوتووەکەی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ناردبووی بۆ خومەینیی. تاڵەبانی لە بەشێکی نامەکەیدا دەڵێ:

"سلاو لە ئایەتۆڵڵای مەزن شاپلێتە هەڵگرسێنەری مرۆڤایەتی و رێبەری پایەبەرزی شۆرشی ئیسلامیی. بە تووڕەی و سەرسووڕمانێکی زۆرەوە هەواڵی دەستدرێژیی دوژمنکارانەی ئەمریکامان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی پێگەیشت. بێگومان ئیمپریالیزمی ئەمریکا دوژمنێکی خوێنخۆرە بۆ هەموو کۆمەلە ئیسلامییەکان، هەموو زۆرلێکراوان و هەموو بێهێزکراوانی جیهان. پیلانگێرانی ئەمریکا لە دژی شۆرشی ئیسلامیی بە ڕێبەریی ئێوە، درێژەی رک و دوژمنایەتییەتی لە تەواوی جیهان و لە ریزی ئەوەشدا دژی برا شۆرشگێڕەکانی ئێوە لەعێراق کە بە فەرمانی ئەژدەهاکی خوێنڕێژی دەسکەلای ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دژی شۆرشی ئیسلامیی دەکرێ و پڕە لە هەموو جۆرە تاوانێک کە حیزبی بەعس دژی ئازادیخوازانی عێراقی دەیکات. هەر ئەو دەستەشە کە سوورە بە خوێنێ ئایەتۆڵڵا سەید باقری سەدر کە بە خراپترین جۆری شکەنجە شەهیدکرا. ئازادیخوازانی عێراق، لە کورد و عەرەب و ترکمان

و لەنێو ئەواندا شیعە و سوننە هەموو پێڕەوی شۆرشی ئیسلامیین کە بۆ سەرکوتکردنی ئیستعمار و زایۆنیزم هەڵگیرساوە و، بۆ لەنێوبردنی سەددامی تکریتی ناپاکی دەسکەلای ئەمریکا تێدەکۆشێ. ئێمە هەموو هێزەکانمان دەخەینە ژێردەستی شۆرشی ئیسلامیی ئێران و  بە هەموو دەسەلاتی خۆمانەوە لە ریزی شۆرشی ئیسلامیدا وەستاوین بۆ لێدانی ئیمپریالیزم.

جەلال تالەبانی سکرتیری یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان".

رووخانی رژێمی شا هەلێکی زێڕین و هەڵکەوتوو بوو بۆ جەلال تالەبانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەلایەک کۆڕوکۆمەڵەی چەپی ئێران بکا بە دوژمنی "قیادە موقت"، هاوکات گەلی کوردی رۆژهەلاتیش، قیادە موقت بە دوژمنی خۆی بزانێ و دەرکردنی بنەماڵەی بارزانی و "قیادە موقت" ببێت بە ویست و داخوازیی رێکخراوە و حیزبی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان

لە سەروبەندی گفتوگۆی نێوان تاران و دەستەی نوێنەرانی گەلی کورد، کە لە شێخ عێزەدینی حسێنی، دوکتۆر ئەورەحمانی قاسملوو، سەلاح موهتەدی، فوئاد مستەفا سوڵتانی، غەنی بلووریان، سەننار مامەدی و، مەلا خدری ساردکێ و، چەند کەسیکیتر پێکهاتبوون، گەڵاڵەیەکی (8) مادەییان لە مەهاباد ئامادەکرد وەک داخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵات بیدەن بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی. گەڵاڵە پێشنیازکراوەکە بە کۆدەنگیی هەموویان واژۆدەکرێ و دوکتۆر قاسملوو، پاکنووسی

دەکا و، لە ڕۆژی یەکشەممە 18/2/1979 دەیدەن بە دەستەی نوێنەرێتیی کۆماری ئیسلامیی کە لە داریووش فرووهەر، سمایل ئەردەڵان، ئایەتوڵڵا یەحیا نووری و ئیبراهیم یۆنسی پێکهاتبوون. مادەی (8) ی داخوازینامەکە لەبارەی کوڕانی بارزانی و "قیادە موقت" دەبێ و، نێوەرۆکی مادەکە بەمجۆرە دادەڕێژن:

مادەی (8): **"بەو پێیەی کە مەلا مستەفا بارزانی و دەستەی ناسراو بە "قیادە موقت"، داردەستی رێکخراوی "سیا"ی ئەمریکا و "ساواک"ی ئێران و، "میت"ی ترکیا بوون و ئێستاش هەن، بەو پێیەی هەموو گەلی کورد نەفرەتیان لێدەکەن، داوا لە کاربەدەستانی شۆرشی ئیسلامیی دەکەین هەر چەشنە پێوەندی و لێکنێزیکبوونەوەیەک لەگەڵ ئەم داروودەستەیە ببڕێتەوە و رێبەرە خاینەکانیان لە ئێران دەربکەن، بێئەوەی هیچ زیانێک بە کوردە ئاوارەکانی عێراقی بگات لە ئێران نیشتەجێن".**

زۆر مخابن لەو دۆخە هەستیارەی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای دەیان ساڵ شەوەزەنگ و دەسەلاتی دژ بە کوردی رژێمی دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا، دەرفەتێکی گەورە بۆ کورد هەڵکەوت هەوایەکی ئازاد هەڵمژی لە باتی ئەوەی دەستەی نوێنەرێتیی کورد، بکەونەخۆ، لە ڕێگەی کۆبوونەوەی جەماوەرییەوە لە شارەکان نەتەوەی کورد بەرامبەر مافەکانی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی هۆشیاربکەنەوە، لە گەڵ سەرکردەیەتیی "قیادە موقت" و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان کۆببنەوە و تکا و داوایان لێبکەن، واز لە کێشە و ناکۆکیی نێوانیان بهێنن و، پێکەوە هاوکار و

یارمەتیدەربن بۆ سەرخستنی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەریش ئامادەنین ئاشت ببنەوە و، بەردەوامن لە ناکۆکی و شەڕی "براکوژیی"، کێشەکەیان بەرنەوە بۆ ئەودیو و رۆژهەڵاتی کوردستان نەکەنە قوربانی شەڕ و ناکۆکیی نێوانیان! لێ هەر لە یەکەم رۆژەکانی دوای رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا سەرۆکی حیزبەکانی رۆژهەڵات و زۆرینەی کەسایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتنە ژێر کاریگەریی نەخشەی تالەبانی و، زۆر دوژمنکارانە بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی و هۆزی بارزان و لایەنگرانیان هەڵوێستیان گرت، رژێمی تازە دامەزراوی ئیسلامیی ئێرانیش، سودی لەو ناکۆکییە وەرگرت و، زۆری پێنەچوو سەرتاسەری رۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەری نێوخۆیی و سەدان پێشمەرگەی رۆژهەڵات لە هێرشی هاوبەشی سوپای پاسداران و قیادە موقت تێداچوون و چەندین نێوچەی رۆژهەڵات کەوتەوە دەستی رژێمی ئێران.

وەک ئاماژەمداپێی، جەلال تالەبانی هەر بە کارکردنە سەر "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" لە دژی "قیادە موقت" وازینەهێنا و، لە ئاستی ئێرانیشدا، جگە لە ناردنی نامە بۆ خومەینی و سەرکۆمار "ئەولەسەن بەنیسەدر" توانی لە ڕێگەی سەلاح موهتەدی و سەرکردەیەتیی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" پێوەندیی بگرن بە رێکخراوەی سیاسی و فەرهەنگیی سەر بە گەلانی ئێرانەوە، بۆ ئەوەی لەئاستێکی بەربلاوتردا پرسی "قیادە

موقت" بەرەورووی کاربەدەستانی کۆماری تازەدامەزراوی ئیسلامیی بکەنەوە. ئەوە بوو لە ڕۆژانی 20/7/1979 -18 لە سەر بانگهێشتی "بەرەی ناسیۆناڵی ئێران" (جبهه دمکراتیک ملی ایران) ، کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی (کۆنفرانسی یەکێتیی گەلانی ئێران) لە شاری تاران بەسترا. لە کۆنفرانسەکەدا ئەم لایەنانە بەشداربوون: نوێنەری شێخ عێزەدینی حسێنی، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆڕی هاوئاهەنگیی کۆمەڵەکانی ئێران، کۆڕی هاوئاهەنگیی کۆمەڵەکانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران (بەڕێوەبەرەکەی مافناس ومافزانی ناسراوی کورد دوکتۆر سارمەدینی سادقوەزیری بوو)، ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران (لقی کوردستان)، کانوون فەرهەنگیی خەڵکی عەرەب، ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی گەلی بەلووچستان، گرووپی لێکۆڵینەوەی پرسی ئازەربایجان.

کۆنفرانسەکە چەن مادەیەکی پەسندکرد و، مادەی (6)ی تایبەت بوو بە داوای دەرکردنی قیادە موقت لە ئێران. دەقی نامەکە بەمجۆرە بوو: "ئێمە ئەم لایەیانەی خوارەوە کە ئەم نامەیەمان واژۆکردووە، داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی دەکەین و پێ لەسەر ئەوە دادەگرین، واز لە سیاسەتی نەرمونیانی بەرامبەر ڕێبەرانی ناپاکی "قیادە موقت" بهێنن و، دەسبەجێ داخوازیی گەلی کورد بهێننەدی "قیادە موقت" لە ئێران دەربکەن تا لەم ڕێگەیەوە یەکێک لە لایەنەکانی نائارامی و ئاژاوە لە کوردستاندا بکوژێتەوە. ئاشکرایە ئەم داوایە ئاوارە بێ پەناکانی کوردستانی عێراق ناگرێتەوە کە لە ئێران نیشتەجێن!". دەقی نامەکە ڕۆژی

**چوارشەممە** 25/7/1979 **لە رۆژنامەی "ئازادی"** (**ئۆرگانی جبهە دمکراتیک ملی ایران**) **ژمارە** 18، **لە لاپەڕەی** (1) **و**(4) **دا بڵاوکرایەوە.**

بەلام خومەینی و کاربەدەستانی رژێمەکەی ئەم نامە و هەولانەی جەلال تالەبانی و داخوازیی ڕێبەرانی کوردی رۆژهەڵاتیان بەهێند وەرنەگرت، چۆنکە دەیانزانی تالەبانی جگە لەوەی کۆمۆنیستە، هەروەها پێوەندییەکی نێزیکی لە گەل چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئێرانی و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا هەیە. لەبەر ئەوە ئامادە نەبوون بۆ خاتری تالەبانی، قیادە موقت لە ئێران دەربکەن. کاتێک تاڵەبانی دڵنیابوو ئێران قیادە موقت لە ئێران دەر ناکات، کەوتە دژایەتیکردنی رژێمی ئێران و، لە کاتی دەرکردنی فتواکەی خومەینیی لە دژی رۆژهەڵاتی کوردستان، پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی هاتن بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە ئەوکات رێکخراوەیەکی ساوا و هێزێکی بچووکی هەبوو، لە شارەکانی سەقز و مەریوان و بانە و سەردەشت لە چەندین شەڕی گەورەدا بەشدارییانکرد و، زیانی گەورەشیان لە هێزەکانی ئێران دا.

لە بەهاری ساڵی 1982 "بەها کرماشانی" (هەواڵێنێری رێکخراوەیەکی چەپی ئێرانی بەناوی اتحاد مبارزان کمونیست) لە خڕی نێوزەنگ وتووێژێکی لە گەڵ تالەبانی ئەنجامدا و، تالەبانی گوتی: **"ئێمە لە سەرەتای دامەزرانی یەکێتییەوە لە ساڵی 1975 پێوەندیمان لەگەڵ هەموو حیزبە شۆرشگێڕەکانی ئێران و کوردستانی ئێران**

**باشبووە و، ئێمە شۆرشی 1979 بە شۆرشی گەلانی ئێران دەزانین، نەک بە شۆرشی مەلاکان. ئەوانە، مەلاکان بەرە بەرە ڕێڕەوی شۆرشەکەیان گێڕ کرد و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر شۆرشدا قایم کرد... مەلاکان ئەوڕۆکە بوونەتە هێزی دژ بە گەل و دژ بە شۆرش ... دیارە هاوکاری و هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکان ڕەوشتی ئێمەیە. هاوبەشیکردنمان لەم جەنگەدا هۆیەکی دیکەشی هەیە حکوومەتی ئێران هەموو هێزە کۆنەپەرستەکانی کورد کە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و شا و مۆساد و ئیسرائیلەوە بەند بوون و، ئێستەش بەندن، چەکدار دەکا و هانیاندەدات دژی گەلی کورد بکەونە شەڕەوە. ئەمانە "قیادە موەقەت" کە دوژمنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و، شەرمان لە گەڵ دەکەن، ئێران ئەمانەی خستووەتە ژێر سایی خۆی و پشتیوانییان دەکا و دەیاننێرێ بۆ شەڕی ئێمە...".**

جەلال تالەبانی نەک هەر بەرامبەر (قیادە موەقەت)، بەڵکوو بەرامبەر هەموو حیزبەکانی دیکەی باشوری کوردستان کە دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول لە باشوور دامەزران و، ئەمانیش هەوڵیاندا لە ڕێگەی سووریا و ئێرانەوە، خۆیان بژێنن و لە کوردستاندا جەماوەرێ بۆ حیزبەکەیان پەیدابکەن، لای داگیرکەران کەوتە دووزمانیکردن و بۆ دڵنیاکردنی کاربەدەستانی سووریا کە خۆی و حیزبەکەی خزمەتکار و دڵسۆزی ڕاستینەی حافز ئەسەد و سووریان، کەسایەتیی خۆی تا ئاستی سیخۆڕێکی پلەنزم هێنایە خوارەوە بۆ ئەوەی ڕژێمی سووریا، یەکێتیی نیشتمانیی بە

نوێنەری باکووری عێراق بناسێ و، حیزبەکانی دیکەی باشووری کوردستان لە سووریا و لوبنان بکاتە دەرەوە.

**ڕێکەوتی 17/5/1983 تاڵەبانی، نامەی ژمارە (8/975) ینارد بۆ "حەسەن ئەلنەقیب" (سەرۆکی دەزگەی ئیستخباراتی سووریا) و لە نامەکەدا دەنووسێ: "برای بەڕێز دوای سڵاو، جەماعەتی "پاسۆک" کە لە بنچینەدا بەشێکن لە "کاژێک"ە ڕەگەزپەرستەکانی دژ بە نەتەوەی عەرەب، لە نامە نێوخۆیییەکانی خۆیاندا جنێوی ناشیرین و سووک بە سەرۆک حافز ئەسەد دەدەن کە ئەوڕۆکە لە لووتکەی هێزی بەرهەڵستی و خۆڕاگریی عەرەبیدایە و سەرۆکایەتیی جەنگی نەتەوەی سەربەرزی عەرەب دەکات لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. ناوی سەرۆکی گەورە حافز ئەسەد بە "حافز ئەلواوی" (حافزە ڕێوی) دێنن. ئەم هەموو جنێو و سووکایەتیپێکردنانە لە نامەکانی "ئازاد مستەفا" دا هەن و نامەکانی لای منن، ئامادەم وێنەی فۆتۆگرافیی نامەکانی ئازادت بۆ بنێرم کە تێیدا جنێو بە هەڤاڵ ئەسەد و هێزی پێشکەوتنخوازی عەرەب و سوپای سووریای قارەمان دەدات، کەچی ئێوە لە ڕێکەوتی 21/10/1982 نامەتان نووسیوە بۆی، بە برای بە نرخ و تێکۆشەری ڕاست ئازاد مستەفا نێوتان بردووە. هەروەها ڕێکەوتی 28/9/1982 نامەیەکی دیکەشتان ناردووە بۆی، بە برای بەڕێز ئازادی خۆشەویست نێویت بردووە".**

لە کۆتایی ساڵی 1982 کۆبوونەوەی نهێنی وشاراوە لە نێوان ڕژێمی بەعسیْ عێراق و سەرکردەیەتیی یەکیتی دەستیپێکرد. داوای ڕژێمی عێراق لە یەکێتیی ئەوەبوو، چەکووچۆڵ و پارەی ئەداتێ، بۆ لەنێوبردنی حیزبی شیووعی کە دوای شالاوەکانی بەعس بۆ

سەریان، سەدان ئەندامیان بەرەو کوردستان هەڵاتبوون و، هاتبوونە لای یەکێتیی لە خڕی نێوزەنگ بنکە و بارەگایان لێدابوو. خاڵێکی دیکە لە کۆبوونەوە نهێنییەکەی بەعس و یەکێتیی لە سەری رێککەوتبوون ئەوە بوو، گەر یەکیتیی لە هێرشەکەی بۆ سەر حیزبی شیووعی سەرکەوتووبێ، ئەوا رژێمی بەعس لە ڕووی چەکووچۆڵ و داراییەوە یارمەتیی تەواویدەکات بتوانێ هێزێک پێکبهێنێت ژمارەی بگاتە پەنجا هەزار (50000) پێشمەرگە و، پارێزگاریی لە سنوورەکانی کوردستان بکات لە بەرامبەر هێرشی ئێران و، دوژمنانی عێراق.

حیزبی شیوعی عێراقی و یەکێتیی نیشتمانیی کاتی رێککەوتنە نهێنییەکەی نێوان بەعس و یەکێتیی لە بەرەیەک بە ناوی "جوقد" (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية)، بوون و، لە شاری دیمەشقی سووریا ڕێکەوتی 2/11/1980 هاوپەیمانێتییەکیان واژۆکردبوو. شیووعییەکان دوای ماوەیەک بڕیاردەدەن لە خڕی نێوزەنگ بڕۆن و هاتنی سوپای پاسداران بۆ نێزیکی خڕی نێوزەنگ دەکەنە بیانوو بنکە و بارگەیان دەپێچنەوە و دەڕۆن بۆ گوندەکانی "قرناقا" و "پشتئاشان" لە قەندیل. لەوێ لە گەڵ پارتی دێمۆکراتی کوردستان بەرەیەکی تازە دروستدەکەن بە ناوی "جود"( (الجبهة الوطنية الديمقراطية)، ئەمەش بیانووی دایەدەستی جەلال تالەبانیی کە حیزبی شیووعی پاڵیداوە بە بنەماڵەی ئاشبەتاڵ و نۆکەری ئێران و زایۆنیزمەوە و چوونەتە قەندیل لە دژی ئێمە پیلاندەگێڕن. لەمەوە

نەخشەی تووناکردنی شیووعییەکانی عێراقی دارِشت. سەدان پێشمەرگەی یەکێتیی لە نێوچەکانی سلێمانی و هەولێر و گەرمیان و شارەزوور کۆکرانەوە بۆ هێرشکردنە سەر حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک. جەلال تالەبانی لە نێوزەنگ پێش هێرشکردنە سەر قەندیل لە کۆبوونەوەیەکی سەدان کەسیی پێشمەرگەدا، بە توندی هێرشیکردە سەر شیووعی و لە بەشێ لە قسەکانیدا گوتی:

"دەوری پاراستنی یەکیتی نیشتمانیی کوردستان دوای ئاشبەتالە ئابرووبەرەکەی بنەماڵەی بارزانیی ئاڵای کوردایەتی و شۆرشی بەرزکردەوە، نەیهێشت چیدی کوردستان لە ژێر چەکمەی فاشیستە داگیرکەرەکان و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و جاسووسانی "سیا" و "مووساد" و "ساواک" بمێنێ. ئەو تاقمە بەکرێگیراوەی بە ناوی حیزبی شیووعی عیراق لەگەڵ ئەو تاقمە جاسووسە یەکیانگرتووە بە خەیاڵی خاوی خۆیان بۆ لەنێوبردنی یەکێتیی نیشتمانیی، خەیاڵیان خاوە و بە ئاغا ئیمپریالیستەکانیشیان، بە ئاغا داگیرکەرەکانیشیان یەکیتی لەناو ناچێ. ئەوەی کە پێویستە نەختێ لەسەری برِۆین تاقمە تەحریفییەکەی کە بە کردەوە نۆکەری ئیمپریالیزمن و هێڵی بۆرژوازین لە نێو بزووتنەوەی شۆرشگێرِدا، هیچ رەفتاری شۆرشگێرانەیان نییە. تاقمێکن سەرەتاکانی مارکسیزم- لێنینیزم، سەرەتاکانی سۆسیالیزمیان پێشێلکردووە. لە کوشتنی دوو رۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان کاک سەرباز و کاکە شەماڵ دەستیانهەبوو. بەم رووە رەشەیانەوە گوایە دەیانەوێ یەکێتی نیشتمانیی لەناوبەرن. جا

**ئێمەش بۆ پاراستنی شۆرشەکەمان، پێویستە هیچ رەحمێک بە تەحریفییە خائین و دوژمن بە گەلەکەمان نەکەین...".**

**هەر لەم پێوەندەدا، نەوشیروان مستەفا لە پەرتۆکی "پەنجەکان یەکتری دەشکێنن" لاپەڕە (177) لە کۆپلەی خوارەوە هۆکاری قەلاچۆکردنی شیووعییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "لە گفتوگۆی دو قۆڵی ئێمە و "حشع" دا چەن جارێ زۆر بە وردی مەترسی یەکانی ئەو کارەمان بۆ رونکردنەوە و تێمان گەیاندن کە دامەزراندنی بەرەی دوەم نرخی بەرەی یەکەم ناهێڵێ. خۆ ئەگەر هەر سورن لەسەر رازی کردنی پارتی، لە باتی ئەوەی بەرەیەکی تازە دروست بکەن و، ناوی "بەرە" سوک بکەن، پەیمانێکی هاوکاری دو قۆڵی یان لە گەڵ ئیمزا بکەن و لە گەڵ لایەنەکانی جوقد خەریک بن، پارتی یش بە ئەندام قبوڵ بکەن. گوێیان بە قسەکانی ئێمە نەگرت. رۆژی 28ی تشرینی دوەمی 80 لە راژان بەیانی "الجبهە الوطنیە الدیمقراطیە"یان لەگەڵ پارتی و حسک ئیمزا کرد".**

**وەک دەبینین، سەرۆکایەتیی یەکێتیی رێیانداوە بەخۆیان، خۆیان بە دەمڕاست و ئاڵاهەڵگری رێبازی کۆمۆنیستی و، کوردایەتی و بەرەی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز بدەنە قەڵەم و لەو ئاست و پلەوە روانیویانەتە حیزبەکانی دیکەی عێراقی و کوردستانیی. مافی سەربەستیی سیاسییان بۆ حیزب و لایەنەکانی دی بەڕەوا نەزانیوە. حیزبی شێووعی عێراقی وەک ئاڵقەلەگوێی رژێمی سۆڤێت، چاولەڕێی باشبوونی پێوەندیی نێوان یەکێتیی سۆڤێت و عێراق بوو بەلایەوە گرنگنەبوو یەکێتی یان پارتی لە گەڵ**

کێ پێوەندییان هەیە و نییانە! حیزبی شیووعی لە عێراقدا نوێنەری باوەڕپێکراوی سۆڤێت بوو، خۆی بە هەڵگری ڕێبازی کۆمۆنیزمی ڕاستینە دەزانی لە عێراقدا، کەچی تالەبانی وەک پێشەوای کۆمۆنیزم و جێگری "لینین" دەئاخڤێ و دەڵێ: "**ئەوانە درۆدەکەن و لە ڕێبازی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لایانداوە و نۆکەری ئیمپریالیزمن و، دەبێ لەنێوببرێن...!!**". هاتوهاوار و هێڵی سۆر و سنووردانانیان بۆ حیزبەکانی دی، تەنێ لەبەر ناکۆکییان بوو لە گەڵ پارتی دیمۆکرات و بنەماڵەی بارزانیی. بەلای یەکێتییەوە گرنگ نەبوو لە گەڵ چ لایەن و داگیرکەرێ پێوەندیی دەگری، گرنگ ئەوە بوو دۆستی پارتی نەبی. دیارە پارتی دیمۆکراتیش هەر ئەم هەڵوێست و بۆچوونەی بەرامبەر یەکێتیی هەبوو، هەردوو لایان سێ ژەمە خوێنی یەکیان بخواردایەتەوە، تێرنەدەبون.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و یەکێتیی هاوپەیمانی یەکبوون، هاوکات کۆمەلەی زەحمەتکێشان و کۆمەلەی ڕەنجدەرانیش دەستەبرابوون. تالەبانی پێش هێرشکردنەسەر "حشع"، داوای یارمەتیی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە کرد هێز بنێرن بۆ پارێزگاریکردنی سەرکردەیەتی و بنکەکانی خڕینێوزەنگ چۆنکە هێزەکانی خۆیان بەرەو قەندیل دەچن. زیاتر لە دوو سەت پێشمەرگەی کۆمەڵە لە نێوچەکانی مەهاباد و سەقز و بۆکانەوە، گەیشتنە دۆڵی سوێنسنایەتی و خڕی نێوزەنگ، بوون بە هاوبەشی پیلانەکەی جەلال تالەبانی و نەوشیروان و یەکێتیی. لە ڕۆژی (1)

ی ئایاری بەهاری ساڵی 1983 پێشمەرگەی یەکێتیی بە فەرماندەیەتیی نەوشیروان مستەفا چوونە قەندیل 688 پێشمەرگە و ئەندامی سەرکردەیەتیی حیزبی شیوعی و دەیان پێشمەرگەی "حسک" و "حسیک"یانکوشت دەستیانگرت بەسەر چەک و کەلوپەل و پارە و ئەرشیڤ و بەڵگەنامەیان. بەر لە هێرشکردن بۆ سەر شیووعی نەوشیروان مستەفا بە بەرپرسانی شیووعی دەڵێ: **بۆ شەڕی حیزبی شیووعی نەهاتووین، هاتووین بۆ لێدانی "حسک" و "حسیک"!** بەڵام دوای گەمارۆدانیان لە 10ی بەیانییەوە بەهەموو جۆرە چەکێک دەسرێژیانلێدەکەن سەدان کەسیان لێدەکوژن. حەفتاوپێنج پێشمەرگە و ئەندامی شیووعی، زۆربەیان چەکیان پێ نابێ خۆیان تەسلیمدەکەن پێشمەرگەی کچ، و ژمارەیەک هاوژینی ئەندامانی سەرکردەیەتی و پێشمەرگەیان بەدیلدەگرن. دوای بێڕێزی و سووکایەتیپێکردنیان، بە فەرمانی نەوشیروان گوللەباراندەکرێن. سەید کاکە ئەندامی حیزبی شیووعی کە لەو کۆمەڵکوژییەدا رزگاریبووە، دەڵێ: **رۆژێ پێش هێرشەکەی یەکیتیی، سوپای عێراق بە خەستیی تۆپبارانی بنکەکانی هەر سێ حیزبەکەی کرد.** بە پێی لێکۆڵینەوە و بەدواچوونی حیزبی شیووعی لەبارەی نێوەرۆکی کارەساتەکەوە کردوویەتی، دەڵێ: **"پاداشی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە قەلاچۆکردنی شیووعییەکان "دوو" (2) ملیۆن دینار بوو. پاداشی یەکیتیش چەکوچۆڵ و فیشەک و جلوبەرگی گەرمی زستانە و خواردنی زۆر لەگەڵ (5) ملیۆن دینار.** دوای قەلاچۆکردنی شیووعییەکان، بۆ رژێمی بەعسیش

سەرکەوتنێکی گەورە بوو. چۆنکە لە هەموو عێراقدا شیووعییەکان لەڕووی ڕێکخستنەوە بۆ رژێمی سەدام ئۆپۆزسیۆنیکی زۆر بەهێزبوون. ئەوی لێرەدا جیی سەرنج و پرسیارە ئەوەیە کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەرامبەر ئەم پرسەدا بێدەنگیی هەڵبژاردووە تاکوو ئێستا هیچ لێدوانێکی نەداوە، ئایە دەستی هەبووە لەو تاوانەدا یان نا؟

دوای قەلاچۆکردنی شیووعییەکان، دەیان ئەندام و کادری یەکێتیی، وازیانهێنا و، نەیانویست لەنێو یەکێتیدا درێژە بەو شەرمەزارییە بدەن. بەڵام تالەبانی بێگوێدانە رەوشت و یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی و نەتەوەیی، هەوڵی لەنێوبردنی هەموو حیزبەکانی دیکەشیدا بۆ ئەوەی ببێت بە تاکە حیزب و تاکە سەرۆکی گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستان.

دوای نەهێشتنی شیووعییەکان، رژێمی بەعس، کاری بە یەکتیی نەما و، ئامادە نەبوو لەوە زیاتر باجی بداتێ. جەلال تالەبانیی لە رقی ئەم لالێنەکردنەوەی رژێمی عێراق لێی، درۆشمی ئۆتۆنۆمی گۆڕی بۆ درۆشمی "مافی چارەی خۆنووسین" لە 18/10/1983 راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە رژێمی عێراقی بە رژێمێکی داگیرکەر و فاشیست دانا و درۆشمی رووخانی رژێمی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق بەرزکردەوە. هێرشبردن و پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەر بنکە و پێگەکانی سوپای بەعس پەرەیسەند و شارۆچکەی "بێتواتە" بە فەرماندەیەتیی "مامەریشە"ی قارەمان و

هەمیشە زیندوو، لە گەڵ دەیان پێگەی سەربازیی لە ریزەچیای "دابان"ی "سەرگەڵوو" نێوچەکانی گەرمیان و شارباژێڕ، لەلایەن پێشمەرگەوە دەستیان بەسەرداگیرا. ژمارەی پێشمەرگە بوو بە هەزاران و لایەنگرانیشی دەیان هەزاری تێپەڕکرد. ئەمەش بە رادەیەکی زۆر بووە هۆی سەرقاڵکردنی سوپای عێراق بە شەڕی کوردستانەوە کە هاوکاتیشبوو لە گەڵ هێرشی فراوانی سوپای ئێران لە بەرەکانی جەنگی باشووری ئێران–عێراق و ئێران سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو، خۆرمشاری ئازاد کردبوو، پەڕیبووەوە بۆ شاری بەسرەی عێراق. لەمەوە رژێمی عێراق بە ناچاریی دەرگەی وتووێژی بەڕووی یەکێتییدا بکردەوە و، 20 رۆژێکی مابوو بە نەورۆز لە مانگی رەشەممەی ساڵی 1983 وتووێژ لە نێوان عێراق و یەکێتیی دەستیپێکرد. یەکێتیی بنکە و بارەگەیان لە دۆلەرووتە و پڵنگان و بناری چیاکانی کاردۆخەوە گواستنەوە بۆ دۆڵی مەرگە لە بناری ریزەچیای "ئاسۆس". سەددام حسێن نێزیکی پینجسەد دەمانچەی نارد بۆ یەکیتیی وەک دیاریی نەورۆز و، بەسەر بەرپرسان و فەماندەکاندا دابەشکرا. لە نەورۆزی 1984 سەرکردەیەتی و راگەیاندن و نەخۆشخانە و تیپی مووسیقا گوێزرایەوە بۆ شارەدێی "سووورداش" لە سەر رێگەی دووکان – سلێمانی هەڵکەوتووە، ئەمە لە کاتیکدا هێشتا هیچ ئەنجامێکی گفتوگۆ دیار نەبوو بە کوێ دەگات؟ بە پەلە ناوی دە (10000) پێشمەرگەیان دا بە رژێم بۆ ناردنی مووجەی مانگانە

بۆیان، پێش گفتوگۆ و له کاتی به هێزییەکەی یەکێتیدا ژمارەی پێشمەرگە گەیشتبووە نێزیکی چوارهەزار، رژێمی سەددام بێگوێدانە ئەو ژمارە زۆرە ناراستە،. هەموو رۆژێک، چەندین تەن برنج و فاسۆلیا و رۆن و ئارد و سەوزە و گۆشتی بۆ دەهەزار پێشمەرگە دەنارد.

تاڵەبانی هەر لە یەکەم رۆژانی دەستپێکردنی وتووێژەوە، وازی لە درۆشمی "مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد" هێنا و، گەڕایەوە سەر درۆشمی ئۆتۆنۆمی و پرۆژەیەکیاندا بە رژێمی بەعس لە بارەی نێوچەی ئۆتۆنۆمییەوە کە کەرکووکی تێدا نەبوو. سەرەتای هاوین هات، مامجەلال لە گەڵ هێرۆخان چوون بۆ بەغدا و، (45) رۆژ لە بەغدا مانەوە. ئەمەش ناڕەزایەتی لابەلای هێندێک بەرپرس و پێشمەرگەی لێکەوتەوە و، دەیانپرسیی: **"مامە سەرقاڵی وتووێژە، یان چووە بۆ مانگی هەنگوین!؟"**.

ئامانجی رژێمی بەعس لە کردنەوەی دەرگەی گفتوگۆ، لەبەر ئەوە بوو سوپای عێراق لە دوو بەرەدا دژی سوپای ئێران و پێشمەرگە شەڕیدەکرد، ئەمەش قوربانی و قورساییەکی زۆری خستبووە سەر سوپای عێراق. لەبەر ئەوە رژێمی سەدام ویستی بۆ ماوەیەک بەناوی وتووێژەوە تەقەی پێشمەرگە راگرێت و، گفتوگۆیەکی ساختەی لەگەڵ یەکێتیی خستەڕێ. بەڵام تاڵەبانی بێلێکدانەوەی بارودۆخەکە، لەبارەی هۆکاری وتووێژەکەیان لە گەڵ "میری!!"، وتارێکی نووسی کە مانگی جۆنی 1984 لە

ڕۆژنامەی "ڕێبازی نوێ"ی سەر بە یەکێتی و لە رادیۆی یەکێتیی بڵاوکرایەوە، ئامانجی خۆی و حیزبەکەی لە وتووێژکردن لە گەڵ بە وتەی خۆی (میری)، بەم وشانەی خوارەوە دەربڕی:

**''بڕیارماندا بکەوینە گفتوگۆ لە گەڵ میری و لەم کارەماندا ئەو مەرجانەمان ختستە بەرچاو، کە عێراق و کوردستان و نێوچەکە پێیدا تێدەپەڕن. پەلاماری ئێران هەڕەشەی داگیرکردنی نیشتمانەکەمان لێدەکات. هێندێک شۆڤێنی دەیانەوێ ئێمە دەست لەسەر دەست دانێین و بەرامبەر داگیرکردنی نیشتمان و یەکێتیی نیشتمانی عێراقمان بێدەنگ بین. ئەمە لە کاتێکدا رۆڵەکانی گەلەکەمان دەچنە سەنگەرەوە بۆ بەرگریی لە نیشتمان. بۆ هێزێکی جەماوەرانەی وەک ''ی.ن.ک.'' ناکرێ ڕێبدا بەوەی پیلانەکانی دوژمنانی گەلەکەمان زاڵ ببێ و، وای پێشانبدەن کە ئێمە دەست لەسەر دەست دەوەستین بەرامبەر بە داگیرکردنی نیشتمانەکەمان. لەبەر ئەوە پێشمەرگەی یەکێتیی ناتوانن خەنجەر بدەن لە پشتی لەشکری عێراق، لە کاتێکدا کە ئەم لەشکرە لەسەر سنوورەکانی عێراق بەرەنگاری پەلاماری داگیرکەران دەبێ. تەواوی ئەو حیزبە عێراقی و کوردییانەی چوونەتە ئێران و، لەوێوە دوژمنایەتیی لە گەل و نیشتمانی خۆیان عێراق دەکەن، ناپاکن. من عێراقییەکی نیشتمانپەروەرم و، نامەوێ وەک کوڕەکانی بارزانی بە تاوانی خیانەت و ناپاکیی لە نیشتمان، ناوم بچێتە مێژووەوە!''. مامجەلال لە**

بارەی سەددام حسێنیشەوە گوتی: **''سەرۆک لایەن نییە لە کێشەکە، بەلکوو نێوبژیوانە (حکم)ە.**

خوێنەرەوەی نیشتمانپەروەری کورد ئەم دێڕانە دەخوێنێتەوە، دەپرسێ: **دروشمی "مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد" لە کوێ و، پشتیوانیی لە سوپای عێراق و پارێزگاریکردن لە نیشتمانی عێراق لە کوێ؟؟ چلۆن کەسێک دەتوانێ ئیمڕۆ وەک نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد و کوردستان خۆی بناسێنێ و داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات بۆ گەلەکەی، سبەینێ ببێت بە عێراقییەکی نیشتمانپەروەر و، شەڕکردن لە گەڵ عێراقی داگیرکەر بە تاوان و خیانەت لە نیشتمان بداتە قەڵەم!؟**

لە مانگی جولای ساڵی 1984 لە شارەدێی "سووورداش"، پەیامنێری رۆژنامەی "ئەلتەلیعة العربیة" وتووێژی لەگەڵ تاڵەبانی ئەنجامدا. لێرەدا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوەی ئەم وتارە، بەشێک لە قسەکانی لە خوارەوە دەنووسمەوە. تالەبانی دەڵێ: **"رژێمی ئێران، رژێمێکی کۆنەپەرست و رەگەزپەرست و شیعەپەرستی فارسییە و رژێمێکی گەوج و نەزانە... هەموو سەرکەوتنیک کە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی عەرەبی بیگاتێ، سەرکەوتنە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی عەرەب بە گشتی و بە تایبەتیی بەرامبەر بە کورد و مافەکانی، پێشکەوتنخوازانەیە... هێنانەدی ئاواتەکانی کورد لەژێر سایی نەتەوەی عەرەبدا نەبێ نایەتەدی. عەرەب لە هەموو لایەک نێزیکترن بە کورد و، عەرەبیش لە هەموو لایەکی دی لە دۆزی کورد چاکتر تێدەگەن... لە بارەی پێوەندیمان بە تاقمی مەسعوود و ئیدریس بارزانییەوە خراپە و نیشە، بە هۆی پێوەندییان بە ئەمریکا و ئینگلیز و دەسگەی مۆسادی زایۆنیزمەوە. ئێستەش خاڵی بنچینەیی ناکۆکیمان لە گەڵیان ئەوەیە ئەم تاقمە**

پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە. پێوەندیی ئەمانە لە گەڵ ئێران لە شێوەی "رەدووکەوتن" دایە. پێوەندیی نێوان تاقمی مەسعوود و ئیدریس بارزانیی لە گەڵ سوپای پاسدارانی خومەینی و هێزە ئێرانییەکان لەسەر بنچینەی "رەدووکەتن" دامەزراوە...".

لێرەدا خوێنەرەوە دەتوانی جارێکیتر چاو بە دەقی قسەکانی برایم ئەحمەد بخشێنێتەوە لەو وتووێژە تەلەفزیۆنییەی بە هاوبەشییی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە ساڵی 1958 بەرامبەر نەتەوەی عەرەب دەریبڕیوە، رێک و راست هەر ئەو قسانەیە جەلال تالەبانی دوای تێپەڕبوونی 26 ساڵ بەرامبەر نەتەوەی عەرەب دەیڵێتەوە!

تەقەوەستانی پێشمەرگە و گفتوگۆی نێوان رژێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ماوەی ساڵێک، کات و دەرفەتێکی باشبوو بۆ سوپای عێراق بەشێکی زۆری هێزەکانی لە کوردستانەوە رەوانەی بەرەکانی شەڕی ئێران بکا و، دوای راماڵدانی سوپای ئێران لە "بەسرە" و "فاو" و "مەجنوون" و، خنکاندنی هەزاران سەربازی ئێرانی بە گازی کیمیایی و لەنێو زەلکاوەکانی باشووری عێراق و، دوای ئەوەی بە رادەیەکی زۆر هەڕەشەی ئێرانیان لەسەر خۆیان کەمکردەوە، ئەوجا کۆتاییان بە وتووێژەکە هێنا و، لە دواکۆبوونەوەی نێوان نەوشیروان مستەفا و شاندێکی پلەنزمی عێراقی کە لە گوندی "بنگرد"ی دۆڵی "مەرگە"ی سەر بە شارۆچکەی "دووکان" بەڕێوەچوو، هەردوولا هەڕەشەیان

لەیەککرد. نوێنەرەکەی سەددام گوتی: "شەڕ بکەنەوە، بە شاخ و دۆڵی کوردستانەوە دەتانسووتێنین. نەوشیروان مستەفاش هەڕەشەی هێنانی سوپای پاسدارانی ئێرانی کرد بۆ شاری کەرکووک". زۆرینەبرد هەردوولایان بەڵێنەکەی خۆیان هێنایەدی. نێوچەکانی ژێردەستی یەکیتیی بەچڕی و لە رۆژێکدا چەندینجار کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکە و تۆپی عێراق و دەسپێکردنی کیمیابارانی سەر هێزەکانی یەکێتیی و بە هۆی کەمیی فیشەک و پێداویستیی دەرمانی و بریندار و خواردن و دابینکردنی پشتبەرەیەک کە سەرکردەیەتی و بەرپرسان و ژن و منداڵیان پارێزراوبن، جەلال تالەبانی بە ملکەچی و بە دەستی بەتاڵەوە دیسان روویکردەوە رژێمی خومەینیی.

رژێمی ئێران ماوەی ساڵێک وەرامی یەکێتیی نەدایەوە بۆ ئەوەی لە ژێر گوشاری سوپای عێراق تەنگەتاو بێ و ناچار بێت داخوازییەکانی ئێران قبوڵ بکات. لە سەرەتای مانگی رەشەممەی 1986 تاڵەبانی لەلایەن هاشمی رەفسەنجانی سەرکۆماری ئەوکاتی ئێران بانگێشتکرا و چووە تاران و، بە پێچەوانەی وتەکانی پێشووی خۆی لە "سووورداش" کردبوونی، چووە خزمەتی رژێمی کۆنەپەرست و شیعەپەرست و گەوج و نەزانی ئێران بۆ سواڵکردن و دەستپانکردنەوە لێی، ئامادەشبوو لە پشتەوە خەنجەر لە پشتی سوپای عێراق بدا!! لەوەش خراپتریان پێکرد و دەستیانخستە نێو دەستی ئیدریس بارزانی کە دەیان ساڵ باوکی و بنەماڵەیانی بە

دەسکەلای ئینگلیز و ئەمریکا و زایۆنیزم و میتی ترک لە قەڵەمدەدا، دەستی لە ملی ئیدریس کرد و، بەڕووی گەش و پێکەنینەوە وەک برا و هاوڕێی کۆن، لە ئامێزیگرت!!

رژێمی ئێران بەو دیدارەی تالەبانی و ئیدریس بارزانیی بیرۆکە و نەخشەکەی هێنایەبوون، بە بەشداریی پارتی و یەکێتی و هەموو حیزبەکوردییەکانی باشووری کوردستان، لە ڕۆژی 7/11/1986 "بەرەی کوردستانیی" پێکهێنا، بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕێگەی ئەم بەرەیەوە قورسایی هێرشی سوپای عێراق لە سەر بەرەی خۆزستان کەمکاتەوە و بەرەیەکی تازەی شەڕ لە کوردستان بکاتەوە. ئیدریس بارزانی و تالەبانی دوای کۆبوونەوەکە راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، زۆر سوپاسی کۆماری ئیسلامییان کرد بۆ مێوانداری و دڵسۆزینواندنی بەرامبەر کورد و گەلی عێراق هەیەتی. هەر لە درێژەی ئەم دیدار و کۆبوونەوەیەدا، رژێمی ئێران بۆ قایمکردنی پێگە و جێ و ڕێی خۆی لە داهاتووی عێراق، رێکەوتی 24/12/1986 کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی دیکەی پێکهێنا بە بەشداریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی بەعسی عێراق (سەربە ڕێبازی سووریا)، حیزبی سوسیالیستی کورستان و، حیزبی ئۆممەی عێراق، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان. کۆبوونەوەکە (17) مادەی پەسندکرد و، لە پێوەندیی لە گەڵ کورد لە عێراقدا، بە تێکرای دەنگ پەسندکرا: "دوای رووخانی رژێمی سەدام، مافەکانی کوردی ئاوارە لە نێو یەکێتیی نیشتمانیی عێراقدا بهێنرێنەدی!". لە مادەیەکی دیکە بەتێکڕای دەنگ پەسندکرا: "هەموویان جەخت لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن".

پێکهێنانی ئەو "زرەبەرەی کوردستانی"یە، هەر زوو خێروبێری بارییی بەسەر نەتەوەی کورددا و، دوای گرتنی شاری هەڵەبجە لە ڕۆژی 13/3/1988 لەلایەن پێشمەرگە و سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، میدیاکانی ئێران بە هەراوهۆریای زۆرەوە وەک سەرکەوتنێکی گەورەی سوپای ئیسلام لە قەڵەمیاندا و، فیلمی هێزەکانی ئێرانیان لە هەڵەبجە بڵاوکردەوە، بەڵام هەرزوو سوپای ئێران لە هەڵەبجە کشانەوە چۆنکە دڵنیابوون لەوەی شارەکە لەلایەن عێراقەوە کیمیاباراندەکرێ. خەڵکی هەڵەبجەش دڵنیابوون لە هێرشی فڕۆکەی عێراق بۆ سەر هەڵەبجە و زۆربەیان هەوڵیاندا لە شار دەربچن، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتییەوە ڕێیانلێگیرا و، بە خەڵکیان ڕاگەیاند، شار ڕزگارکراوە و لە دەستی خۆماندایە دەتانپارێزین! لە ڕۆژی 16/3/1988 فڕۆکەی عێراقی بۆمبابارانی کیمیایی شارەکەیان کرد هەزاران کەس تێداچوون و پاسدارانی ئیسلام گەڕانەوە نێو شاری هەڵەبجە کەوتنە پشکنینی نێوماڵان و بڕینی گیرفانی ژار دەرخواردراوەکان و کۆکردنەوەی خشڵ و زیو و زێڕ و بڕینەوەی دەستی کچان و ژنان بۆ دەرهێننانی خرخاڵ و ئەنگوستیلەی دەستیان و دەستدرێژیکردنە سەریان.

تاکوو ئیمڕۆ هێشتا ژمارەی تەواوی قوربانییەکان نازانرێ و، ژمارەی (5000) کوژراو لەلایەن ئێرانەوە سەرژمێرییکرا کە دوای کیمیابارانکردنەکە گەڕانەوە نێو شار، بەلام هەزاران برینداریتر ژمارەی تەواویان نازانرێ کە بەرەو سلێمانی و دەروبەری هەڵاتن

و، لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە هەموویان لە نەخۆشخانەکان ڕاپێچکران تێکەڵ بە شاڵاوەکانی ئەنفال کران و بێسەروشوێنیان کردن بۆ ئەوەی تاوانەکە لە چاو خەڵک و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بشارنەوە.

جیا لە هاوکاریی نێوان پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی و سوپای پاسدارانی ئێران بۆ گرتنی هەڵەبجە، هەروەها لە گەڵ سوپای پاسداران لە دوو قۆڵەوە بەرەو "نەوسوود" و "دەرەتفێ" و "شێخان" و "پەروینی" هێرشیانبرد کە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لێبوون، قۆلەکەی دیکەش بەرەو بنکەکانی "گوردانی شوان"ی کۆمەلەی زەحمەتکێشان لە "بیارە" و ئۆردووگای "سیروان" چوون. لە ئەنجامدا دەیان پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان تێداچوون، یان لە گەڵ ژن و منداڵەکانیان بە دیلی کەوتنە دەستی سوپای پاسداران. دیلەکانی حیزبی دێمۆکراتیان برد بۆ شاری پاوە و دواتر گوێزرانەوە بۆ بەندیخانەی "دیزڵ ئاباد"ی کرماشان. پیاوەکان لە سێدارەدران ژنەکانیشیان لەزیندان هێشتەوە بۆ دەستدرێژیکردنە سەریان. دیلەکانی سەر بە کۆمەلەش، لە شاری سنە لە سێدارەدران. لەو هێرشانەدا بەشێک لە فەرماندەکانی یەکیتیی نیشتمانیی وەک "شەوکەتی حاجی موشیر" و، "قالە کۆکەیی" و "حەمەی حاجی غالب"، ڕۆڵێکی زۆر نامرۆڤانە و نانەتەوەییانەیان گێڕا!

با بگەڕێینەوە بۆ لای "بەرەی کوردستانی" و جەلال تالەبانی، بزانین دوای ئەم کردەوە قیزەونانەی پاسدارانی ئێران لە هەڵەبجە کردیان، کاردانەوەیان بەرامبەریان چی بوو!؟

کاتێک جەلال تالەبانی و نەوشیروان مستەفا و سەرکردەیەتیی یەکێتیی بە راوڕووت و کردەوەی دزێو و نامرۆڤانەی پاسدارانی ئێرانیان زانی بەرامبەر خەڵکی بە کۆمەڵسووتای نیشتمانەکەیان کردوویانە، خۆیان پێڕانەگیرا و ئەندامێکی دێرینی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی "دوکتۆر کەمال شاکر"یان راسپارد و دوو لۆری و چەند پێشمەرگەی جێمتمانەیان دایەدەستی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی نێوماڵی دانیشتووانی هەڵەبجە و باری هەر لۆرییەک بەرن بۆ ماڵی ئەندامێکی سەرکردەیەتیی. کەماڵ شاکر خەڵکی هەڵەبجە بوو، دوکتۆر نەبوو، لە شۆرشی ئەیلوولدا خولێکی چارەسەری سەرەتایی پزیشکیی دیبوو، لەمەوە بە دوکتۆر کەمال دەناسرا. سەرۆکایەتیی یەکیتیی روویانکردبووە گوندی "مەزرە" و گوندەکانی دیکەی نێوچەی "سوێسنایەتی" سەر بە شاری سەردەشت. لەنێو بەرپرساندا تەنێ "بەکری حاجی سەفەر" ئامادە نەبوو باری لۆرییەکە وەرگرێ، گوتبووی بۆ ماڵی منی مەهێنن، نامەوێ!. لەکاتێکدا بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی بەرپرسانی یەکیتیی، لەگەڵ ژن و مندالەکانی ژیانێکی ناخۆش و هەژارانەی بوو. (**بەکری حاجی سەفەر، لە ئەندامانی کۆمەڵەی مارکسی – لێنینی و دواتر کۆمەلەی**

**ڕەنجدەران و لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی یەکێتی و یەکەم ئامێرهەڕێمی سلێمانی بوو، دوای کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لەگەڵ سەدان بنەماڵەی کوردی دیکە بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵاتن و، لە شاری سەقز نیشتەجێبوون).**

دوای هێنانی چەن لۆرییەک بۆ ماڵانی سەرکردەیەتیی، لۆرییەک بە بارەوە لەلایەن ئەو دەستە پێشمەرگەوە بێسەروشوێنکرا و لووشدرا. سەرکردەیەتیی یەکێتیی بەم نافەرمانییەیان زانی و، نەوشیروان مستەفا بانگێشتی (کەمال شاکر)ی کرد بچێ بۆ گوندی "مەزرە". ئەویش پرسوراوێژ بە دوو هاوڕێی نێزیکیدەکا و، دەڵێن پێی: "مەڕۆ، وەک "وریا" چلۆن لە گوندی "هەڵەدن" بە تەور کوژرا، تۆیش ئاوا دەکوژن، بۆ ئەوەی سرِی ئەم دزی و تاوانە ئاشکرا نەبێت!" کەمال شاکر لە ترسی کوشتنی نەیوێرا بچێ و، وازی لە یەکیتیی هێنا و لە شاری سنە خۆی شاردەوە. دوای ئەم ڕووداوە بەشێک لە پێشمەرگەکان زانییان و لەم تالانییەی ماڵانی هەڵەبجە کە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە ڕاستەوخۆ پلانی بۆ دانراوە، بێزار و تووڕە بوون. سەرۆکایەتیی یەکێتیش لە وەرامیاندا گوتی: "**ماڵی ئەو کەسانە هێنراون کە سەر بە ڕژێمی بەعس بوون و، جاش بوون!!!**". بە کورتی، لە ماوەی چەن ڕۆژدا، کەلوپەلی بەتالانبراوی ماڵانی هەڵەبجە، گەیشتنە بازاڕی شارەکانی ڕۆژهەڵات و، تارانی پێتەختی ئێران.

لە مانگەکانی کۆتایی جەنگی ئێران-عێراق کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر

جەنگەکەدا خۆیان بە دۆڕاوی شەڕ زانی، چۆنکە سوپای پڕچەک و پۆشتەی عێراق دوای (8) ساڵ جەنگ لە هەموو بەرەکاندا لە پێشڕەویکردندا بوو، کاربەدەستانی رژێمی ئیسلامیی تکایان لە ئایەتۆڵڵا خومەینیی کرد رازیبێ بە وەستانی شەڕ و راگەیاندنی "ئاگربەس". ئەوە بوو خومەینی لە ڕۆژی 18/7/1988 پەیامێکی بلاوکردەوە و تێیدا راگرتنی جەنگی لە گەڵ عێراق بە خواردنەوەی "پیالەیەکی پڕ لە ژەهر" شوبهاند و، گوتی: **بۆ راگرتنی کۆماری ئیسلامیی ئەوا پیالە ژەهرەکە دەخۆمەوە!** کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی پێشوازیی لە بڕیارەکەی ئێران کرد. ئێران و عێراق لە سەر چەند خاڵێک رێککەوتن، لەوانە گۆڕینەوەی دیلەکان، ئامادەکردنی پەیماننامەی ئاشتی و، گەڕانەوە بۆ سەر سنوورەکانی هەر دوو وڵات. سوپای عێراق لە هەموو ئەو نێوچانەی ئێران کشایەوە داگیریکردبوون. ئەوی لەم نێوەدا کاتی جەنگ بوو بە سووتەمەنی و، دوای کۆتاییهاتنی جەنگیش وەک شۆرشەکەی ئەیلوول چ نرخ و بایەخێکی بۆ دانەنرا کوردەکە بوو. دیسان پشتگوێخرایەوە و، حسێبی پووشێک بۆ تووناکردن و ئەنفالی نەکرا. بۆ ولاتانی رۆژاواش جەنگی (8) ساڵەی کەنداو کۆتاییپێهات و، ئەوی لە ڕووی سیاسی و بەرژەوەندیی ئابوورییەوە لە نێوچەکە مەبەستیانبوو، پێیگەیشتن.

لە ماوەی دوو بۆ سێ مانگ دوای رێککەوتنی نێوان عێراق-ئێران پێشمەرگەی یەکێتیی لە هەزارانەوە هاتە سەر سەت بۆ سەت

و پەنجا کەس کە ئەمانەش زۆربەیان ئەندامی سەرکردەیتی و بەرپرس و فەرماندە بوون، بە ژن و منداڵیانەوە بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوون. هێزی پێشمەرگە زۆرینەی لە دۆڵی "دزڵی" هەورامان و مەریوان و هەروەها لە گۆندەکانی "بلەکێ" و "چەمپاراو"ی سەر بە شاری بانە، لە نێوان سنووری رۆژهەڵات و باشوور بنکەیان بۆ سازکرابوو. سەدان پێشمەرگە وازیانهێنابوو لە گەڵ بنەماڵەکانیان لە شاری سەقز نیشتەجێکرابوون. دوای سێ مانگ، ئێران مووچەی مانگانەی لێبڕین. بێپارەی و نەبوونیی تەنگی پێهەڵچنین. سەرکردەیەتیی یەکێتیی هەموو ئەندام و پێشمەرگەی ئاگادارکرد ئەوانەی وا لەلایەن عێراقەوە مەترسیی گرتن و کوشتنیان لەسەر نییە، دەتوانن خۆیان تەسلیم کەنەوە. بەشێکیان ژیانی تفت و تاڵ و برسێتیی ژن و منداڵ ناچاریکردن، بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە بگەڕێنەوە لەگەڵ خۆتەسلیمکردنیان، لەلایەن سوپای عێراقەوە تێکەڵ بە شاڵاوەکانی ئەنفال کران و بێسەروشوێنکران. بەرپرسان و ئەندامانی سەرکردەیەتیش بەرەو وڵاتانی ئۆرووپا و ئەمریکا کۆچیانکرد سەدان پێشمەرگە بە بنەماڵەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە خۆیانگەیاندە ترکیا، بەو هیوایەی بگەنە یەکێک لە وڵاتانی ئۆرووپا.

بە کورتیی، هەرەسێکی دیکە بە سەر بزووتنەوەی کورد هات، بەڵام ئەمجارەیان شای ئێران و ئەمریکا و سۆڤیێت و پیلان و رێککەوتنێکی وەک جەزایر لە ئارادا نەبوو، حیزبە کوردییەکان

تێکرا، بە دەستی خۆیان عێراق و ئێرانیان هێنایە سەر کوردستان و شاروگوندەکانیان پێ قەڵاچۆ و کاولکرد و، بۆی هەڵاتن. ئەوجا تالەبانی گەیشتە لەندەن و، لە بریتانیاوە وەک سەرۆک و دەمڕاستی گەلی کورد خۆی پێشاندا و لە وتووێژێکدا کە پەیامنێری رۆژنامەی "LE MONDE"ی فەرەنسا لە رۆژی 19ی مارچی 1988 کردی لە گەڵی، فەرمووی: **"رژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی** 1963 **وە هەوڵی نەهێشتنی کورد دەدات!!"**.

سیاسەتی گەوجانەی رژێمی سەدام لە داگیرکردنی کوێت رێکەوتی 2ی ئەگۆستی 1990، کە بە پلانێکی زیرەکانەی ئەمریکا بۆ لەداوخستنی سەددام و رژێمەکەی رێی بۆ خۆشکرد بیانووی دایەدەستی رۆژاواوە کە دوای لاوازکردنی رژێمی خومەینەیی، لە دەسەڵات و هێزی سەدام و سوپا یەک ملیۆنییەکەی کەم بکەنەوە کە ببوو بە بەهێزترین هێزی سەربازیی لە خۆرهەڵاتی ناڤین. ئەوەبوو چەند مانگ دوای داگیرکردنی کوێت بە بڕیاری کۆمەڵگەی نێودەولەتیی، سوپای (32) ولاتی دنیا بە فەرماندەیەتیی ئەمریکا لە ڕۆژی 16/10/1991 سەرتاسەری عێراقیان کردە ئامانج و لە ماوەی 42 رۆژدا، 60624 تەن بۆمبایان رژاند بەسەر عێراقدا و ژێرخانی ئابووری و نەوت و پاڵاوگە و پێگەی گرنگی سەربازیی عێراقیان بەتەواوەتیی تێکشکاند. جیا لە کوژرانی سەت هەزار سەرباز و لەنێوبردنی 4000 تانک و 1800 فڕۆکەی جەنگی و 150 پاپۆڕی جەنگیی هەروەها وەک "سوڵحی عەشایری" لای

خۆمان، خوێن بە بەخشینی "کچ" قەرەبوو دەکەنەوە، سەدام حسێنیش، بە "نوکرتم و چاکرتم و مخلصتم"ی فارسە ئێرانییەکان، باوەڕپەهێنا و، 146 فرۆکەی مەدەنی و جەنگیی نارد بۆ ئێران هەڵیگرن و دوای جەنگ بیدەنەوەپێی. ئێرانیش لە گەڵ فڕۆکەکان گەیشتە دەستی، دەستیکرد بە رەنگکردنیان و وەک باڵندەی "حەوت رەنگیلە"یلێکردن و خستنیە خزمەتی سوپا و وڵاتییەوە.

جا ئەم شکانە گەورەی لە جەنگی کەنداو بەسەر عێراقدا هات، جگە لەوەی کارەساتی زۆر گەورەی ئابووری و مرۆڤیی لێکەوتەوە، هاوکات لە باشووری کوردستانیش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەدوایخۆیدا هێنا ئەویش راپەڕینی باشووری کوردستان بوو لە بەهاری ساڵی 1991 و، دوای پتر لە 70 ساڵ شاری کەرکووک کەوتەوە دەستی کورد و، ئەمەش ناڕەزایەتیی ولاتانی عەرەب و ترکیا و عەرەبی نێوخۆی عێراقی لێکەوتەوە و "بووش"ی باوک سەرکۆماری ئەمریکا، چرای کەسکی هەڵکرد بۆ سەدام، کوردستان و خوارووی عێراق داگیربکاتەوە. لەمەوە کۆچوڕەوی بە کۆمەڵی دانیشتووانی باشووری کوردستان لە ترسی ئەنفالێکی دیکە روویدا و بە تێکرا زێد و شاری خۆیان جێهێڵا و رێی دەشت و چۆڵەوانی و شاخ و سەرسنوورە دەستکردەکانیان گرتەبەر. بڵاوبوونەوەی دیمەنی ملیۆنان ژن و منداڵ و پیرولاوی کورد بە پێی پەتی و لەنێو قوروچڵپاو و بەفر و سەرماوسۆڵەی داوێنی شاخاندا، شەپۆلێکی گەورەی خێرخوازی و

هەستی مرۆڤدۆستانەی لەنێو وڵاتانی دنیای ئازاد بۆ پشتگیریی لە کورد خستەڕێ. چەندین کۆنسێرتی گەورە بە بەشداریی هونەرمەندانی گەورەی ئەورووپا و ئەمریکا بەڕێوە چوون. یارمەتی دارایی و دەرمانی و خواردەمەنیی لەلایەن کۆڕ و کۆمەلەی مرۆڤی و نێونەتەوەییەوە گەیەندرانە لێقەوماوانی کورد. دیمەنی خستنەخوارەوەی خوارەمەنی بە فڕۆکە دڵی هەر مرۆڤێکی خاوەنویژدان و خاوەنهەستی ئەم دنیایەی هەژاند. سەرەتا ولاتی فەرەنسا، ئەوجا وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دواتر ئەمریکا رازیبوون پارێزگاری لە کورد بکەن. بڕیاری ژمارە (688) یاندەرکرد بۆ پارێزگاریکردن لە کورد و لە سەرووی هێڵی 36 "هەرێمی ئاسایش"یاندامەزراند، بەبێ کەرکووک و خانەقین و دابڕانی 40%ی خاکی باشوور لە "هەرێمی ئاسایش". سەرەڕای ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی کوردا، بەشێکی نیشتمانەکەی لە ژێردەسەلاتی داگیرکەری بەشێکی کوردستان جیابکرێتەوە و، لەلایەن ولاتانی زلهێزی دنیاوە پارێزگاری لێبکرێت. ئەمە گیان و رۆحێکی تازەی کردەوە بە جەستەی بێ گیان و بێهیوای کورد دا و، لەوپەڕی ناهومێدیدا، ترووسکایەکی بۆ پەیدابوو. بەڵام ئا لەم ساتەهەستیار و مێژووییەدا کە هەموو دنیا هاوسۆزیی خۆی بۆ کورد پیشاندەدا، جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و تێکرای سەرانی بەرەی کوردستانییەکەی دەسکردی ئێران، لەباتی ئەوەی ئەم هەلە زێڕینە بقۆزنەوە و پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکوومەتێکی

کاتی، بە وڵاتانی رۆژاوا و زلهێزەکانی بڵێن، دوای سەت ساڵ جێنۆسایدی خاک و رەگەز و کانزا و کۆڕەوی چەندین جارەی کورد، ئامادەنین جارێکیتر بچنەوە ژێر دەسەلاتی عەرەب و، داوا لە زلهێزەکان و کۆمەڵەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بکەن سەرپەرشتیی رێفراندۆمێک بکەن لە نێوچەی "هەرێمی ئاسایش" و ئەو نێوچانەی دیکەی کوردستان کە لە ژێردەستی رژێمی بەعسدایە، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆیبدات. ئەگەریش هەر ئەمەیاننەکرد، ئەوا داوابکەن کوردستان راستەوخۆ بخرێتە ژێر سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، تا ئەو کات راپرسییەک لە کوردستان ئەنجامدەدرێت. لێ بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە نەک هەر ئەمەیاننەکرد بەڵکوو بە پەلە خۆیانگەیاندە بەغدا و تالەبانیی لە پێشی هەمووان، دەستی لە ملی سەدام کرد و روخسار و قەپۆزی ئەو گەورە کوردخۆر و خوێنرێژەی مێژووی مرۆڤایەتیی بە ماچ و لیکی دەمی خووساند. ئەوجا فیلمی کۆبوونەوەکەیان لە میدیای رژێمی بەعس بڵاوکرایەوە، "عێزەت دووری" جێگری سەدام لە نێوەڕاست، لە پلەی سەرۆکی کۆبوونەوە و، نوێنەری هەموو حیزبە کوردییەکانیش بەرامبەر یەک دانیشتوون، جەلال تالەبانییش لە تەنیشتی عێزەت دوورییەوە دانیشتووە، کاغەز و قەڵەمی لەبەردەستە و شتدەنووسێ و، بۆ خولەکێکیش لە پێکەنین ناوەستێ! مەسعوود بارزانی، سامی عەبدولرەحمان، دوکتۆر مەحموود عوسمان و نەوشیروان و ئەوانیتریش، روخساریان

شادیی لێدەباریێ! بینینی فیلمەکە بەهیچ لەونێک لە فیلمی ژمارەیەک سەرکردە ناچێ دوای سەتساڵ جێنۆسایدی خاک و رەگەز و کانزا و فەرهەنگ و سووکایەتیی بێئەژمار، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەیان چووبێتن. بەڵکوو لە دیمەنی سەردانی پۆلێک هاورێ دەچوو دوای ماوەیەکی زۆر بەدیداری خۆشەویستێکیان شاد بوونەتەوە. ئەم دیمانە قیزەونە نەک هەر کوردی لای دنیای دەرەوە بێهیوا و شەرمەزارکرد، بەڵکوو لە دنیای دەرەوەشی گەیاند کە سەرکردەکانی کورد لە بارودۆخی تازەی دنیا و نێوچەکە تێنەگەیشتوون و سەرەڕای لێدانی عێراق لەلایەن زلهێزەکانەوە، ئێستاش باوەڕیانوایە داخوازی و کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە لە "ئۆتۆنۆمییی" زیاتر نییە، لای سەدام و لە بەغدایە!!

جەلال تالەبانی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە خڕکردنەوەی سەرانی بەرەی کوردستانی و، بردنیان بۆ لای سەدام. بە پێی بەڵگەنامەیەک سایتی "بزاڤ" لە زمانی نەوشیروان مستەفاوە بڵاویکردەوە، دەڵێ: **"مامجەلال لەنامەیەکدا بۆمی نووسی، سەدام دەڵێ کاغەزی هیچ کۆبوونەوەیەک واژۆ ناکەم ئەگەر واژۆی تالەبانیی لەسەر نەبێ!"**. ئامانجی سەدام حسێن لە کۆبوونەوەکە تەنیا بۆ ئەوە بوو، بەراکێشانی سەرانی کورد بۆ بەغدا، مەترسیی دابەشبوون و سەربەخۆیی کوردستان لەسەر عێراق نەهێڵێ، هاوکات لە ئاستی دژایەتیی بەرینی کۆمەڵگەی نێودەولەتیی دژ بە عێراق و

ڕژێمەکەی کەمکاتەوە کە بەشێکی بە هۆی جێنۆساید و کیمیابارانکردنی کوردەوە بوو. ئامانجی جەلال تالەبانییش ئەوە بوو عێراق و سەدام حسێن لەو تەنگەژەیەی تێیکەوتووە بێنێتەدەرێ و، بیگێڕێتەوە نێو شاڕێی پێوەندیی نێودەولەتیی. لەبەر ئەوە مەسعوود بارزانی و خڕ سەرانی بەرەی کوردستانیی کلاوێکی گەورەیان چووەسەر، جگە لەوەی لەلایەنی سیاسی و نەتەوەییەوە زۆر لەسەریانکەوت، بەڵکوو کێشەی کوردیشیان سووک و بێنرخ کرد.

یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕێکەوتی 19ی مارچی 1992 بەڕێوەچوو. سەرجەم (105) کورسی بە چوار لیستی جیاواز ڕەچاوکرابوو. لە ئەنجامدا یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان هەریەک (50) کورسی، بزووتنەوەی ئاشووری (4) کورسی و هەروەها یەکگرتووی مەسیحی (1) کورسی. بۆ یەکەمجار گەلی کورد لە باشووری کوردستان توانی بە ویست و دڵخوازی خۆی و لە ئازادیدا دەنگبدات بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆی. هاوکات ڕاپرسییەکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو. جەلال تالەبانی و مەسعوود بارزانی و دوکتۆر مەحموود عوسمان و مەلا عوسمان و ئەولەزیز محەممەد خۆیان بۆ سەرۆکی باشووری کوردستان پالاوت. لەسەر پسوولەی هەڵبژاردنەکە نووسرابوو: "**دەستەی بالای**

سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ساڵی 1992 – هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان".

چەند مانگێک بەرەی کوردستانیی درێژەی بە کارەکانیدا. مەسعوود بارزانی و جەلال تالەبانی پێکەوە رێککەوتبوون پێکەوە سەرۆکایەتیی باشووری کوردستان بکەن. جەلال تالەبانی نوێنەری کورد بوو لە دەرەوە و پێوەندیی دیپلۆماسی بەرێوەدەبرد. مەسعوود بارزانییش لە ئاستی نێوخۆدا سەرۆکایەتیی باشووری کوردستانی دەکرد، بەڵام سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکە وەک دواتر بە تەواوەتیی ئاشکرابوو، ئامانجیان لە گەرانەوە بۆ شارەکان، پاکتاوکردنی یەکدی و بە دەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسیی باشووری کوردستان بوو، چۆنکە هەر ئەوسالە و لەمانگی رەشەممەی ساڵی 1992 شەڕی براکوژیی دەستیپێکردەوە، بەڵام ئەوجارەیان لە باتی شاخ و بنبەرد و گوند و نێو رەزوباخان، نێو جەرگەی شار و جادە و کۆڵان و ماڵانی خەڵکی کورد بوونە گۆرەپانی شەڕی تووناکردنی یەک. شەڕەکەیان ماوەی زیاتر لە (6) ساڵی خایاند. هەزاران کەس بوونە قوربانی و چارەنووسی چوارسەت دیلی هەردوولا تا ئێستاش دیارنییە و بێسەروشوێن کراون. هەردوو لایان وەکیەک کەوتنە کێبەرکێ بۆ هێنانی لەشکری داگیرکەران بۆ سەر کوردستان. لایەنگران و ئەندامەکانیان لەشارەکانی ئەڵمان و بریتانیا و سکاندیناڤیا، بە داروبەرد و چەقۆ هێرشیاندەکردە سەر

یەک. لە میدیا و رۆژنامەکانیان، چی جنێوی سووکی نێوکۆلان و وێژەی خەڵکانی سەرسەری و شەقاوەیە لەدژی یەک بڵاویاندەکردەوە. هەر لەساڵی 1993 وە PKK و PUK بە پلان و راوێژی ئێران بوونە هاوپەیمانی یەک لە دژی پارتیی، هاوکات هەردوولاشیان لەگەڵ ئێران پێوەندییان گەرمبوو. پارتی دیمۆکراتیش خزابووە ژێر باڵی رژێمی ترکیاوە. ئەمەش دەستی داگیرکەرانی بەئاشکرا هێنایە نێو کوردستانەوە و جگە لە لەشکرکێشیی رژێمی ترک بۆ سەر باشووری کوردستان بە 40000 سەرباز و بۆمبارانکردنی بنکەکانی یەکیتیی کە زیاتر لە 700 پێشمەرگەی تێداچوون، ئێرانیش دەستی زیاتر ئاوەڵا بوو، یەکێتیی نیشتمانیی وابەستەی خۆیبکات.

لێرەدا سەرنجی خوێنەرەوەی ئەم دێڕانە رادەکێشم بۆ کۆبوونەوەیەکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سەرەتای مانگی رەشەممەی ساڵی 1997 لە برۆکسل پێکهات بە بەشداریی زیاتر لە 30 حیزب و رێکخراوەی سیاسیی. کۆبوونەوە بە تێکڕای دەنگ داوای لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان کرد سنوورێک دانێت بۆ پێوەندییەکانی لە گەڵ رژێمی ترکیا. لەخاڵێکی دیکەشدا داواکرا لە یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، سنووریک دانێت بۆ پێوەندیی لەگەڵ رژێمی ئێران و گیانی ئەندامانی حیزبەکان و شۆرشگێڕان و ئازادیخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان بپارێزێ کە لە باشوور نیشتەجێن. (وەکدەزانرێت 236 کەس لە ئەندامانی سەرکردەیەتی و

پێشمەرگە و کادر و لایەنگرانی حیزبەکانی رۆژهەلات لەسالانی (90)کانی سەدەی رابردوو لە باشوور لەلایەن تیمەکانی تێرۆریستیی رژێمی داگیرکەری ئێرانەوە تێرۆرکران!). جا دوای پەسنکردنی خالەکانی کۆبوونەوە بە تێکرای دەنگ، نوێنەرەکانی پێ کێ کێ و یەکێتی نیشتمانیی ئامادەبوون، پاکنووسیبکەن و بۆ ئاگاداریی لایەنەکان و جەماوەری کوردستان بلاویکەنەوە. بەڵام کاتێک راگەیەندراوەکە بڵاوکرایەوە ئەو خاڵی تایبەت بە ئێران و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سڕابووەوە. ئەمەش ناڕەزایەتیی شێخ عێزەدینی حسێنی و پارتی سەربەخۆیی کوردستان و زۆربەی حیزب و لایەنەکانی بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانی لێکەوتەوە. بیانووی پێ کێ کێ ئەوەبوو، گوایە یەکیتیی داوایکردووە لێیان، بۆ خاتری ئێران ئەو خالە لابەرن، چۆنکە ئەوان لەگەڵ ئێران پێوەندییان هەیە! هێژای گوتنە یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، برایم ئەحمەد بوو، هەلێکی باشی بۆ رەخسابوو لە مەد تیڤی و لە سەکۆی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە بە بۆنە و بێبۆنە هێرشکاتە سەر کۆچکردوو مەلامستەفا بارزانیی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

لە ساڵی 1966 ەوە شەڕی حیزبەکان پێینایە لووتکەی خیانەت و نیشتمانفرۆشییەوە. یەکێتیی بە چەکوچۆڵ و پشتیوانیی دارایی ئێران، توانی نێوچەیەکی زۆر لە پارتی داگیربکا و بە تەواوەتیی تەنگەتاوی کات. پارتی دیمۆکراتیش پێوەندییان گرت بە رژێمی

بەعسەوە، لە ڕۆژی 31/8/1996 هێزێکی تایبەتی سەرکۆماریی عێراق بە تانک و تۆپخانەوە هەولێریان داگیرکرد و، لەوێشەوە بە پاڵپشتیکردنی تۆپخانەی عێراق، هێزەکانی یەکێتییان بەرەو سنووری ئێران راونا. مەسعوود بارزانی لە وەرامی هەواڵنێرێکی بیانی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکا و، دەڵێ: **"کاتی ئەوە هاتووە دوای 20 ساڵ جەنگ، کێشەکانی نێوانمان چارەسەر بکەین"** (**دیارە مەبەستی سڕینەوەی یەکێتی بوو**). لە بارەی پرسی نەوتەوە دەڵێ: **"نەوت پێوەندیی بە حکوومەتی نێوەندییەوە هەیە، لە کەرکووک بێت، یان لە هەر شوێنێکیتری عێراق. ئەو نێوچانەی خاوەنی ئۆتۆنۆمین، دیسانەوە بەشێکن لە عێراق، ئیتر هەر شارێک بیت بەشێکی دانەبڕاوەیە لە عێراق"**.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تۆڵەی ئەم شکستەی بەسەریهات بە پشتیوانیی چەکوچۆڵی ئێران هێرشیهێنایەوە و، هەتا سەرووی کۆیە و ""دێبەگە"، پارتی دێمۆکراتی هەڵابڕی. لەو کاتەوە "هەرێمی ئاسایش" و، نێوچەی بندەسەڵاتی "حکوومەتی هەرێم" لەلایەن پارتی و یەکیتییەوە دابەشکرا و بوو بە دوو نێوچە و دوو ئیدارە و دوو بەڕێوەبەرێتیی حیزبیی. بە هۆی شەڕی پارتی و یەکێتییەوە، جیا لە کارەساتی مرۆڤی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی، هەروەها زیانی گەورە لە بیروباوەڕی نەتەوەیی و بیری دەوڵەتی کوردی درا. هەژاری و بێنانی و نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی ئابووریی، کوردستانی بەرەو قاتوقریی برد. شەپۆلی کۆچکردن بۆ هەندەران دەستپێکرد و، ئەو وەچەی لە سەردەمی شەڕی نێوخۆیی

پێگەیشت، لەرووی هزری نەتەوەیی و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە، بە وەچێکی فەوتاو لە قەلەمدرا. کارەساتەکانی جەنگی نێوخۆ، پێویستی بە شرۆڤە و لێکدانەوەی وردتر هەیە، بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە تاریک و دزێوەی مێژووی کورد، وەک کارەساتەکانی دیکەی نێوخۆیی، دوای چەند ساڵێک خۆڵ و خشتی لەسەر دانەنرێ و، نەشاردرێتەوە.

**تا ئێرەی باسەکەمان لەبارەی یەکێتی و پارتییەوە دواین کە خەباتی سیاسییان بە ناکۆکی و تێکۆشین لە پێناو تووناکردنی یەکدییەوە دەسپێکرد و زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین لە نێو هیچ نەتەوەیەکی گۆی زەوین رووینەداوە رێبەرانی ناکۆک و نانەتای ولاتێک، وەک پارتی و یەکێتیی دژایەتیی نێوانیان گەیاندبێتە ئاستێک، ببن بە دوژمنی سەروماڵی یەک و، لەنێوچوونی نەتەوە و پرسی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەییان بخەنە ژێر پێی داگیرکەریان بەڵکوو بتوانن بەرامبەرەکەیان لەنێو بەرن! لە لاپەڕەکانی خوارووتردا دەچینەوە سەر بەردەوامکردنی سیاسەتی ناتەوەیی پارتی و یەکێتیی لە سالانی دامەزرانی هەرێمی ئاسایش.**

**جارێ واز لە باسی پارتی و یەکێتیی دەهێنین و دەچینە سەر کارنامەی حیزبەکانی دیکەی باشوور، هەروەها حیزب و رێکخراوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە ئەمانیش مخابن وەک پارتی و یەکێتیی خۆیان لە شەڕی کوردکوژی و تاوانی نیشتمانییەوە گلاند و لە پێناو دەسەلاتی حیزبی و بیر و ئیدۆلۆژیی چەوت و پاوانخوازی و نێوچەگەرێتیی هەزاران رۆڵەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە دەستی یەک هاتنە کوشتن.**

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دوای شەڕی "سێ مانگە" و دوای داوای ناچاریی ئایەتۆڵڵا خومەینیی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کورد و، دوای ئەوەی پێشمەرگە لە ساڵانی 1979-1980 بەسەرکەوتوویی بۆ زۆرینەی شارەکانی پارێزگەی ورمێ و پارێزگەی سنە گەڕایەوە، لە باتی ئەوەی پێکەوە هەوڵی یەکڕیزی و بەهێزکردنی نێومالّی کورد بدەن، بە پێچەوانەوە دەستیانکرد بە دژایەتی یەک و پڕۆپاگەندەی ناڕاست و بڵاوکردنەوەی تۆوی نێوچەگەرێتی و شەڕەگەڕەک و قوتکردنەوەی ئیدۆلۆژیی چەوت و ناقۆلا بەسەر بەرژەوەندی و ئامانجی گەلی کوردستاندا.

هەر لە مانگ و ساڵانی سەرەتای دەسپێکی بزاڤی چەکدارانە لە رۆژهەلات، حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە چەندجارێک لە هێندێک هەرێم و مەڵبەند تەقە و لێکدان لەنێوانیان روویدا، بەڵام لەساڵی 1984ی زاینەوە بە هێرشی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات لە هەورامان بۆ سەر کۆمەڵە کە پێنج پێشمەرگەی کۆمەڵەی تێدا کوژرا و دە پێشمەرگەیان بە دیل گیران و، دوور لە هەموو باوەڕ و پرنسیپێکی مرۆڤی و نەتەوەیی حیزبی دیمۆکرات دیلەکانیشی گوللەبارانکرد، لەمەوە شەڕێکی خوێناویی هەموو رۆژهەڵاتی گرتەوە. پێداگریی عەولا موهتەدی لە رێبەرانی کۆمەلە بۆ بەردەوامکردنی شەڕی نێوخۆیی بە ناوی شەڕی چینایەتی و ئیدۆلۆژیی، لە حیزبی دیمۆکراتیش سووربوونی دوکتۆر سەعید

شەرەفکەندی، حەسەن شەرەفی و چەندین ئەندامی سەرکردەیەتی و کادری دیکەی حیزب کە پشتیوانی شەڕی نێوخۆیی بوون و بانگەوازی پاکتاوکردنی یەکجارەکیی کۆمەڵەیان دەکرد. شیاوی گوتن و ئاماژەپێکردنە بەشێک لە ئەندامانی سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکرات وەک دوکتۆر حسێنی خەلیقی، مەلا عەوڵا حەسەنزادە، تاهیر عەلیار و چەندین کادری دیکەی حیزب بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان بەرامبەر شەڕی کوردکوژیی دەربڕی و، شەڕی نێوخۆییان بە زیانی حیزب و بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان دەزانی و داوای وەستاندنی شەڕەکەیان دەکرد، بەڵام باڵی شەڕخوازی حیزب بۆ ماوەی زیاتر لە چوارساڵ قسەی خۆیان بردە سەر و شانبەشانی سەرۆکایەتیی دەمارگرژ و نابەرپرسیاری کۆمەڵە دەستیانهەبوو لە بەکوشتدانی سەدان رۆڵەی کورد بەدەستی یەک.

بە پێی راگەیاندنی نافەرمیی هەردوولا بە درێژایی چوارساڵ شەڕی نێوخۆیی نێزیک بە (700) پێشمەرگەی کۆمەلە و دێمۆکرات بەدەستی یەک کوژران. لە ماوەی چوار ساڵ شەڕی نێوانیان، هەزاران تۆماری واژۆکرا لەلایەن خەڵکی شار و هەرێمەکانی کوردستانەوە نێردرا بۆیان و داوایانلێدەکردن کۆتایی بە شەڕی کوردکوژیی بهێنن، بەڵام هەموو تکا و داوای خەلکی دڵسۆزی کوردستان لە پێناوی ئامانجی حیزبی و ئیدۆلۆژیی سەقەت و نانەتەوەیی پشتگویخران. لە گەرمەی شەڕەکەدا رژێمی عێراق کارهاسانی دەکرد بۆ گواستنەوەی پێشمەرگەی هەردوولا

بۆ بەرەکانی شەڕی نێوخۆیی، بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی پێشمەرگەی هەردوولای لە خاکی باشووری کوردستانەوە بەرەو ئەو سنوورانەی ڕۆژهەڵات دەگواستەنەوە هێز و سەرۆکایەتیی هەردوولا مەبەستیان بوو بۆی بچن. خواردەمەنی و چەک و چۆڵی هەردوولا رژێمی بەعس دابینیدەکرد. بریندارى هەردوولا لە نەخۆشخانەی شارەکانی بندەسەلاتی رژێمی بەعس چارەسەریان بۆ دەکرا. بە کورتی، بەعسی عێراق و رژێمی ئێران چاودێرییان دەکردن بزانن کامیان بەسەر ئەوی دیکەدا سەردەکەوێ!؟ هەموو ئەو نێوچانەی سوپای ئێران دەیانجار هێرشی کردبوونەسەری، هەزاران چەکداری تێداچوون و بۆی نەگیرابوو، لەگەڵ دەسپێکی شەڕی نێوان دێمۆکرات و کۆمەڵە بەهاسانی و بێ قوربانیدان و بێ کێشە داگیریکردنەوە.

یەکێک لەو سیاسەتبازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێزیک بە نیو سەدەیە هەردەمە لەسەر پەتێک هەڵدەپەڕێ و کارنامەی تەژییە لە هەلپەرستی و زۆرترین تاوانی نیشتمانیی ئەنجامداوە و رووماڵدراوانە ئیمڕۆکەش بەردەوامە لە پێڕەوکردنی سیاسەتبازی و خۆلکردنە چاوی خەڵک، عەبدوڵلا موهتەدی کوڕی حاجی ئەوڕەحمان بەگی بۆکانە. ئەم کوردزمانە سیاسەتبازە نێوبانگ و زەنگینی بنەماڵە و پشتگیریکردنی سەلاحی براگەورە لێی، هۆکاربوون هەر لەسەردەمی لاوێتییەوە بە بیری سەرۆک و سەرۆکایەتییەوە خەبات و چالاکیی سیاسیی دەستپێبکا. بە منداڵی

له تاران ژیا و گەورە بوو، بە فەرهەنگ و زمان و وێژەی عەجەم پەروەردە کرا، ئەمەش هۆکاربوو بە زمان و ناسنامەی بنەماڵە کورد و، بە کردەوە و بیروباوەڕ ئێرانچێتیی بەسەر هەست و باوەڕی کوردبوونیدا زاڵبێت. سەردەمی خوێندنی لە زانستگەی تاران تێکەڵاویی زۆری لە گەڵ شۆرشگێڕ و چەپی فارسدا بوو. ئەگەرچی ئەندامبوو لەدەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی شۆرشگێڕ، بەڵام لەنێو کۆڕ و کۆمەلەی رۆناکبیریی کوردیی کەسێکی ناسراو نەبوو.

رووخانی رژێمی پاشایەتیی بۆ دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە بوو بە هەلێکی زێڕین، لە شانەیەکی نهێنی و بێ ناو و نیشانەوە ببێ بە رێکخراوێکی ئاشکرای خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و چەکداریی. بوونی فواد مستەفا سوڵتانی وەک کەسایەتییەکی بڕوابەخۆ و لێهاتووی خاوەنپێگەی کۆمەڵایەتی و رامیاریی هۆکاربوو کۆمەڵە بە ماوەیەکی کەم لە چەندین مەڵبەندی کوردستان وەک مەریوان و سنە و سەقز و دیواندەرە لەنێو توێژی رۆشنبیری چەپ و چینی رەشایی و جۆتکاری گوندەکان گەشە بکا، بەڵام کوژرانی فواد مستەفا سوڵتانی رێبەری سەرەکیی کۆمەڵە لە یەکەم مانگی دەسپێکی شەڕی چەکداریی، هەروەها کوژرانی حەمەحسێن کەریمی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەلە نیشتمانپەروەر و خاوەن بیری کوردستانیی لە سەروبەندی رووخانی رژێمی پاشایەتیی، هۆکار بوو کۆمەڵە هەر لە سەرەتای

ئاشکرابوونییەوە وەک جەستەیەکی بێسەری لێبێ. زۆرینەی ئەندامانی سەرۆکایەتیی کۆمەڵە خەڵکی بۆکان و سنە بوون. ئەندامانی بۆکان لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕ و بۆچوونی سەلاح موهتەدیدا بوون، هەرچی ئەندامانی کۆمەڵەی سنەش بوو، نوقمی ئیدۆلۆژییی کۆمۆنیستی و چەپێکی توندئاژۆ بوون و، ئەمانیش هاوکات وەک مامۆستا و ڕێپێشاندەری سیاسیی لە کاک سەلاحی موهتەدییان دەڕوانی. واتە دوای لەنێوچوونی فواد مستەفا سوڵتانی و حەمەحسێنی کەریمی لەنێو کۆمەلەدا کەسایەتییەکی وایان تێدا نەبوو بتوانێ جێگەی ئەوان پڕ بکاتەوە و سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بپارێزێت، لەوەش گرنگتر کۆمەڵە لە ناسین و دەسنیشانکردنی گۆڕەپانی سیاسیی لەنێوان "**کوردستانیبوون، یان ئێرانیبوون ساخنەبوو**". کوردستانییوونەکە پێوەندی و هاوپەیمانێتیی بوو لەگەڵ یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئێرانیبوونەکەش دەبوو لەنێو ئێران ڕێکخراوە و حیزبی چەپ بدۆزنەوە جۆرە پێوندی و هاوپەیمانییەک لەگەڵی ساز بکەن و، بە تەنێ نەبن. لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا عەولا موهتەدی کێشەکەی بۆ یەکلا کردنەوە لەگەڵ کابرایەکی ڕەگەزپەرستی عەجەم بە ناوی مەنسوور حیکمەت پێوەندیی دروستکرد، هێنای بۆ کوردستان، شەونخوونی زۆریکێشا، زۆریگوت و زۆریرست ئەندام و پێشمەرگەی کۆمەلە رازیبکا کە مەنسوور حیکمەت مارکس و لێنینی سەردەمە. کابرای کەسنەناسی کرد بە مامۆستا و وانەبێژ و

خۆی و سەرۆکایەتی و هەموو ئەندامانی کۆمەڵەشی کرد بە قوتابیی چاوبەژێر و ملکەچی بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت.

چیرۆکی هەڵلووشینی کۆمەڵە بەدەستی مەنسوور حیکمەت و دارودەستەکەی لە کورد و ناکوردی نێوچەکە شاراوە نییە و هەموو دەیزانین چلۆن سامانی کۆمەڵە وەک میراتی باووباپیرانیان بێ، نەغد و پوخت خستە باخەڵیان و گەیشتنە ئۆرووپا، ئەوجا دەستیانکرد بە گاڵتەپێکردن بە ڕێبەرانی کۆمەڵە و مافی ڕەوای نەتەوەی کورد، بەشێک لە ئەندامانی کاڵفانی کۆمەڵەش شوێنیان کەوتن، ئەوجا سەرۆکایەتیی کۆمەڵە سووچی ئەم شکست و نەهامەتییە خۆکردەیان خستە ئۆباڵی یەک و کۆمەڵە دیسان بێسەر مایەوە، ئەوەش بوو بە سەرەتایەک بۆ دابەشبوون و ناو و ناتۆرە لەیەکنان و، پیلانگێڕان و هەوڵی تێرۆرکردن و کار گەیشتە ئەو جێی کە لە وڵاتێکی وەک سوید کەل و پەلی کاناڵی تلەویزیۆن لە یەکتر بدزن و، سکاڵا بۆ پۆلیس بەرن، پۆلیسی سوید سەرۆکایەتی و ئەندام و هاوسەنگەری پێشوو بانگێشتی دادگە بکا و، بەوەش خۆیان و حیزبەکەیان لەبەر چاوی کۆمەڵگەی کوردی و سویدی سووک و ریسوا بکەن!

کاک عەوڵای تینووی دەسەلات و پلەو پایە، بە تایبەتیی دوای ئەوەی سەرۆکایەتی پارتی و یەکێتی لە باشوور و عێراق توانییان گەلێک دەسکەوتی سیاسی و دارایی بۆ خۆیان و حیزبەکانیان دەسبخەن، ڕوویکردە بەرەی لایەنگرانی ڕژێمی ڕووخاوی

پاشایەتیی لە کەسایەتیی دیاری ئەو بەرەیە بەناوی عەلیڕەزا نووریزادە نێزیکبووەوە کە کابرایەکی فارسی ڕەگەزپەرستە و دژی هەموو مافێکی کوردە لە چوارچێوەی ئێرانی دوای رژێمی مەلاکان دەستیکەوێ. نووریزادەی فێڵزان، عەولا دەخاپێنێ و دڵنیایدەکا، نەک هەر خۆی بەڵکوو هەموو ئۆپۆزسیۆنی دێمۆکراتی ئێرانیی لە دەرەوەی وڵات، پشتگیریلێدەکەین دوای رووخانی کۆماری ئیسلامیی، وەک مامجەلال چلۆن بوو بە سەرکۆماری عێراق، ئەمیش ببێ بە سەرکۆماری ئێران!! زمانی چەور و نەرمی نووریزادە وای لە عەولا کرد تەنانەت ڕێز بۆ شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاڵای کوردستان و خەباتی نەتەوەی کورد دانەنێ، ئەمەش تەنێ لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات وپلە وپایەی خەیاڵیی لە ئێرانی دوای رژێمی مەلاکان.

ڕۆژی شەممە 15ی مانگی گەلاوێژی ساڵی 2009ی زاینیی بۆنەیەک بە بەشداریی نوێنەری زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵات و ژمارەیەک حیزب و کەسدایەتیی سەربەخۆی ئێرانیی بۆ یادی فتوای جیهادی خومەینیی لە زانستگەی "سۆناس" لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو. دوای خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"، وتاری کردنەوەی کۆبوونەوەکە بەزمانی فارسی بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەولقاسم فێردەوسی دەستپێکرد کە (30) ساڵ بە هۆنینەوەی شانامەوە ماندوو بووە و زمان و مێژووی ئێرانییەکانی لە فەوتان رزگارکردووە!! کە ئەوە چ پێوەندییەکی بە

نێوەرۆکی کۆبوونەوەکەوە نەبوو بۆ یادی فەرمانی قەلاچۆکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن سەرۆکی رژێمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێرانەوە گیرابوو، **فێردەوسی شاعیری فارس کە سەدان ساڵ لەمەوبەر شانامەی بە زمانی فارسی نووسیوە و فارس شانازیی پێوەدەکا لە کوێ، یادی فتوای جیهادی خومەینیی بۆ قڕکردنی کورد لەکوێ**!!

ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە بە ناوی خاتوون مینا سوارە داوا لە عەلیڕەزا نووریزادە دەکا بۆ یادی فتوای جیهادی خومەینیی وتارێک پێشکێش بکات! (**لێرەدا چەند کۆپلە لە وتەکانی نووریزادە دەنووسمەوە. دەقی تەواوی ئەنجامی کۆبوونەوە و وتەکانی نووریزادە، لە وتارێکدا بە ناوونیشانی "ڕێوڕەسمی 28ی گەلاوێژ لە لەندەن و، وەرامێک بۆ عەلیڕەزا نووریزادە و دارودەستەکەی" بەرپەرچی وتەکانی نووریزادەم دایەوە و ڕێکەوتی: 22/9/2009 لە گۆڤاری کۆنگرە-زمانڕەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و چەندین ماڵپەڕی دیکە بڵاوم کردەوە، دواتریش لە پەرتۆکی "کۆبەرهەم ژمارە (1) ساڵی 2011 لە ولاتی نۆرویژ چاپ و بڵاومکردەوە و خوێنەرەوە دەتوانی لە ماڵپەڕی کۆنگرە لەم لینکەی خوارەوە بیخوێنێتەوە**!:

www.kncsite.com

بە چەپڵەیەکی گەرمی بەشداربووان نووریزادە هاتە پشتی مایکرۆفۆن و گوتی **"بە سڵاو بۆ هەمووتان، بۆ کاک عەولای خۆشەویست و هاوڕێیانی... هەموو ئێوە لێرەن لە هۆنراوەکەی دوکتۆر خۆیی (نووسەر و شاعیری ئێرانی) چێژتانوەرگرت چۆنکە بە زمانی هاوبەشمان قسەی کرد،**

**بەڵام ئەگەر هۆنراوەیەکی شێرکۆ بێکەس بخوێندرایەوە ئێمە تێنەدەگەیشتین دەبوو کەسێک وەریگێڕێتە سەر زمانی فارسی... کوردەکان هەر بەو شێوەی نەمر دوکتۆر قاسملوو دەیگوت: "لە هەر ئێرانییەک ئێرانیترن!"... کاک عەوڵا موهتەدی بەرادەیەک لە خوێندنەوەی هۆنراوەی حافز شیرازی گەشکە دەبێ، هیچ فارسێک وەک ئەم چێژی لێوەرناگرێ! یان قاسملوو هەمیشە لایەنگری فێردەوسی بوو. بە باوەڕی من شکۆی ئەم وێژە و ئەدەبە هاوبەشەمان نابێ بگۆڕینەوە بە "کورتبینی و بڵێین ئێمە نەتەوەیەکین دەچەوسێینەوە!"... ئێمە دەبێ کارێک بکەین عەبدوڵڵا موهتەدی ببێت بە سەرکۆماری ئێران، بۆچی نەبێت!؟ جەلال تالەبانی کاتێک بوو بە سەرکۆماری عێراق یەکێتیی عێراقی پاراست، کوردێک لە عێراق بوو بە سەرکۆمار... سەری رێز بۆ گیانبەختکردووانی کوردستان دادەنەوێنم. لێرەوە پێتانی دەڵێم: ئێوە خاوەنماڵن، ئەگەر زیندوو بمێنم پاش لەنێوچوونی ئەم ئاژاوەیە کوردێک دەبێتە یەکەمین سەرکۆماری ئێران".**

وەک گوتم ئەمە کورتەیەک بوو لە وتەکانی نووریزادەی دژ بە کورد، کە لە ناکوردێکی سەر بە نەتەوەی داگیرکەر هەر ئەم وتانەی لێ چاوەڕواندەکرێ، بەڵام ئەوی جێی سەرسووڕمانبوو لەلایەن نوێنەری حیزبە کوردییەکانەوە نەک هەر وەرامی نەدرایەوە بەڵکوو بە چەپڵەڕێزانێکی گەرمتر پشتگیریکرا. لەونێوەدا ئەمە تەنێ مینا سوارە کچەکوردی رۆناکبیر و نەتەوەیی بوو بوێرانە هاتەدەنگلێی داوای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی بە مافێکی رەوا ناساند و گوتی: **رووخانی کۆماری**

**ئیسلامیی نابێ ببێتە تاکە ئاوات و ئامانج، دەبی ئێستا دان بە مافەکانماندا بنرێ، نابێ هەڵەی سەردەمی رووخانی رژێمی پاشایەتیی دووپات بکەینەوە... ئەگەر لە داهاتوویەکی دووریشدا کوردستان بە سەربەخۆیی بگات، ئێمەی کورد خوازیاری پێوەندیی دۆستانەین لەگەڵ دراوسێکانمان! ئەگەر ئیمڕۆ لەم شوێنەدا رێگە نەدەن پێمان بە ئازادیی قسە بکەین، لە داهاتوو دوای رووخانی کۆماری ئیسلامیی چلۆن رێگە بە منی کورد دەدرێ دەنگم هەڵبڕم داوای مافی گەلەکەم بکەم!؟**

نووریزادە کە ئا ئەوکات پێی وابوو بەشدارانی کۆبوونەوەی وەک کاک عەولا خاپاندووە، هەستایە سەرپێ گوتی: **لە شوێنێک دانانیشم باسی جیابوونەوەخوازیی تێدا بکرێت! بە تووڕەییەوە لە سالۆنەکە چووە دەرەوە، عەولا موهتەدی شوێنکەوتووی دوێنێی مەنسوور حیکمەت، هەروەها نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەمزە بایزیدی، واتە نوێنەری حیزب و کۆمارەکەی پێشەوا قازی لە گەڵ نووریزادە ئەو کۆبوونەوەیان جێهێڵا بۆ یادی (30) ساڵەی فەرمانی قڕکردنی نەتەوەکەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی داگیرکەرەوە گیرابوو!؟ دوو رۆژ دواتر نووریزادە لە رۆژنامەی (کەیهان)ی فارسی لە لەندەن دەردەچێ، سوپاسی هەریەک لە عەولا موهتەدی و هەمزە بایزیدی دەکات لەگەڵی چوونە دەرەوە!! و دەنووسێ: بەڕێز موهتەدی نموونەی ئێرانییەکی رۆشنبیرە و ئامادە نییە موویەک لەسەری ئێران کەم بێتەوە. دوای کۆبوونەوەکە چەندین کورد بە تەلەفۆن داوای لێبوردنیان کردلێم، منیش گوتم: تا ئێوەمان هەیە، تا کاک عەوبدوڵلا و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی**

ئێرانمان هەیە لە بارەی یەکێتی و یەکڕیزیی خانووی باوکمان (ئێران) ئاسوودە و دڵنیام.

عەولا موهتەدی چۆنکە پێیوابوو ئۆپۆزسیۆنی بەرەی پاشایەتیی بەختیان بۆ گێرانەوەی دەسەلاتی سیاسیی لە ئێرانی دوای رژێمی مەلاکان زیاترێکە، وازی لێنەهێنان و، بەردەوامبوو لەگەڵیان، بێگوێدانە ئەوەی ئەم کردە نانەتەوەیی و نەشیاوانە لەسەری دەکەون و لە بیری نەتەوەی کورد ناچنەوە، مانگی سیپتەمبەری ساڵی 2019 لە زانستگەی لێکۆڵینەوەی نیشتمانیی بریتانیا (Imperial Colleje London) بەشدار بوو بۆ دامەزراندنی رێکخراوەیەکی سیاسی ئێرانیی بە سەرۆکایەتیی حەسەن شەریعەتمەداری کابرایەکی کۆنە موسڵمانی تەنگەتیلکەی خومەینیچیی بوو، دواتر کراسی گۆڕی و بوو بە دێمۆکرات، لەگەڵ ژمارەیەک کۆنەشاپەرست و کۆنەپاسدار و کاربەدەستی پێشووی کۆماری ئیسلامیی وەک موحسین سازگارا لە ژێر ناوی "شورای مدیریت گذار" (شۆرای بەڕێوەبەرێتیی تێپەڕبوون) بەرنامەیەکان بۆ رای گشتی بڵاوکردەوە.

ئامانجی شۆراکە دەڵێ: تەنێ ئەو هێز و لایەنانە دەتوانن لە گەڵ ئەم رێکخراوەیە بکەون و لەگەڵی بەشدار بن بڕوایان بە چەند خاڵی بنگەهینی وەک: پاراستنی یەکپارچەبوونی نەتەوەیی و هەروەها پاراستنی چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی ئێران بێت. دامەزرانی دێمۆکراسی پەرلەمانی بەپێی

**جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و، بڕوابوون بە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ.**

**وەک دەبینین خاڵی بنچینەیی شۆراکە پاراستنی یەکپارچەیی نەتەوەیی و پاراستنی تەواوەتیی خاکی ئێرانە و جارنامەی مافی مرۆڤیشیان لکاندووە بە کلکی پاراستنی خاکی ئێرانەوە بۆ ئەوەی ئامانجی داگیرکاری و ڕەگەزپەرستانەکەیان بشارنەوە.**

لەم شۆرا ئێرانییە دژ بە کورد و دژ بە نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێراندا خاتوونی هاوژینی کاک عەبدوڵڵا بە ناوی ناهید بەهمەنی لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی شۆراکە بەشدار بوو. ناهیدخاتوون لە سەردەمی هاتنی مەنسوور حیکمەت بۆ نێو کۆمەڵە و لە دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و، بڕیاری شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و درێژەدان پێی بۆ ماوەی چوارساڵ، ئەوجا لە ناکۆکینانەوە و دابڕانی باڵەکانی نێو کۆمەڵە و، دواتر ڕووکردنە قیبلەی بەرەی پاشایەتیی لە دەرەوەی وڵات، شانبەشانی کاک عەولا پێکەوە و دووقۆڵیی بە گفتوگۆ و راوێژ لە گەڵ یەک، سەت سووڕیاندا و سەد خولیان خوارد و پاش ئەو هەموو ساڵە هێشتا بەردەوامن لە پێڕەوکردنی رامیاریی هەلپەرستانەیان

دوای ئەوەی بزووتنەوەی جەماوەرانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە تاران رێکەوتی 13/9/2022 سەرەتا لە شاری سەقز و بەخێرایی لەسەرتاسەری

کوردستان بڵاوبوویەوە و پەلیهاویشت بۆ سەرتاسەری ئێران و درۆشمی ژن، ژیان، ئازادیی کە لەنێو جەرگە و کوورەی خەباتی سیاسی و چەکداری و نەتەوەیی ژنانی بە رۆمەتی کوردستانەوە هەڵقوڵابوو، بوو بە درۆشمی سەرزاری تێکڕای گەلانی ئێران و ژنان و لاوان و لە ژێر ئەو درۆشمەدا هاتنە سەر شەقامی شارەکانی ئێران، لەمەوە سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای ئەو بزاڤە نوێ و پێشکەوتووە راکێشرا و هاودەنگی و پشتیوانیکردنی ولاتانی دێمۆکرات و ئازادیخوازانی دنیا و شەپۆلێکی بەرفرەی لەنێو ژنانی یەکسانیخوازی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای راپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی سێدارە و سەرەڕۆ و مرۆڤخۆری مەلاکانی دەسەلاتدار راکێشا بۆ یەکەمجار بیروباوەڕی ئازادیخوازانە و سەردەمیانەی کوردستان کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و درۆشم و داخوازیی گەلانی ئێرانیش دانا. هاوکات بۆ یەکەمجار لە نێو جەرگەی راپەڕینی شار و گوندەکانی کوردستانەوە درۆشمی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بەرگوێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و، رەگەزپەرستانی فارس لە دەرەوەی وڵات و هەموو نەتەوەی کورد کەوت، ئەوەش ئاماژەی روونبوون بۆ زانینی ئەو راستینەیە کە جیلی ئیمڕۆی کوردستان بیری حیزبایەتی و بیری چەوتی ئێرانچێتیی تێپەڕ کردووە، بە ئەشکەرە داوای سەروەریی خاک و نەتەوە و نیشتمانی دەکات. لەم پێوەندییەدا بەرەی رژێمی

رووخاوی پاشایەتیی کەوتنە هەوڵێکی بەرفرە دەسبگرن بە سەر شۆرشە جەماوەرییەکەی گەلانی بندەستی ئێران، لە رێگەی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و کۆکردنەوەی لایەنگرانیان و خستنەڕێی خۆپێشاندان بە درۆشمی پشتیوانیی لە رژێمی پەهلەوی و دژایەتیکردن لە گەڵ هەر چەشنە بیرورایەکی جیاواز و هەلکوتانەسەر خۆپێشاندانداندەرانی کورد و پەلاماردان و سووکایەتیی بە کورد و ئالای کوردستان، پێشانیاندا وەک کۆماری ئیسلامیی دژ بە ئازادین و لە ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ سەر دەسەلاتی سیاسیی، دڕندەتر لە کۆماری ئیسلامیی هێرش دەهێننەوە بۆ سەر کوردستان.

لە گەرمەی راپەڕینی "ژینا"، لە مانگی رێبەندانی 2023 رەزا پەهلەوی کوڕەکەی حەمەڕەزاشا بوو بە سەرۆکی رێکخراوەیەکی سیاسی بە ناوی "**منشور همبستگی و سازماندهی برای آزادی** (**مهسا/ژینا**)"، (**یاسای بەرپرسیارێتیی هاوبەش بۆ ئازادیی- لە ژێر ناوی مهسا/ژینا**). شەش ئەندامی دامەزرێنەری بریتیبوون لە رەزا پەهلەوی، حامید ئیسماعیلۆن، شیرین عبادی، نازەنین بۆنیادی، مەسیح عەلینژاد و عەبدوڵڵا موهتەدی. ئەم شەش کەسە پێکەوە بەرنامە و پێڕەوێکی سیاسییان بڵاوکردەوە کە سەرلەبەری باس لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژینگە، مافی منداڵ، مافی ژنان دەکا و لە بارەی مافی گەلانی بندەستی ئێرانەوە بەندی (2)ی پەیماننامەکەدا دەڵێ: .**حفظ یکپارچگی سرزمین ایران با پذیرش گوناگونی**

**زبانی، قومی (اتنیکی)، مذهبی و فرهنگی آن. (پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و قبووڵکردنی جیاوازیی زمان، قەومی (*) و ئاینی و فەرهەنگیی!).**

***- (بەکارهێنانی وشەی قەوم و اقلیت های قومی (کەمایەتیی ئیتنیکی) لەلایەن فارسەکانەوە وشەیەکی داتاشراوە لە سەردەمی حەمەڕەزاشاوە دانرا و گەلی فارسی باڵادەست بۆ بێنرخکردن و سووککردنی هەبوونی نەتەوەکانی بندەستی، لە باتی وشەی "ملت" (نەتەوە) بەکاریدێنێ. لەو بەرنامەی رەزاپەهلەوی و هاوکارانی ناوی نەتەوەکان نەبراوە و تەنێ بە بوونی هۆز و خەلکیکی دیکە ئاماژە کراوە!**

**بەرنامەی رێکخراوەکەی رەزا پەهلەوی کە بۆ پاراستنی سەوەریی فارس بەسەر ئێرانی دوای رژێمی خومەینی دارێژرابوو پەکیکەوت، چۆنکە هەر زوو ناکۆکیی کەوتە نێوان شەش ئەندامە سەرەکییەکە و پێکهاتەی رێکخراوەکە و بە تایبەتیی بە هۆی دژایەتیی توندی لایەنگرانی بەرەی پاشایەتیی لەگەڵ هەموو جیابیرانی سیاسیی، رێکخراوەکە نەیتوانی درێژە بە چالاکیی سیاسی بدات. ئەوجا کاک عەولا موهتەدی پاش ئەم هەموو بێنەوبەردەیە هیچی دەسنەکەوت، بایداوەتەوە بۆ لای کورد و ماوەیەکە دەفەرمێ رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە بەرەیەکی نیشتمانیی دامەرزێنێ و سەرکردەیەتی و هێزی پێشمەرگەی یەکبخات!!**

**دوای نووسینی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە لەبارەی شێوازی خەباتکردن و کەسایەتیی سیاسەتکار عەبدوڵلا موهتەدی، دەچینەوە سەر درێژەی باسەکەمان لە بارەی باشووری کوردستانەوە.**

دوای جەنگی دووەمی کەنداو و دیاریکردنی "هەرێمی ئاسایش" کە بەهۆی بارودۆخی نیوچەی و نێودەولەتییەوە هاتەبوون، هەتا کۆتاییەکانی ساڵی 1998 پارتی و یەکێتیی، ناکۆک بوون و سەرقاڵی شەڕی خۆبەخۆ و رۆڵەی کوردبەکوشتدان و یەکترهەڵلابڕین بوون. لە سەر دەستی داگیرکەران و وڵاتانی رۆژاڤا دوو جار ئاشتیان بوویەوە هەردوو جارەکەش بۆ لێدانی بزاڤی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوو. لە ساڵی 1993 بەرەی کوردستانیی بڕیاری شەڕیدا لە دژی پێ کێ کێ  و لە رۆژی (30) ئۆکتۆبەری ساڵی 1996 لە ئانکارا بە بەشداریی ئەمریکا و بریتانیا و ترکیا، رێککەوتننامەیەک لە نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان و بەرەی ترکمانی واژۆکرا، بە پێی بەندی (21)ی رێککەوتننامەکە بڕیاریاندا کاربکەن بۆ رێگرتن لە ئەندامانی رێکخراوە و لایەنە تێرۆریستییەکان بە تایبەتیی "پێ کێ کێ" و رێگرتن لە بوون و ئەنجامدانی چالاکییان لە "باکووری عێراق!". دوو مانگ دواتر و هەر لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم پیلانە لە دژی بزووتنەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژی 11/12/1996 هێزێکی هاوبەشی "قەرارگای حەمزەی کۆماری ئیسلامیی ئێران"، لەگەڵ پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێرشیانکردە سەر بنکەیەکی "یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان کە دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ پارتی ئازادیی کوردستان" و، حەوت پێشمەرگەی شۆرشگێڕان لەنێو ماڵەکانیان بە دیلدەگرن،

دوای چەککردنیان، لەبەرچاوی ژن و منداڵەکانیان گوللەبارانیان کردن. ئەم ڕێکخراوە تازەدامەزراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (یەکێتیی شۆرشگێڕانی کوردستان)، ماوەیەکبوو بە ئاڵای کوردستانەوە دەستیانکردبوو بە هێرشبردن بۆ سەر بنکە و پێگەی جاش و پاسدارانی رژێمی ئێران لە قوولایی شار و نێوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوە بوو رژێمی ئێران بە دەستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ژمارەیەکی لێ کۆمەڵکوژ کردن، ناچاریشیکردن لە نێوچەی سلێمانی دوور بکەونەوە.

**ساڵێک دوای ئەم کارەساتەی یەکێتیی بەسەر پێشمەرگەی پارتی ئازادیدا هێنای، "پێ کێ کێ"ش (9) ئەندامی سەرکردەیەتی و پێشمەرگەی هەر ئەم پارتی ئازادیی کوردستانەی لە دۆڵێکی نێزیکی شاری شنۆ گەمارۆدا و، دوای کوشتنیان تەرمەکانیانی تەسلیمی سوپای پاسدارانی شنۆ کرد. بیانووی پێ کێ کێ ئەوە بوو ئەم پارتە رۆژهەڵاتییە، سەر بە پارتی دێمۆکراتن سیخوڕیی بۆ پارتی دەکەن! واتە بەلای پێ کێ کێ وە، سیخوڕیکردن بۆ پارتی، تاوانەکەی کوشتنە و تەسلیمکردنەوەی لاشەکەیەتی بە رژێمی داگیرکەری ئێران!! هەزار جار ماڵوێرانتر بین لەوەی هەین بۆ حیزبمان و بۆ چارەنووس و بیرکردنەوەمان؟!**

دەگەڕێینەوە بۆ باشووری کوردستان و بۆ لای مامجەلال تالەبانیی کە لە شاریش وەک سالانی شاخ، هەر حیزبێک بە تەواوەتیی لە خەت و ڕێبازی ویدا نەبوایە، هەوڵی تووناکردنی دەدا. لە سەرەتای ڕێبەندانی ساڵی 1995 شاندێکی پارتی کاری

سەربەخۆیی کوردستان (**لە حیزبی شیووعی عێراقی جیاببوونەوە و حیزبێکی کوردستانییان دامەزراندبوو**)، بە سەردانێک چوونە لای یەکێتیی. جەلال تاڵەبانی زیاتر لە دوو کاتژمێر قسەی خۆشیان بۆدەکا، نوکتەیان بۆ دەگێڕێتەوە بەڵێنیاندەداتێ لەمەودوا هاوکاری و پێوەندییەکی باش و برایانەیان دەبێت. کاتی بەڕێکردنیان وەک باوی خۆی بەڕووی گەش و پێکەنین و ماچوومووچ ماڵئاواییان لێدەکات. پاش چەند خولەک تەلەفۆن دەکات بۆ پرسگەی تۆپزاوای کۆیە، دەڵێ: **لێییاندەن تاقیان مەهێڵن**! لە گەڵ دەگەنە پرسگە دەسرێژیانلێدەکەن محەممەد حەلاق ئەندامی سەرۆکایەتی و شەش پێشمەرگەی پارتی کاری سەربەخۆ لە نێو ئۆتۆمۆبیلەکەیان دەکوژرێن!

لە جەنگە و گەرمەی شەڕەگەڕەک و گەمەی حیزبحیزبێنە و ناساندنی کورد وەک گەلێکی پاشکەوتووی ناشارستانی و خاوەن ڕێبەرێتییەکی بەکرێگیراوی پارەپەرست، بیرنزم و خۆبەکەمزانی هیچ لە باردا نەبوو، ئەمریکا بە هانای کوردەوە هات، مەسعوود بارزانی و تالەبانیی بانگهێشتی واشنگتن کرد لە ڕۆژی 17/9/1998 مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەستی تالەبانی و بارزانیی لەنێو دەستی یەکنا، ئاشتیکردنەوە و داوایلێکردن: "**یەکبگرن، بۆ ئەوەی بتوانین بتانپارێزین**!". ئەو ئاشتبوونەوەیە کە بە نێوبژیوانیی وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا هاتەبوون، دڵی هەموو کوردێکی بەویژدان و خاوەنکەسێتی و

دڵسۆزی کوردستانی خۆشکرد، لێ پارتی و یەکێتیی بێگوێدانە لالێکردنەوەی ئەمریکا لە کورد، هەر لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1998 وە تاکوو سەرەتای ساڵی 2002 "هەرێمی ئاسایش" یان لە دۆخی **"نە شەڕ و نە ئاشتی"** هێشتەوە ئامادەنەبوون بە کردەوە یەکبگرن. دەیان کۆبوونەوەی دوو قۆڵییانگرت و نەگەیشتنە ئەنجام و نەیانتوانی هیچپیەکێک لە دەسگە و ئۆرگانەکانی ئابووری و ئاسایش و دارایی و پێشمەرگە و پێوەندیی دەرەوەیان یەکخەن. هەموو کۆبوونەوەکانیشیان نێونابوو "ئیجابی!!". کاری تی ڤی و رۆژنامەشیان ئەوەبوو وێنە و فیلمی دەم و رووی بەبزە و پێکەنین و ماچووموجیان بۆ ئاگاداریی خەڵکی کوردستان بڵاوبکەنەوە.

ئامانجی ئەمریکا لە ئاشتکردنەوەی یەکێتی و پارتی، دەسپێکی پلان و ستراتیژێکی تازە بوو بۆ خستنی رژێمی بەعسی عێراق و بەهێزکردنی پێگەی سەربازی و سیاسیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و لە کوردستان و نێوچەکە بەگشتیی. بۆ ئەم مەبەستە جیا لە کورد، هەروەها چەن لایەنێکی عێراقی و نەیاری رژێمی سەددام حسێنی کۆکردەوە وەک ئەلتەرناتیڤی دوای رووخانی رژێمی بەعسی عێراق، کاریان لەسەر بکا و رێککەوتن و کۆدەنگییەک لەنێوان کورد و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دروست بکات. هەرچی کەسایەتی و لایەنەکانی عەرەبی نەیاری سەدام بوون، هەر لەیەکەم رۆژەکانەوە کە لە نیاز و مەبەستی ئەمریکا تێگەیشتن، کەوتنەخۆ، دوای رووخانی رژێمی بەعس، یەکیتیی عێراق بپارێزن

و سەرۆکایەتیی عێراقی دوای سەدام بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا بیروڕای خۆیان بۆ ئاگاداریی ئەمریکا و خەلکی عێراق و کورد و هەموو لایەنەکان بڵاودەکردەوە. رۆژانی 14-17/12/2002 کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداریی 370 کەس لەشاری لەندەن بەڕێوەچوو. نوێنەری یەکێتی و پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشداربوون، لایەنە عێراقییەکانیش بریتیبوون لە ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامیی لە عێراق بە سەرۆکایەتیی محەممەد باقر حەکیم، ئەیاد عەلاوی، کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد چەلەبی، لەگەڵ دەیان بەناو بێلایەنی سەر بە چەندین لایەن و دەولەتان و زاڵمای خەلیلزاد نوێنەری ئەمریکای تێیدا بەشداربوون. نوێنەری یەکیتی و پارتی لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین جار دووپاتیانکردەوە "**کورد دەوڵەتی ناوێ و، گەلی کورد نایەویت لە عێراق جیابێتەوە**". تێکڕای ئەندامانی بەشداری کۆبوونەوە جەختیان لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق کردەوە.

رۆژی 20ی مارچی 2003، بۆ کورد و هاوکات بۆ رژێمی بەعسیش رۆژیکی گرنگ و مێژوویی بوو. لەو رۆژەدا ئەمریکا و هاوپەیمانانی هێرشیانکردە سەر رژێمی بەعسی عێراق بە سەرۆکایەتیی کوردکوژ و مرۆڤخۆری گەورە سەدام حسێن، لە ماوەی چەند رۆژێکدا هێزەکانی ئەمریکا بەغدا و شارەکانی عێراقی داگیرکرد. بۆ نەتەوەی کوردیش رووخاندنی رژێمی بەعسی عێراق،

هاوکاتبوو لە گەڵ گەورەترین خیانەتی نیشتمانی و نەتەوەیی بە درێژایی مێژووی دابەشبوونی کوردستان لەلایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستانەوە. چۆنکە لە گەڵ رووخانی رژێمی بەعسی عێراق، چوارچێوەی دەولەت و سوپا و ئابووری و پێوەندیی نێودەوڵەتی و بەگشتی هەموو ئۆرگانەکانی دەولەتی عێراق دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ لەبەریەک هەڵوەشایەوە، داری بەسەر بەردەوە نەما. هەلێکی تاکهەڵکەوتووی مێژوویی بوو سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکە دەسبگرن بەسەر تەواوی ئەو نێوچانەی بە درێژایی رژێمەکانی یەک لەدواییەکی عێراق بە عەرەبکرابوون و، سەرتاسەری خاکی کوردستان رزگار بکرایە. پەلەیان بکردایە لە تێکەڵکردنی هێزەکانیان و دامەزرانی سوپای کوردستان و حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردستانیی بە بەشداریی زانایان و نیشتمانپەروەرانی حیزبی و ناحیزبی و یاسای دەوڵەتی کوردستان ئامادە بکرایە و، لە گەڵ ئەمریکا و کۆمەلەیَ نەتەوە یەکگرتووەکان بکەوتنایە گفتوگۆ کە چاودێریی رێفراندۆم بکەن لە کوردستان، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ئازادیدا چارەنووسی خۆی دیاریکات. کەچی هەر لە پێش رووخانی رژێمی بەعس و دوای ئەوەش رایانگەیاند: "کورد نایەویَ لە عێراق جیابێتەوە و کورد، داوای فیدراڵی دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا!". بێگوێدانە ئەوەی فیدراڵی دیاردە و دەسکەوتی کۆمەڵگەی ئازاد و دیمۆکراتە و لە نێوچە و وڵات و کۆمەڵەگەیەک دانامەرزیَ کە مێژووەکەی

تەژییە لە دەماگرژیی ئاینی و رەگەزی و تووناکردنی پێڕەوانی ئاین و ئاینزای دیکە.

بە کورتی، هەستی خۆبەکەمزانینی سەرۆکایەتیی کورد هۆکار بوو رژێمی عێراقی تازە دامەزرێتەوە و، پاش چەند ساڵێک کە رژێمی عێراقی تازە هێز و گوڕوتینی هاتەوەبەر، کورد چەندجارێکی دیکە ئەنفالی لێکرایەوە بەرە بەرە ئەو دەسکەوتانەی بە پێی یاسا کورد هەیبوون، پشتگوێخران و کاری گەیشتە ئەوەی هەموو دەسەڵاتێکیان لێ بستێننەوە و، ئابووریی کوردستان بخەنە ژێر دەستیان و هەتا لە بەغداوە مووچەی مانگێکیان بۆ دەنێرن، زووخاو بکەنە دڵیان و خەڵکی کورد چاوەڕوانبن بزانن کەی، لە چ مانگ و وەرزێک لە بەغداوە بڕەپارەیەکیان پێدەگا، پێی بژین!!؟

وەک لە دێڕەکانی سەرەوەش ئاماژەمانپێکرد، بە پێچەوانەی دوو حیزبە کوردییەکە عەرەبی تازە بە دەسەلاتگەیشتوو، بە ئەشکەرە و بێ پێچوپەنا دژایەتیی هەر چەشنە دەسەلاتێکی هەرێمی و فیدراڵییان دەکرد و، ئەمەشیان نەدەشاردەوە و تەنانەت پێش رووخانی رژێمی سەدامیش ئامادە نەبوون بچنە ژێرباری پەسنکردنی فیدراڵیی بۆ کورد. بۆ نموونە رۆژی پێنجشەممە 3/10/2002 رۆژنامەی "جمهوری ئیسلامیی" سەر بە رژێمی ئێران لە بارەی پێشنووسی فیدراڵی لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، پرسیاری لە محەممەد باقر حەکیم کرد، ئەویش لە وەرامیدا گوتی: **"ئاگام لەو رەشنووسە نییە، لەو بارەوە لە گەڵ پارتی دێمۆکراتی کوردستان**

**قسەمانكرد، ئێمە رازی نین عێراق بەش بكرێت. ئەگەریش مەبەست لە فیدراڵی ئەوە بێت هەموو عێراق بگرێتەوە، ئەوا دەبێ هەموو گەلی عێراق لە بارەیەوە بۆچوونی خۆی دەربڕێت''.** مەلا باقر حەكیم چەن جارێكیتریش تەنانەت ساڵێك دوای رووخانی رژێمی سەدام لە رۆژی 6/2/2004 لە وتووێژی لەگەڵ رادیۆی "العراق الحر" گوتی: **''بڕیاردان لەبارەی ئەوەی كورد فیدرالی هەبێ، دەبێ هەموو خەڵكی عێراق دەنگی لەسەر بدا و، فیدرالی بۆ هەموو خەڵكی عێراق بێت''.**

دوای هێرشكردنە سەر عێراق لەلایەن ئەمریكاوە، لە ماوەی بیست رۆژدا شاری بەغدا داگیركرا و، دەوڵەتی بەعس هەرەسیهێنا، "پۆل بریمەر" نێردەی جۆرج دەبلیۆ بووش، حكوومەتێكی كاتیی لە بەغدا دامەزراند خۆی سەرۆكی بوو. لەمانگی JONE (جۆزەردانی 2004) عەرەبێكی كۆنەبەعسیی سوننە بە ناوی "غازی عەجیل عەلیاوەر" هەڵبژێردرا بۆ سەركۆماری كاتیی ئێراق بۆ ماوەی ساڵێك. حكوومەتی تازەی عێراق هیشتا هێزی پەروەردەكراو و سوپای نەبوو، هێزەكانی ئەمریكا و هێزی پێشمەرگەی كوردستان ئەركی پاراستنی بەغدا و شارەكانی عێراق و پارێزگاریكردنی بەرپرسانی تازەی حكوومەتی عێراقیان خستبووە ئەستۆی خۆیان. عەلیاوەر كە هیشتا كۆڵانێكی بەغدای بە تەواوەتیی بەدەستنەبوو، لە ڕۆژی 5/10/2004، كەناڵی "ئەلعربییە" وتووێژی لەگەڵ كرد لە بارەی بوونی دەنگێكی سەربەخۆییخوازیی لە كوردستان، گوتی: **''جیابوونەوە لە عێراق خیانەتە و بە هەموو هێزێكمانەوە شەڕی ئەوانە**

دەکەین دەیانەوێ لە عێراق جیاببنەوە. راستە باوەڕمان بە دیمۆکراسی و مافی رادەربڕین هەیە و باوەڕیشمان بە فیدرالی هەیە، بەلام جیابوونەوە بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین و شەڕی مان و نەمانیان لە گەڵ دەکەین. عێراق هەر هەبووە و هەر دەشمێنێ... ".

لەدێڕەکانی سەرەوە باسی هەڵویستی شیعەکانی عەرەبمان کرد چلۆن دەیانڕوانییە مافی کورد، ئەمەش نموونەیەک بوو لە هەڵویستی سوننەی عەرەب بەرامبەر کورد دوای رووخانی رژیم. بەڵام مخابن سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەکە چاویان لە ئاست ئەو راستییانەدا نووقاندبوو بە دەسکەوتی کاتیی رازیبوون و لە راگەیاندنی کوردیدا زۆر بە گەشبینییەوە لە بارەی داهاتووی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا لێدوانیان دەدا.

لە ساڵی 2000 یزاینییەوە، ژمارەیەک لە کاربەدەستانی رژێمی سەدام دوای ئەوەی هەستیان بە ناکۆکیی قووڵی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا لە گەڵ عیراق کرد، هەوڵیاندا لە عێراق رابکەن یەکێک لەمانە تاوانبار ژنەڕال نزار خەزرەجی سەرۆکئەرکانی سوپای عیراق بوو لە سەردەمی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، رۆڵی گەورەیگێرا لە کوشتنی دەیانهەزار کورد و وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستان. ژنەرال خەزرەجی لە عێراقەوە رایکرد چووە لای تالەبانی. نێزیک بە ساڵێک لە شاری سلێمانی شاردرایەوە بە پارەی خەڵکی کوردستان باڵەخانە و هەموو پێداویستییەکی جێبەجێکرد بۆی، پێشمەرگەشی کرد بە

پاسەوانی پارێزگاری لێبکەن. خەزرەجی لە ساڵی 2001 بە یارمەتیی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی گەیەندرایە ئەورووپا و وڵاتی دانمارک نیشتەجێبوو، داوای پەنابەرێتییکرد. ژمارەیەک نەتەوەیی و ولاتپارێزی کورد دوای ئاگاداربوون لە گەیشتنی خەزرەجی بۆ دانمارک، داوایان لە دادگەی دەولەتی ئەو وڵاتە کرد ژنەرال نزار خەزرەجی بگرێت چۆنکە ئەم کابرایە لە پلەی سەرۆکئەرکانی سوپای رژێمی بەعس بەشداری هەموو تاوانەکانی ئەو رژێمی بووە. بەڵام ئەوە بوو جەلال تالەبانی پشتگیریلێکرد و نامەی نارد بۆ دادگەی دەوڵەتی دانمارک و نووسی بۆیان: "خەزرەجی کەسێکی بێتاوانە، ماوەی چەند ساڵە پێوەندییان لەگەڵ یەک هەبووە و داوا دەکەین ئازادی بکەن!". دادگەی دانمارک ژنەڕاڵ خەزرەجی بانگێشتکردەوە، بەڵام جارێکتر جەلال تالەبانی و فوئاد مەعسووم و هەروەها دڵشاد میران نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، نامەیاننارد بۆ دادگە و داوای ئازادکردنی خەزەرجییان کرد و وەک کەسێکی بێتاوان و دژ بە سەددام نێویانهێنا. دوای پرسی دادگەییکردنەوەکەی لە دانمارک خەزرەجی خۆی ونکرد، بە هاوکاریی ی. ن. ک. برا بۆ وڵاتی نۆروێژ و ماوەیەک لە شاری ئۆسلۆ لای کۆمیتەی نۆروێژی یەکێتیی مایەوە کە بەرپرسەکەی "عەبدولسەلام عەبدولغەنی خەڵکی دهۆک" بوو. چەنجارێک لە ئۆسلۆ لەسەر پرسی عێراق و باشووری کوردستان حیزب ورێکخراوە کوردییەکان کۆدەبوونەوە، کۆمیتەی یەکێتیی خەزرەجییان دەهێنایە کۆبوونەوە و لەبەر دڵی ئەو بەزمانی عەرەبی قسەیان دەکرد و ئەویش رووماڵدراوانە راوبۆچوونی خۆی لەبارەی داهاتووی

عێراق دەردەبڕیی بۆمان، هەتا ئەز و چەند هاوڕێیەک نارەزایەتیمان دەربڕیی کە ئەمە کۆبوونەوەی کوردە هی عەرەب نییە ئەوجا ئەم کابرایە دەڵێن تاوانبارە بۆچی هێناوتانە بۆ کۆبوونەوە!؟ نوێنەری یەکێتیی کاک عەبدولسەلام فەرمووی: تاوانبار نییە پیاوێکی باشە. مامجەلال دەیناسێ!!!

لە پێوەندیی لە گەڵ خوێنڕێژ و کاربەدەستێکی دیکەی رژێمی سەددامەوە، جەلال تاڵەبانی هەروەها لە 21/7/2007 یشدا لە چاوپێکەوتنی لە گەڵ کەناڵی "العربیة" گوتی: "لە دادگەی عێراق، داوای کەمکردنەوەی سزای لە سێدارەدانی سوڵتان هاشم سەرلشکری سوپای رژێمی بەعسیم کردووە، شیاوی ئەوە نییە لە سێدارە بدرێت. سوڵتان هاشم فەرماندەیەکی ئازا و لێهاتوو و بەتوانایە و هەرچییەکی کردبێ فەرمانی پێکراوە و فەرمانی سەدامی جێبەجێکردووە و نەیتوانیوە سەرپێچی بکات، چۆنکە سەدام دەیکوشت!!".

لە بەرامبەر ئەم هەستی دڵسۆزی و برایەتی و خزمەتکردنە یەکلایەنەی پارتی و یەکێتیی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی لەکارلانراوی بەعس و دەسەڵاتدارانی تازەی عێراق و گێڕانەوەی سەروەریی بۆ عێراق پێشانیاندەدا، کەچی بەرامبەر یەکتر زۆر دڵڕەقانە و نانەتەوەییانە و هەر بە بیری سەردەمی شاخ و بیری تووناکردنی یەکتر کاریاندەکرد. بۆ نموونە لەساڵی 2004، پارتی دیمۆکراتی کوردستان 68 ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لە "ئاکرێ" چەککرد، نەیهێشت یەکێتیی لەو شارە بنکە بکاتەوە. یەکێتیش 18 پێشمەرگەی پارتیی چەککرد و رێگەینەدا لقی 12ی پارتیی بگەڕێتەوە بۆ رانیە و پێنجوێن و قەلادووزێ و هەڵەبجە. هەر

**لەم ساڵەدا (2004) لە ڕۆژی 14/4 دا چەند هەزار عەرەبی ڕەگەزپەرستی شاری فەلووجە پێنج هاووڵاتیی کوردی بازرگانیان گرت بە ئۆتۆمۆبیل بۆ کاسپی چووبوون. دوای لێدان و سووکایەتییەکی زۆر دڕندانە لە گۆڕەپانی نێوەڕاستی شار بەدەم دروشمی اللهاکبر و جنێودان و سووکایەتیی بە کورد، ئاگریان لە جەستەیان بەردا و، کردیانن بە خۆڵەمێش. ئەمەش زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ کورد، ڕۆژانێکی تاریک و پڕمەترسیی لەسایی "عێراقی هیوا و ئاشتی" یەکەی پارتی و یەکێتی، چاوەروانیدەکات.**

سالێک دوای ڕووخانی رژێمی بەعس، بەشێک لە هێز و کارناسانی سیاسی و سەربازی و ئابووریی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە کوردستان و عێراق مانەوە. باری ئابووریی کوردستان ڕووی لە گەشەکردن کرد و، پارەیەکی زۆریش بە ناوی هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان و وەرگرتنی دراو بە ناوی هەڵەبجە و ئەنفالکراوان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان گەیشتە دەستی سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکەوە. زۆرینەخایاند تویژێکی هەلپەرست و خۆبژێنی حیزبیی لە پڕێ بوون بە حووت و فێرعەون، تا وایلێهات لە ڕۆژی 28/8/2004 جەلال تالەبانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری سلێمانی، بە ئاشکرا باسی لە دیاردەی دزی و گەندەڵی کرد لە حیزبەکەی گوتی: **" گەندەڵیی ئیداری بە هەموو شێوازەکانییەوە لەنێوماندا بڵاوبووەتەوە. ئەمە شتێکی خراپە و نابێ ڕێگە بدەین لەنێوماندا ئەم دیاردەیە پەرەبستێنێ. پێمباشە باسی نامەیەکی**

نێوان "دانیەل میتەران" و "بێڵ کلینتۆن" سەرۆکی ئەمریکا بکەم. بیل کلینتۆن لە وەرامی نامەیەکی دانیەل میتەران کە باسی نەهامەتی و بەشخوراویی کوردی کردووە بۆی، دەڵێ: "راستە گەلی کورد گەلێکی زۆرلێکراو و مافخوراوە، بەڵام ئایە دەتوانن خۆیان بەرن بەڕێوە!؟ کورد دیاردەیەک لە نێویاندا هەیە ئەویش تێکبەربوونە و دوو حیزب شەڕی یەکدی دەکەن. جا ئەگەر ئازادیی تەواویان بدەینێ، چی لە یەکتر دەکەن!؟ لەبەر ئەوە گومانم هەیە ئەو میللەتە بتوانێ ئیدارەی وڵاتی خۆی بکات!".

جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێت، ئەوکات کاک مەسعوود و مامجەلال وەک دوو لایەن و جەمسەری سەرەکیی شەڕ و کێشەی نێوخۆیی، بۆچی دوای ئاگاداربوون لە نێوەرۆکی ئەو نامەیە هەوڵیاننەدا کۆتایی بە ناکۆکیی نێوخۆیی بهێنن، لە کلینتۆن و هەموو دنیای بگەیەنن کورد "دین" (شێت) و گێل و دواکەوتوو نییە و هۆشیارە دەتوانێ خۆی بەرێبەڕێوە؟! کاک مەسعوود و مامجەلال کە توانییان شوورە و چوارچێوەی کۆشکوتەلاری رووخاوی رژێمی عێراق سەر لەنوێ داڕێژنەوە، بۆچی نەیانتوانی هەنگاو هەڵبگرن بۆ یەکخستنی نێومالّی کورد!؟

بە کورتی، تێکۆشینی یەکێتی و پارتیی بۆ دامەزراندنەوەی عێراقی تازە هەموو بوارەکان، لەوانە پێوەندیی نێوچەیی و نێودەوڵەتیشی گرتەوە. هۆشیار زێباریی وەزیری دەرەوەی عێراق هەوڵی زۆریدا عێراق ببێتەوە ئەندام لە "کۆمکاری عەرەبی" و عێراق بگەڕێتەوە باوەشی "نیشتمانی عەرەبی" و لەلایەن کۆمەلەی

نیودەوڵەتییشەوە پێگەی رابردووی وەرگرێتەوە. جیا لە هەوڵی دڵسۆزانەی هەردوو حیزبەکە بۆ عەرەبەکان، "بەرەی ترکمانی"ش پشتگوێنەخران و جەلال تالەبانی لە ساڵی 2004 بۆ رازیکردنی دڵی ترکمان و رژێمی ترکیا، چەن سەت پارچە زەوینی لە کۆیە و سلێمانی بەخشی بە بەرەی ترکمان و، لە کاتی بەخشینی خاکی کوردستان لە دیلمانجەکە دەپرسێ: **"چەندەیان دەوێ!؟"، پرسیارەکەی لە کابرایەک دەچێ پیشەی چێودارییە و لە "مەیدانی حەیوانانی بۆکان"، مەڕ وگا و بزن و وڵاخ دەفرۆشێ!!". ئەوجا دەستی کاربەدەستەکەی "میتی ترکیا" دەگرێ و ماچیدەکا و بە پێکەنینەوە دەڵێ: "ئەوا دەستیشم ماچکرد هههههه!!".**

هەموو ئەو کەسانەی لە کۆنەوە لە گەڵ یەکێتیی ژیاون، چ ئەندامی سەرکردەیەتیی بووبێتن، یان کادر و پێشمەرگەی دێرین، باشیان لە بیرە جەلال تالەبانی دەیانجار بە گۆچان لە پێشمەرگەی داوە و، سووکایەتی و گاڵتەی بە بەرپرس و تەنانەت ئەندامی سەرکردەیەتیی حیزبەکەی کردووە. هۆی چییە ئەم کەسە دیکتاتۆر و کوردبەهیچنەزان و لووتبەرزە، بەرامبەر سیخوڕێکی پلەنزمی رژێمی داگیرکەری ترک هێندە سووک و چرووک و رەزیل دەردەکەوی!؟ ئایە ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ هەستی خۆ بەکەمزانینی کورد لە سەرکردەکانییەوە سەرچاوەیگرتووە!؟

بڕوانە نموونە و بابەتێکیتر! لە مانگی نەورۆزی 2004 جەلال تاڵەبانی لە وتوویژ لە گەڵ گۆڤاری ئەڵمانی "دێر شپیگڵ" دەڵێ:

**"ئێمە وەکوو کورد لە هەموو رووییەکەوە لە گەڵ ئایەتۆڵڵا سیستانی ڕێککەوتووین و بەڕێزیان پیاوێکی پێشکەوتنخوازە و وەک خومەینیی نییە. سیستانی دان بە فیدرالیزمدا دەنێ بۆ کورد. ئایەتۆڵڵا سیستانی خوازیاری حکوومەتی ئاینیی نییە...!".** دوای چەن دەمژمێرێک گوتەبێژی ئایەتۆڵڵا سیستانی لە ڕێگەی میدیاکانی خۆیانەوە رایانگەیاند: **"ئایەتۆڵڵا سیستانی بەهیچ جۆرێک لە گەڵ جەلال تالەبانی لەبارەی فیدرالیەوە قسەی نەکردووە و، بیرورای بەڕێزیان بەرامبەر دوواڕۆژی عێراق دیارە!".**

بەڵام تالەبانی خۆی لێ کەڕ کرد و، بێدەنگیی لێکرد. بەراستیی مرۆڤ سەریسووڕدەمێنێ. باشە لە پێناوی چیدا سەرۆکێکی کورد لە بارودۆخێکی وا هەستیار و مێژووییدا خۆی لای خەڵکانێک سووک بکا کە چاویانبڕیوەتە داگیرکردنی خاک و گەل و نیشتمانەکەی و، گاڵتەی پێبکەن و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە بڵێن پێی: **"درۆ دەکەی، مەلا سیستانی لە گەڵت قسەی نەکردووە!".**

لەنێو بنەماڵەی تاڵەبانیی، یەکەمکەسیان هەر لەسەرەتا و دەسپێکی کاری سیاسییەوە، بەتەواوەتیی ڕێچکەی جەلال تالەبانیی گرتەبەر ئالا تاڵەبانییە. ئەم خاتوونە کە ئیمڕۆکە بە پێی لێدوان وتەکانی بە یەکێک لە دوژمنەکانی کورد و سەربەخۆییی کوردستان دەناسرێ و، بووەتە زوڕناژەنی دەسەلاتدارانی شیعەی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و، بە شانازییەوە لە گەڵ مەلاعەرەبەکان وێنەدەگرێ و لە نێو بەغدا و لە کۆبوونەوەکاندا

لەگەڵ ئەو "وەلەدزنە"ی دیکە (هۆشیار عەبدوڵڵای گۆران) دەکەونە لاشانی راست و چەپی نووری مالکی و کاربەدەستانی عەرەبی عێراق، سەرەتای هاوکاریکردنی ئاشکرای لەگەڵ عەرەبی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێک دوای رووخانی رژێمی بەعسی عێراق. ئێوارەی رۆژی 13/1/2003 لە کەناڵی ANN یً عەرەبی بەرنامەیەک رێکخرابوو ئالا تاڵەبانییش لە بەرنامەکەدا بەشداربوو. پێشکێشکاری TV عەرەبییەکە کورتە فیلمێکی جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان پێشاندا لە ولاتی لیبی، لە گەڵ دوو هاوبیری کۆنگرە (**شێخ لەتیف مەریوانی و برووسک ئیبراهیم**)، ئالای کوردستان پێشکێشی سەرۆکی کۆچکردوو مەعمەر قەزافی دەکەن. (**هێژای گوتنە قەزافی هەتا لە ژیاندا بوو، بە دراو و چەک و وتە و لێدوانەکانی تاکە سەرکردەیەکی عەرەب بوو لە پشتیوانیکردنی کورد و داوای سەربەخۆیی کوردستان نەوەستا. گەلی کورد قەرزداری ئەم پیاوە گەورە و دڵسۆزەی کوردستانە و بێگوێدانە هەڵوێستی رۆژاوا و خەڵکی دی لە بارەیەوە، پێویستە کورد هەمیشە بە رێزەوە یادی بکاتەوە و، لە مێژووی دڵسۆزانی کورد و کوردستاندا ناوی تۆمار بکرێت**).

جا لە بەرنامەکەدا پێشکێشکارەکە لە ئالا تالەبانی دەپرسێت: **''ئەم ئالایە کە ئالای کوردستانە، ئەو واتایەی نییە کە ئێوەی کورد نیازی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانتان هەیە!؟ کێ دەڵێ ئێوەش لە دڵەوە شتێکی وا ناخوازن؟''.** ئالا تالەبانی گوتی: **''ئەم ئالایە تەنیا یادگارییەکی کۆماری مەهابادی کوردستانی ئێرانە. ئەو ئالایە بە مانای چ شتێک نایەت و نوێنەرێتیی کەسیش ناکات. هەر کەسێک بۆی هەیە خەون بە**

**دەوڵەتی کوردییەوە ببینن، بەڵام ئێمە (یەکێتیی) بیر لە سەربەخۆیی کوردستان ناکەینەوە!". ئالا تالەبانی لە درێژەی قسەکانیدا چەن جارێک ناوی کوردستان بە "شمال العراق" دەهێنێ و بۆ جارێکیش ناوی کوردستان بەزاریدا نایە. "بڕوانە گۆڤاری کۆنگرە ژمارە (26) لاپەڕە (7) مانگی نەورۆزی ساڵی 2003 نووسینی: مەهاباد کوردی".**

هەر لە نێوان سالانی 2003 بۆ 2005 دەمێنینەوە کە لە ریزی تاریکترین سالانی مێژووی پڕکارەساتی کوردن، چۆنکە دوای ئەوە هەرچییەک بەسەر کورد هات، لە کۆچی دەیانهەزار لاوی کورد بەرەو ئەورووپا و خنکانیان لە زەریای "ئیجە"، ئەنفالی شەنگال و هەرزانفرۆشتنی بەشێکی گەورەی خاکی نیشتمان بە کەرکووکیشەوە هەزاران رۆڵەی کورد لە پێناویدا شەهیدکرابوون هەرهەمووی بە هۆی دامەزراندنەوەی عێراقی تازەوە بوو لەسەر دەستی یەکێتی و پارتی کە سەربەخۆیی کوردستانیان کردە قوربانی بەرژەوەندیی خۆیان. نموونە بۆ بیرهێنانەوەی ئەم راستینەیەش لە مانگی گەلاوێژ (ئەگوستی 2004)، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دوکتۆر کەمال فوئاد لە لێدوانێکیدا رایگەیاند: **"کەرکووک و نێوچەرزگارکراوەکانی دیکە مافی ئەوەیان نابێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداریبکەن. ئەم بڕیارە ئەو ئاوارانەش دەگرێتەوە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. ئێمە بەمە رازی نین و پێماننناخۆشە، بەڵام دەسەلاتیشمان نییە! لە عێراقدا سێ جۆر هەڵبژاردن دەکرێت. 1- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق. 2- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی**

**شارەکان. 3- هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. خەڵکی نێوچە کێشە لە سەرەکان دەتوانن لە خاڵەکانی یەک و دوو دا بەشدارییبکەن، بەڵام ناتوانن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەشدارییبکەن!".**

لە ڕۆژی 6/9/2004 ئەنجومەنی پاریزگاری کەرکووک بڕیاریدا کۆبوونەوەی (66)مینی خۆی ببەستێ، بەڵام پاش ئاگاداربوونی عەرەبەکان و بەرەی ترکمانی لە داخوازییەکانی بەرەی کورد بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندی "شوارۆ" کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا وێرانکرابوو، بە نیشانەی ناڕەزایەتیی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت و چوونە دەرەوە. هێژای گوتنە عەرەبەکان و بەرەی ترکمانی بەرەیەکی هاوبەشیان پێکهێناوە و، بە هەموو شێوازێک کۆسپ و تەگەرە دەخەنە سەر رێی گەرانەوەی ئاوارەکانی کەرکووک و ئاوەدانکردنەوەی گوندە رووخاوەکانی کوردستان! (**بڕوانە گۆڤاری "کۆنگرە"ژمارە** (32) **لاپەڕە** (18) **مانگی گەلاوێژ** (**ئەگۆست**) **ی** 2004.

هێشتا چەن مانگێک بەسەر رووخانی رژێمی سەدامدا تێنەپەڕیبوو ولاتانی عەرەب بە تایبەتیی میسر و ئۆردۆن و سعوودی و هەروەها رژیمی ترکیا خەمی ئەوەیان لێنیشت کورد لەوانەیە ببێت بە دەوڵەت. جا بۆ تاقیکردنەوە و تێگەیشتن لە نیازی کورد، بەرهەم سالح سەرکوەزیرانی یەکێتیی لە هاوینی 2003 بانگێشتکرا بۆ ولاتی میسر. عەمرۆمووسا سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی گوتی: "**عێراق بەشێکە لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب!**". بەرهەم

ساڵح متەقی نەکرد و زمانی بەسترا و نەیوێرا بێژێ عێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێکهاتووە. کورد چەند هەزار ساڵێکە لەسەر خاکی خۆی دەژی کە ناوی کوردستانە و، کوردیش وەک عەرەب و هەر نەتەوەیەکیتر خاوەنی ئەو مافەیە و، دەتوانێ بڕیار لە چارەنووسی خۆیانبدەن. هۆشیار زێباریش وەک ئەندامی سەرکردەیەتیی پارتی و وەزیری دەروەوی عێراق لە ئاستی نێودەولەتیی رۆڵێکی گەورەی گێرا بۆ گێڕانەوەی سەروەری و ئەندامەتیی عێراق لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی. لە کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی، چەن جارێک تکایکرد لە عەمرۆمووسا کە سەردانی عێراق بکا و، عێراق لە کۆمەڵگەی دەولەتانی عەرەب (کۆمکاری عەرەبی) بە ئەندام وەربگیرێتەوە.

جیا لە پارتی و یەکیتیی، حیزب و لایەن و کەسایەتیی دیکەش هەبوون بۆ وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسی لە عێراقی تازە هەوڵیاندا خۆیان لە ئەمریکاییەکان و لە عەرەبەکان بە تایبەتیی نێزیک بکەنەوە. یەکێک لەمانە دوکتۆر مەحموود عوسمان بوو، کاتێ هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی حکوومەتی کاتیی عێراق، یەکسەر گوتی **پێویستە ئاڵای عێراق لە کوردستان هەڵبکرێ و "ئەو کوردانەی لە خۆپێشاندانی کەرکووک درۆشمی "سەربەخۆیی بۆ کوردستان" یانداوە، بیروبۆچوونی فەرمیی کورد دەرنابڕن...!"**.

خوێنەرەوەی هێژا کە بەم رووداوانەی ساڵانی سەرەتای رووخانی رژێمی بەعسدا دەچێتەوە، بیریدێتەوە سەرۆکایەتیی یەکێتی و پارتی و سیاسەتکارانی نانەتەوەیی ئەوکات، چەند

خیانەتی گەورەیان بەرامبەر خوێنی بێئەژماری شەهیدانی کوردستان و، نەتەوە و خاکی کوردستان و هەبوون و ناسنامەی کورد کرد.

**لە نێو بازاڕی چەواشەکاری و سەرلێشێوان و خۆڵکردنە چاوی خەڵک و دڵخۆشکردنی ڕەشەخەڵکەکە بە هاووڵاتی پلەیەک و مافی وەکهەڤی و داهاتی خۆمان بۆ خۆمان و، لە بووجەی عێراقیش بەشماندەبێ و، تێپەڕاندنی ئەو رۆژە هەستیار و مێژووییانە بە ئێوارەخوان و گێرانەوەی نوکتە و قسەیخۆش و ماچوومووچ و، خەونبینین بە وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی لەعێراقی تازە، بۆ نەتەوەییەکانی کوردستان زەنگێکی مەترسیدار بوون و، دڵنیابوون لەوەی لەباربردنی ئەم هەلە تاکهەڵکەوتە مێژووی و دەگمەنە کوردستان بەرەو مەرگەساتێکی قووڵتر دەباتەوە و، دۆزی رەوا و بیری دەوڵەتی کوردیی بۆ ماوە و زەمەنێکی نادیار دوادەخات.**

هەر لە سەرەتای دامەزرانی "هەرێمی ئاسایش" ژمارەیەک کەسایەتیی نەتەوەیی وەک جەمال نەبەز، عەبدوڵڵا پەشێو، کامیل ژیر، حەکیم کاکەوەیس، نووسەری ئەم دێڕانە و دەیان دڵسۆز و نیشتمانپەروەری دیکە چ وەک تاک یان وەک رێکخراوە لەنێو "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان" کە دەیان کەسایەتی و نووسەر و زانای کوردی لە دەور کۆببووەوە، لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات لە سەمینار و ناردنی نامە بۆ سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکە و لە ڕێگەی دیمانەی تەلەفزیۆنی و بڵاوکردنەوەی وتار و شرۆڤەکردنی بارودۆخەکە هەوڵێکی بێوچانیان دەسپێکرد بۆ

بەئاگاهێنانەوەی سەرۆکایەتیی دوو زلحیزبەکە و جەماوەری کوردستان بەگشتیی.

لێرەدا بە چەند دێڕێک ئاماژە بەو هەوڵدانە بێئەنجامانەی نەتەوەییەکانی کوردستان دەکەم، لە سەروبەندی دامەزراندنەوەی عێراقی تازە، لە بەر دهۆڵ و زۆڕنا و سەما و هەڵپەڕکێی عێراقی نوێ گوێیان لێنەگیرا و خرانە پشتگوێ.

لە ڕۆژانی 10-11/10/1998 کۆنگرەی چوارەمینی-کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە شاری لەندەن بە بەشداریی سەدان کەسایەتی و نووسەر و ئەکادمی و سیاسەتکاری کورد و بیانیی دەستپێکرد. کۆمیتەی سەرپەرشتیکردنی کۆنگرە، لە جەواد مەلا، حەمەڕەشی هەرەس، سیروان کاوسی و، جانکورد پێکهاتبوون و سەرەتا ئاماژەیان بە سەدان نامە کرد لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا "تۆنی بلێر" و دەیان ئەندام پەرلەمان و لۆردی بریتانی و کەسایەتیی کورد و ڕێکخراوەی کوردستانی و بیانییەوە بۆ کۆنگرە نێردرابوون. لەسەر بڕیاری کۆنگرە، هاوبیران دوکتۆر جەمال ڕەشید و دوکتۆر کوردستان موکریانی گەڕانەوە بۆ کوردستان، بە یاوەریی یاسازان کامیل ژیر چوونە سەردانی هەردوو حکوومەتی هەولێر و سلێمانی، دوای ئاگادارکردنیان لە نێوەرۆکی بڕیارەکانی کۆنگرە، داوایانلێکردن ڕێگەبدەن کۆنگرە لە هەردوو شاری هەولیر و سلێمانی نووسینگە بکاتەوە.

دوکتۆر کوردستان موکریانی و دوکتۆر جەمال رەشید و هاوبیرانی باشوور وەک شاندی کۆنگرە چەن جارێک لە گەڵ هەردوو دەسەلاتی هەولێر و سلێمانی کۆبوونەوە، لەلایەن هەردوو لاوە بەلێنی هاوکارییان دابوو بە کۆنگرە. لە ڕۆژی 25/4/1999

دوکتۆر جەمال ڕەشید لە کۆڕێک بۆ هاوبیرانی کۆنگرە و نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەرلین ڕێکخرا لە بارەی سەردانەکەیان بۆ باشوور قسەیکرد و گوتی: "**لە هەولێر و سلێمانی چاوی بە کاک مەسعوود و مامجەلال کەوتووە، هەردووکیان داوایانکردووە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر و لە سلێمانی نووسینگە بکاتەوە و، بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیان داوە**...". بەڵام هەردوو حیزبەکە بەڵێنی خۆیان پشتگوێخست و، ئامادەنەبوون نەتەوەییەکانی کوردستان لە باشوور نووسینگە دامەزرێنن".

ڕێکەوتی 1/1/2000 نێچیرڤان بارزانی نامەیەکی نارد بۆ دوکتۆر جەمال نەبەز، لەگەل پیرۆزباییکردنی ساڵی تازەلێی، سوپاس و پێزانینی بۆ خزمەتی گەورەی مامۆستا نەبەز لە بواری زمان و رۆشنبیریی نەتەوەیی دەربڕیبوو، تکایکردبوو لێی سەردانی باشووری کوردستان بکا، کە زۆر شت هەیە ببینن و، زۆر پڕۆژە و پێشکەوتنی نوێ هەیە، زانینی بۆچوون و پێشنیازی زانای کوردی وەک ئەوی پێدەوێ .....". لە کۆتایی نامەکەیدا نێچیرڤان بارزانی داوا دەکات لە بارەی بەرهەمە چاپنەکراوەکانتان، زۆرمان پێخۆشدەبێ دەرفەتمان بدەن ئێمە لە کوردستان چاپیان بکەینەوە....".

دوکتۆر جەمال نەبەز، هەمووکات نامەیەکی پێدەگەیشت، کۆپییەکی دەنارد بۆ نووسەری ئەم دێڕانە (سیروان کاوسی) و بۆ کاک جەواد مەلا و کاک برووسک ئیبراهیم. ئەو نامەیەشی ناردبۆمان. تەلەفۆنمکرد بۆی، دیاربوو لە نێوەرۆکی نامەکەی

نێچیرڤان بارزانی خۆشحاڵبوو، لەبارەی گەڕانەوەیەوە گوتی: **"با جارێ ئەو چەند پەرتۆکە بنێرین لەوێ چاپ و بلاویکەنەوە، ئەوجا بڕیاری لێئەدەین".** سەرەتای مانگی (2) **تەلەفۆنیکرد زۆر زیز و توورەبوو، گوتی: "ئەمانە لای خۆیان حکوومەتن، تایبی پەرتۆکی "کوردستان و شۆرشەکەی"یان ناردووەتەوە بۆم، ئەوەندە هەڵەی تێدایە دەبێ چەن رۆژ دانیشم هەڵەبڕیان بکەم! ئەمانە چلۆن دەتوانن حکوومەت بەرنبەرێوە!؟ پارەیەکی زۆر بەفیرۆ ئەدەن، شتێکیان سازکردووە بە ناوی دەزگەی بلاوکراوە و چامەنیی ئاراس، دوو کەسیان دانەناوە لانیکەم لە زمانەکە شارەزابێ!".**

بەکورتی، ئێستاشی لە گەڵ بێ، نێچیرڤان بارزانی و دەسگەی "ئاراس" وادەکەی خۆیان نەهێنایەجێ و ئەو کتێبانەی جەمال نەبەز ناردی بۆیان، چاپیاننەکرد، هۆکەشی ئەوە بوو داوایانکردلێی، ئەو دێڕە لە کتێبی "کوردستان و شۆرشەکەی" بسڕێتەوە کە دەڵێ **"تا ئێستە کە لە ساڵی** 1971 **داین، بنەماڵەی بارزانیی هێشتا نۆکەری داگیرکەرانیان لێهەڵنەکەوتووە!". دوکتۆر جەمال نەبەزیش قبووڵی نەکرد و، گوتبووی: "لاینابەم، ئەوە راستە و، ئەوە مێژووە و ناتوانم دەسکاری بکەم...".**

ئیدی ئەوە بوو جەمال نەبەز چوونەوەی باشوور و بانگێشتەکەی نێچیرڤان بارزانیی پشتگوێخست. بێگومان ئەم داواکاری و مەرجدانانە لاواز و ناسیاسی و ناراستەی پارتی لە جەمال نەبەز بۆ چاپی کتێبەکانی، ئەو راستییەی پێشاندا سەرۆکایەتیی پارتی هێشتا نەیتوانیوە دابڕان و گۆڕان بکات لە بیری حیزبایەتییەوە بەرەو حکوومەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی. ئەوجا کەسایەتییەکی

نەتەوەیی وەک جەمال نەبەز خۆی گوتەنی: "**کوردستان لەنێو بازنەی ئاگردا**"یە و، دۆزەکەی کەوتووەتە سەر دووڕییانی "مان و نەمان"، لەباتی گرنگی و بایەخدان بە چاپی بەرهەمەکانی کە لەسەر ئەوە پەکینەکەوتبوو، (**چۆنکە نووسەری ئەم دێرانە لە چەن ساڵێکدا بە ئەرک و شەکەتی و شەونخوونی پێج بەرهەمیم بۆ چاپکرد و، پێشەکیم بۆ دووانیان نووسی و لە هەموویاندا بە چەند دێڕێک سوپاسیکردووم، ئەمەشم بۆیە کرد چۆنکە بەلامەوە گرنگبوو بیری نەتەوەیی، زیاتر بچێتە نێو رۆناکبیر و چینی خوێندەواری کوردەوارییەوە!**)، دەبوو بانگهێشتنەکەی نێچیرڤان بارزانیی قبولبکردایە ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی خۆی بەجێ هێنابایە، چەند کەسایەتییەکی ئەکادمی و نەتەوەیی وەک دوکتۆر کوردستان موکریانی و دوکتۆر جەمال رەشید و یاساناس کامیل ژیر و کەسایەتی و هۆنەری نەتەوەیی عەبدوڵلا پەشێو و هەر کەسێکی دی بۆ چوونەوە بە پێویستدەزانرا لەگەڵ خۆی بخستبایە و، رووبەڕوو ئەوی لە سوودی گشتیی نەتەوەی کورد و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی سەر رێگەی سەربەخۆیی کوردستانە بە ئاگاداریی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی بگەیاندبا. لە زانستگەکانی کوردستان لەنێو شارەکان کۆڕ و سەمیناری دانابا کەشێکی نەتەوەیی لە کوردستان بخستایەتەڕێ، لەوانە بوو کوردستان لەو مەترسییانە دوورکەوێتەوە کە ئیمڕۆکە تێی کەوتووە!

سەرەڕای نەچوونەوەی دوکتۆر جەمال نەبەز و ئەو کێشەی هاتەڕێ، پارتی وازینەهێنا و، لەمانگی May (گوڵانی) ساڵی 2000

سامی عەبدولرەحمان نامەیەکی نارد بۆ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی، جەواد مەلا و نووسیبووی، ئامادەن بۆ میواندارییکردنی شاندێکی کۆنگرە لە هەولێر و، لە نێزیکەوە بیروڕایان بگۆڕنەوە. جەواد مەلا نامەکەی ناردبۆم و، بەدوایدا تەلەفۆنیکرد و، گوتی: "لە گەڵ کاک جەمال (دوکتۆر جەمال نەبەز) قسەمانکرد، زۆرمان پێباشە تۆ و شێخ لەتیف مەریوانی و کاک حەمەڕەشی هەرەس، بەناوی کۆنگرەوە بچنەوە کوردستان، جا ئەگەر رازیت، کۆپی پاسپۆرتەکەت بنێرەبۆم". گوتم: "سوپاسی بەڕێزت و مامۆستا نەبەزیش دەکەم. منیش پێمباشە بچینەوە و لەوێ کاری کۆنگرە بخەینەڕێ". بۆ ئێوارەکەی دوکتۆر جەمال نەبەز تەلەفۆنیکرد، دوای هەواڵپرسین، گوتی: کاکە سیروان گیان دیارە کاک جەوادیش قسەی لەگەڵ کردووی، پێمباشە تۆ و ئەو دوو هاوبیرەی دیکە کاک حەمەڕەشی و کاک شێخ لەتیف، بچنەوە بۆ کوردستان، بە نوێنەرێتیی کۆنگرە سەردانی هەولێر بکەن. لە نێزیکەوە بارودۆخەکە و راوبۆچوونیاندەزانن و هاوبیرانی باشووریش دەبینن. پێشمباشە لەلایەن کۆنگرەوە خۆت سەرپەرشتیی باس و گفتوگۆکان بکەیت. زۆر باش و پێویستە بتوانین بە فەرمیی لە باشووری کوردستان نووسینگەی کۆنگرە دامەزرێنن".

رۆژێک دواتر کۆپی پاسپۆرتەکەم نارد بۆ کاک جەواد. دوای تێپەڕبوونی مانگێک لە رۆژی 19/7/2000 کاکە جەواد مەلا تەلەفۆنیکردبۆم گوتی: "کاک سامی عەبدولرەحمان نامەیەکی ناردووەبۆمان، دەڵێ ناتوانین گەرەنتی گیانی شێخ لەتیف مەریوانی و سیروان کاوسی بکەین، چۆنکە کوردی رۆژهەڵاتن و، ترکیا و ئێران رێککەوتنیان هەیە، کوردی رۆژهەلات لەڕێگەی ترکیاوە نەچنەوە بۆ باشووری کوردستان!". منیش گوتم

باشە خۆ پەساپۆرتەکەی من نەرویجییە و ناوی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستانی لەسەر نییە، ترکیا چووزانێ من کوردی ڕۆژهەڵاتم!؟ بە تەلەفۆن لە گەڵ کاک جەمال نەبەز قسەمکرد، گوتی: "کاک جەواد نامەکەی بۆ منیش ناردووە و، بۆ ئەو هەڵوێستەی پارتی زۆر بەداخەوەم. دوکتۆر جەمال ڕەشید لە گەڵ دوکتۆر کوردستان موکریانی لە کوردستان گەڕاونەتەوە بۆ هۆڵەندا، چەن ڕۆژێکیتر لە گەڵ کاک برووسک ئیبراهیم دەچینە لایان بۆ ئاگاداربوون لە بیروڕا و هەڵسەنگاندنیان لەبارەی کوردستانەوە...".

لەسەر بڕیاری کۆنگرە کاک حەمەڕەشی هەرەس و دوکتۆر ئەحمەد میراودەلی لە کاناداوە چوونەوە و، هێشتا لە هەولێر بوون، هێندێک کێشە هاتەڕێیان و، لە گەڵ سەرۆکی کۆنگرە کاک جەواد مەلا نێوانیان تێکچوو. دوای گەڕانەوەیان بۆ کانادا زۆر بەداخەوە وازیان لە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان هێنا. بوونی هەردووکیان بۆ کۆنگرە گرنگبوو. هەردووکیان نموونەی دڵسۆزی و بیروباوەڕی نەتەوەیی بوون. بەتایبەتیی حەمەڕەشی هەرەس وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی خاوەنئەزموون و رابردووخاوێن و خاوەنپێگە لەنێو ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و چینی خوێندەوار، چوونە دەرەوەی لە کۆنگرە، بوو بە کەلێنێکی گەورە.

لەوە بەدواوە چ پێوەندییەکی فەرمی و نافەرمیی لەنێوان "پارتی" (حکوومەتی هەرێم/هەولێر) و کۆنگرەی نیشتمانیدا نەما. سەرەڕای ئەوەش سەرۆکایەتیی کۆنگرە، بەردەوام لە هەوڵ و بیری کردنەوەی

نووسینگەدا بوو لە هەردوو بەشی پارتی و یەکێتیی. لەمانگی گەلاڕێزانی 2003 کاک جەواد مەلا تەلەفۆنیکرد، گوتی: "مامجەلال لە ئەمریکایە، لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان دێتە لەندەن، لە گەڵ نوێنەری یەکێتیی قسەمکردووە، کات دانراوە لێرە دیدار بکەین لە گەڵی". دوای چەند رۆژ کاک جەواد تەلەفۆنیکردەوە گوتی: "مامجەلال هات، پێکەوە دانیشتین. سلاوی هەبوو بۆ کاک جەمال و هەموو هاوبیرانی کۆنگرە. گوتی، ئێمە لە کوردستان و ئێوە لە دەرەوە خەباتمان یەکخەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان. لە بارەی کردنەوەی نووسینگەشەوە با نوێنەرتان بێتەلام، لە سلێمانی خۆتان دەسنیشانی هەر بینایەک بکەن، دەتاندەینێ. لە بارەی خاڵی هاوکاریشەوە کاغەزی سپیت پێئەدەم و، ژێری واژۆ دەکەم. چیتان پێباشە بینووسن، جێبەجێیدەکەم بەسەر چاو!". پێکەنیم گوتم: هیواموایە مامجەلال راستکا و لە ژێری دەرنەچێ، کاک جەواد دەزانی واژۆکردنی ئەو لاپەڕەسپییە لە کێوە فێربووە!؟ گوتی: نازانم! گوتم: (لە سەدامەوە فێربووە! ساڵی 1984 عێزەتدووری جێگری سەدام و عەلی حەسەن مەجی هاتنە "سووورداش" بۆ دەسپێکی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیی، کاغەزی سپییان هێنابوو، واژۆی سەدامی لە بنەوە بوو، عێزەتدووری وتبووی: "سەید رەئیس دەفەرمێ: چیتاندەوێ بینووسن، دەتاندەینێ!". ئەم باسەم لە ئەندامێکی سەرکردەیەتیی کۆمەڵەی رەنجدەران بیست لە هاوڕێ ئازاد هەورامی، بەرپرسیاری چاپخانەی "شەهید برایم عەزۆ"ی یەکێتیی بوو لە گوندی "کانیتوو"ی بناری ریزەچیای "ئاسۆس") باسی ئەو لاپەڕە سپپەی گێرایەوە بۆم سەددام ناردبووی بۆ مامجەلال!

چەند ڕۆژێک دوای دیدارەکەی سەرۆکی کۆنگرە و مامجەلال هاوبیر "شیروان رەشید" برای هونەرمەند "خالید رەشید" لە لایەن کۆنگرەوە چوو بۆ باشوور لە گەڵ چەن کەسێک لە هاوبیرانی سلێمانی چووبوون بۆ لای یەکیتیی، دوای چەن رۆژ هاتووچۆ و دەستیدەستیکردن پێیان، سەرەنجام توانیبوویان "سەعدی پیرە" ببینن. ئەویش گوتبووی: **"دەتوانن خۆتان بگەڕێن خانوویەک، بینایەک بدۆزنەوە بیکەن بە نووسینگە، بەلام نابێ ناو و تابلۆی بەسەرەوە بێ. نابێ بە ناوی کۆنگرەی نیشتمانییەوە چالاکی و هاتووچۆی شار و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی بکەن، چۆنکە ئێمە لە گەڵ رژێمی ئێران پێوەندیمان هەیە و، زیان لە پێوەندیمان دەدات. لە بارەی یارمەتیی داراییشەوە ناتوانین هیچ بەڵێنێکتان پێبدەین!!"**.

دوای سەرنەگرتنی تاقیکردنەوەی یەکێتیی، ئەوجا سەرەهاتەوە سەر "پارتی" لە مانگی سەرماوەزی ساڵی 2008، دیدار و ئالوگۆڕی بیرورا بە بە شداریی یەکێک لە راوێژکارانی نێزیکی کاک مەسعوود بارزانی بە ناوی "دەروێش ئاغا" و ئەندامێکی سەرکردەیەتیی پارتی دێمۆکرات بە ناوی (موژدە تاهیر) کە هەردووکیان پێشووتر ئەندامی "کاژیک" بوون، لە گەڵ شاندێکی کۆنگرە بە بەشداریی جەواد مەلا، شێخ لەتیف مەریوانی، سیروان کاوسی، ئازاد قورئانی و شێروان رەشید لە رێستۆرانێکی نێزیکی نووسینگەی کۆنگرە لە گەڕەکی هامرسمیس لە لەندەن بەڕێوەچوو. باس و لێدوانەکان زیاتر لە بارەی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی کورد و،

ئاستەنگ و کێشەی دەرەکی و نێوخۆییەکان و، پێڕەونەکردنی بیری نەتەوەیی بوو لەلایەن زۆرینەی زۆری حیزبەکانەوە. ئەوجا باس هاتە سەر رۆڵی ژنەرال مستەفا بارزانیی لە خەباتی رزگاریخوازی کورد و، هەر کەسە و بە پێی بیرەوەری و بۆچوونی خۆی، بەڕێز و پێزانینەوە باسی رۆڵ و کەسایەتیی مەلامستەفایان کرد. بە روانینی دەروێش ئاغا، هەستمکرد دەیەوێ بیرورام وەک بەرپرسیاری دەسگەی راگەیاندنی کۆنگرە و، وەک کوردێکی رۆژهەڵات لە بارەی مستەفا بارزانییەوە بزانێ. گوتم: "**لە بارەی مەلامستەفا بارزانییەوە، هەرچییەک بڵێین، دیسان کەممان وتووە و، بەشێکی گرنگی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان بە خەبات و ناوبانگی بارزانییەوە تۆمارکراوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایە بنەماڵەی بارزانیی بە کاک مەسعوودیشەوە، بە سەرجەم سەرۆکایەتیی پارتی دێمۆکراتی کوردستانیشەوە، بە رێبازی بارزانیدا دەڕۆن!؟ ئەمن گومانم هەیە و لەو باوەڕەدام زۆر دوورن لە ڕێبازی بارزانیی. سەرۆکایەتی و ئەندامانی کاژێک، لەلایەن بارزانییەوە وەرگیران و، بەرپرسایەتیشی داپێیان. بەڵام ئەوە چەن سالە پارتی دێمۆکراتی کوردستان و حکوومەتی هەرێم رێنادەن کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە گوندێکی دوورەدستی باشوور، نووسینگەیەک دانێت، لەکاتێکدا کۆنگرە بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشی کە مەلامستەفا هەموو ژیانی خەباتی لەپێناویدا کرد!**". دەروێش ئاغا بە وردی گوێی بۆ قسەکانم شلکردبوو، گوتی: "**ئەو بابەتە بۆ من جێبێڵن**". سوێندیخوارد و بەڵێنیدا، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە گەڵ کاک مەسعوود باسیدەکا و، جێبەجێیدەکات! بەڵام چاوەڕوانیمان

بێسوود بوو، ئەو دیدار و بەڵێنوەرگرتنەش سەرینەگرت، ئەگەرچی بەشبەحاڵی خۆم لە نیازپاکی و ویستی دەرویش ئاغا بۆ کردنەوەی نووسینگەی کۆنگرە لە هەولێر دڵنیابووم، لێ سەرۆکایەتیی پارتی و یەکێتیی داهاتووی سیاسیی خۆیان گرێدابوو بە عێراقی تازەوە بە پێی یاسای عێراق باشووری کوردستان بەشێکبوو لە خاک و جوگرافیای سیاسیی عێراق، لە بەر ئەوە پشتگیریی لە رێکخراوەیەکی نەتەوەیی و کوردستانیی پێچەوانەی یاسای عێراق و بەرژەوەندیی سیاسیان بوو، هاوکات نەیاندەویست زیان بەو پێوەندییانە بگەیەنن کە بە ئاشکرا و نهێنیی بە داگیرکەرانەوە بوویان.

دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ و کات بەفیرۆدانی سەرۆکایەتیی هەردوو زلحیزبەکە و، پشتگوێخستنی تکاو داوا و پێشنیازی دڵسۆزانەی نەتەوەییەکانی کوردستان و بە هێندنەگرتنی ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد، هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای وەرزی پایزی ساڵی **2003** دەستیاندایە چالاکییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەرفرە و لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی نووسەر و یاسازانی ناسراو کامیل ژیر، لەگەڵ کۆمەڵێک وڵاتپارێزی دیکەی سەر بە رێکخراوەی "نێوەندی ئاوێستا"، یەکیانگرت و پێکەوە "**کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان**"یان دامەزراند. یەکەم چالاکی و کاری هاوبەشی "کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان"، خستنەڕیی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو. بۆ ئەمەش دەستکرا بە دانانی سەمینارو کۆبوونەوە و رێخستنی

خۆپیشاندان بۆ پشتگیریی لە سەربەخۆیی کوردستان و کۆکردنەوەی واژۆ. دەنگدانەوەی پرسی راپرسیی لە کوردستان لە ئاستی دەرەوە و لەنیوخۆی کوردستان و، پشتیوانییی رۆناکبیران و جەماوەری کورد لە راپرسیی، سەرنجی پارتی و یەکیتیی بۆلای ریفراندۆم راکیشا و، دوو نیوەندیان بۆ سەرپەرشتیکردنی ریفراندۆم لە هەولیر و سلیمانی دامەزراند. یەکیتیی لە سلیمانی شاعیر و ولاتپاریزی ناسراو شیرکۆ بیکەسی دەستنیشانکرد، وەک سەرۆکی کۆمیتەی ریفراندۆم. لە هەولیریش پارتی کەسیکی دەستنیشانکرد بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە. هەردوو حیزبەکە لە میدیای خۆیانەوە گرنگی و بایەخی زۆریاندا بە راکیشانی خەڵک لە دەوری نیوەندەکانی ریفراندۆمەکەیان و، لە ولاتانی ئەورووپاش، چەندین لقیان دامەزراند و، ئەوانیش کەوتنە دانانی سەمینار و کۆکردنەوەی واژۆ. ئەوجا ژمارەیەک ئەندام و لایەنگری یەکیتیی چوونە نیو کۆڕی سەربەخۆیی کوردستانەوە و، گوتیان هەردوولامان بۆ ئامانجیکی هاوبەش تیدەکۆشین و، باشوایە پیکەوە پرۆسەی ریفراندۆم بەهیزتر بکەین و، توانییان جیی خۆیان لەنیو کۆڕدا قایمبکەن. هاوکات لەگەڵ دەسپیکی چالاکیی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان، هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە ئەورووپا، لە مانگی ئاگۆستی 2003 وە کۆمیتەی ریفراندۆمیان دامەزراند و، نووسینگەی کۆنگرە لە لەندەن تەرخانکرا بۆ بەڕیوەچوونی کاروباوی ریفراندۆم. چەن لقیکیشی لە ولاتانی ئەورووپا دامەزراند و هاوبیر سابیر کۆکەیی

بوو بە سەرۆکی. ئەوجا داوای هاوکاری و پشتیوانیی لە کەسایەتی و حیزب و لایەنەکانی دیکەشکرا و، کۆمیتەیەکی فراوانتر لە جەواد مەلا، سابیر کۆکەیی، ئازاد قۆرئانی، دوکتۆر رەوف عەزیز رەشید، لاجان دیلان، ئاریان غەفوور و غیاس غەفوور، بەکر درەیی، سیروان و بەختیار پێکهات کە ئەم سێ کەسەی دوایی لە گەڵ دوکتۆر رەوف عەزیز رەشید سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون. دوکتۆر رەوف عەزیز رەشید بوو بە سەرۆکی کۆمیتەکە. ئەم بەڕێزە لە گەڵ ئەوەی کە ئەندامی یەکێتیی بوو، بێلایەنانە و دڵسۆزانە هەوڵیدەدا پرسی ریفراندۆم دووربێت لە دەستێوەردانی حیزبی و بە ئامانجی خۆی بگات، کە خستنەڕیی راپرسییەکی ئازاد بوو لە کوردستان بە چاودێریی ئۆرگان و دەوڵەتانی ئازادی دنیا.

پاش ماوەیەک کاری هاوبەش و کۆکردنەوەی واژۆ لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان توانرا زیاتر لە دوو (2) ملیۆن واژۆ کۆکرێتەوە. یەکێتی و پارتی لیستی دوو ملیۆن واژۆکەیان لای خۆیان هەڵگرت و، بوو بە کارتێکی گوشار و، وەک هەڕەشەیەک لە بەغدا پێشانی عەرەبەکانیان دا، ئەگەر بە فیدراڵی و ئەو پلەوپۆست و رێژە و بووجەی داوایدەکەین رازینەبن، ئەوا ناچاردەبین پشتگیریی داخوازیی گەلەکەمان بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان. جەلال تالەبانی لیستی دوو ملیۆن واژۆکە و نەخشەی کوردستانی سەردەمی عوسمانلی  هەڵگرت کە سەرلەبەری ویلایەتی "مووسڵ" بە کوردستان نووسراوە لە لەغدا پێشانی کاربەدەستە عەرەبەکانیدا

و، گوتی ئەوەتا کورد داوای جیابوونەوە دەکەن و، ئەمەش نەخشەی سەردەمی عوسمانلی و سەرژمێریی سەردەمی مەلیکییە لە کەرکووک! بەڵام ئێمە وەک سەرۆکایەتیی کورد دەمانەوێ لە چوارچێوەی عێراقی دیمۆکراتی و فیدرالیدا بمێنییەوە. بەوەش بۆ ماوەیەک دەمی عەرەبەکانی پێداخرا و، بێدەنگبوون، چۆنکە هێشتا لاوازبون و بۆ گێرانەوەی سەروەریی بۆ عێراق، پێویستیان بە کورد بوو.

یەکێتی و پارتی، دوای هاتنەدی ئامانجەکانیان لە بەغدا، بڕیاریاندا لە کوردستان و لە دەرەوە "ئاشبەتاڵ" بە پرسی ریفراندۆم بکەن. لە نێو کۆڕی سەربەخۆییدا ئەندامانی یەکتیی هەڵبژاردنێکیان خستەڕێ و، توانییان دەسبگرن بەسەر کۆڕ و ئەرشیڤ و لیستی واژۆکاندا و، هاوبیرانی نەتەوەیی ناچارمان لە کۆڕ بکشێینەوە و، بچنە دەرەوە. بەڵام کۆمیتەی ریفراندۆمی لەندەن بەردەوامبوو لە چالاکییەکانی، لەماوەی چەن مانگێکدا توانرا سەرجەم دوانزە سەمینار و سێ خۆپێشاندانی گەورە بۆ سەربەخۆیی لە شاری لەندەن بخەنەڕێ و، لەسەرجەم وڵاتانی ئەورووپادا، دەهەزار (10000) واژۆ کۆبکەنەوە. هەروەها کۆنسێرتێکی گەورەشیان سازکرد بە بەشداریی هونەرمەندان ناسری رەزازی و لەیلا فەریقی کە دووانزە هەزار پاوەن دەسکەوتی بوو.

دوای هەڵوەشاندنەوەی نێوەندی راپرسیی باشوور، سەرە هاتە سەر کۆمیتەی ریفراندۆم لە لەندەن. ئەندامانی یەکێتیی داوای لیستی

واژۆکانیان لە کۆنگرە کرد، بەڵام جەواد مەلا و ئازاد قورئانی و سابیرکۆکەیی کە ئەندامی کۆنگرە بوون و، بە پرۆسەکەوە زۆر ماندوو بوون، رازینەبوون لیستی ناوەکان وەک کوردستان بکەوێتە دەستی پارتی و یەکێتییەوە، کۆنگرەی دەیگوت پێویستە لیستی دوو ملیۆن واژۆکەی کوردستان و ئەم دەهەزار واژۆی دەرەوەش بدرێتە دەستی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و پەرلەمانی ئەورووپا و دەولەتانی دیمۆکرات، نەک حیزبەکوردییەکان. ئیتر لەمەوە ناکۆکیی کەوتە نێو کۆمیتەکەوە و، گوتیان جیادەبنەوە. پێش جیابوونەوەیان داوایانلێکرا بێنە کۆبوونەوە و، داهاتی کۆنسێرتەکەش لە گەڵ خۆیان بێنن. هاتن و، سێ هەزار پاوەندیان بە ونبوو دایە قەڵەم و، باقییەکەیان تەسلیمکرد و، رۆیشتن. دوای چەند رۆژ، لەنیوەی شەودا، پەلاماری نووسینگەی کۆنگرەیاندا، لە پەنجەرەوە چووبوونە ژوورەوە، زۆر گەڕابوون لیستی واژۆکانیانیان نەدۆزیبووەوە، داخی دڵیان بە کامپیوتێر و کتێب، ئەرشیڤ و گۆڤار و کەلوپەلی نێو نووسینگەی کۆنگرە رشت و، دوای شکاندنی کامپیوتێر و شپرزەکردنی هۆدەکە، رۆیشتبوون. پۆلیسی لەندەنی لێ ئاگادارکرا. هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی دڵنیابووین کردەی لەم چەشنە کاری یەکێتیی نیشتمانییە، لێکۆڵینەوەی پۆلیسی لەندەنیش دڵنیاییەکەمانی قایمتر کرد، پۆلیسی لەندەن بە کامێرای چاودێریدا کەسەکانیان ناسیبووەوە و، گوتیان کاری ئەو رێکخراوەیە کوردییە بووە بەو ناو ونیشانەوە.

**جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرە، کۆپی لیستی واژۆکانی کوردستان و ئەورووپای پێشانی "تۆنی بلێر" سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا دا و، گوتیپێی، ئەوەتا تێکرای گەلی کورد لە باشووری کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکەن. داواتان لێدەکەین پشتگیریی کورد بکەن بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئازادی بڕیار لەچارەنووسی خۆیبدات! تۆنی بلێر لە وەرامیدا گوتی: "بەڵام سەرۆکایەتیی حیزبە گەورەکانی کوردستان دەڵێن: "داوای سەربەخۆیی ناکەن، نایانەوێ لە عێراق جیاببنەوە!".**

ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان پەکیخرا، و، عێراقی تازە بە هەوڵی دڵسۆزانەی یەکێتی و پارتی دامەزرایەوە، نەتەوەییەکانی کوردیش وەک دوافیشەک بە تاریکەشەوییەوە بنێن، لە رۆژی 3/10/2004 خۆپێشاندانێکیان لەشاری سلێمانی سازکرد بە بەشداریی چەندین هەزارکەس بۆ پشتیوانیی لە سەربەخۆیی کوردستان، کە هەموو حیزب و لایەنێکی کوردی و عێراقی خۆیان لە ئاستیدا گێلکرد.

هەر لە بەهاری ساڵی 2005 وە پرۆپاگەندەی یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆماری و سەرۆکوەزیران و پەرلەمانی عێراقی تازە لە میدیا و رۆژنامەکانی عێراقی و کوردستانیی دەستپێکرا. ئایەتوڵڵا سیستانی بەدەرکردنی فتوایەک بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی عیراقی بە پێویستییەکی شەرعی و ئیسلامیی دایە قەلەم . ئەمەش وەک یەکەم هەنگاوی کردەیی سیستانی و شیعەکانی عیراق بوو بەرەو دانانی بەردی بناخەی رژێمێکی ئیسلامیی شیعە لە عێراق بە ڕێبەرێتیی "وەلی فەقیە" (لەچەشنی کۆماری ئیسلامیی ئێران). **هەرچی یەکێتیی و**

**پارتیشه، گوتیان: "بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد پێویستە هەموو کوردێک لە هەڵبژاردندا بەشداریبکا و، هەرچی ژمارەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا زیاتر بێت، ئەوا لە بەغدا دەسەڵاتی زیاترماندەبێ و، هاوکات دەتوانین لەنێو پەرلەمان و لە ڕێگەی یاساوە مافەکانمان بەدەسبێنین. دەیانگوت: ئەو سەردەمە بەسەرچوو بۆ وەرگرتنی مافەکانمان دەستماندایە چەک و پەنامانبردە شاخ. ئێستا سەردەم و قۆناخی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسییە و، عێراقی تازە، عێراقی ئاشتی و برایەتی و وەکهەڤییە و، لە ڕێگەی سیاسی و دانووستان و لە نێو پەرلەمانەوە دەتوانین ناوچەدابڕێندراوەکان بگێڕینەوە سەر کوردستان. لەبەر ئەم هۆیانە ئەو کەسەی لە هەڵبژاردنی عێراقدا بەشدارینەکات، خاین و خیانەتکارە و خیانەت لە گەل و نیشتمانی دەکات!!".**

ئەم ڕوانینەی سەرۆکایەتیی دوو حیزبەکە لە کاتێکدابوو، دوابەدوای رووخانی رژێمی بەعس، لەنێوان عەرەبی سوننە و شیعە وەک دوو جەمسەر و پێکهاتەی سەرەکیی عێراق، جەنگی یەکلاکەرەوە و، مانونەمان و مزگەوت و مەزاری پیرۆزی یەکدی تەقاندنەوە و شەڕوشۆڕێکی بەرین بەپانتایی هەموو عێراق لە کۆڵان و گوند و شار و بەغدای پێتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق هەڵگیرسابوو. هەموو رۆژێک هەزاران مرۆڤی عەرەب و ناعەرەب و سەر بە ئاین و ئاینزاکانی نێو عێراق لە تەقینەوەکاندا هەپروون هەپروون دەبوون و تێدادەچوون. تەنانەت هێزیکی زەبەلاحی وەک ئەمریکاش بە بوونی دەیانهەزار سەرباز و فڕۆکە و چەکی پێشکەوتوو هەموو رۆژێک لێرەولەوێ سەربازی لێدەکوژرا. لێ

سەرۆکایەتیی یەکێتی و پارتی ئەوی بیریانلێدەکردەوە بە دەستەوەگرتنی بازاڕ و ئابووری و دەسەلاتی سیاسیی کوردستان و، وەرگرتنی پلەوپایەی بەرزی سیاسیی بوو لە بەغدا. لەبەر ئەوە خۆیان و نەتەوەی کوردیان سواری بەلەمێکی لەقوتۆقی بچووککرد و، خستیانە نێو دەقیانووسی پڕ لە شەپۆل و هاژە و لرفە و، پاپۆڕوانەکەشی درایە دەستی "قەزاوقەدەر و چارەنووسی نادیارەوە!

بە کورتی، پڕۆپاگەندەی پارتی و یەکێتیی لە ڕێگەی شایەر و زوڕناژەنەکانیانەوە نەک هەر ڕەشەخەڵکەکەی ڕاکێشی دەنگدانکرد، تەنانەت ژمارەیەکی زۆری نەتەوەییەکانی کورد و نووسەر و رۆژنامەنووس و ئەو کۆنەسیاسی و پێشمەرگانەی ساڵانێکبوو وازیان لەم دوو حیزبە هێنابوو، کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو کەشە سیاسییە تازەیە و لە کۆتاییەکانی مانگی بەفرانبار و سەرەتای مانگی ڕێبەندانی 2005 بە سواری ئۆتومۆبیل و پاس و شەمەندەفەر خۆیاندەگەیاندە پێتەختی شارەکانی ئەورووپا و ئەو شوێنانەی سنووقەکانی دەنگدانی تێدا دانرابوون، لەنێو بەفر و سەرمای سەختی زستانی ئەورووپا، پێش دەنگدان و دوای دەنگدان بە چەن سەعاتێک بازاڕی شای و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک وا گەرم ببوو، سەدان کەس لە بەر ئارەقەی زۆر تووشی هەڵامەت بوون و نەخۆشکەوتن. لە شارەکانی باشوور بەتایبەتیی لە سلێمانی بۆ ماوەی حەفتەیەک شای و لۆغان و هەڵپەڕکێ و هاتووچۆی هەزاران ئۆتۆمۆبیل بە هەڵکردنی چرا و وێنەی تالەبانی بەڕێوەچوون. بۆ زوڕناژەنە بەنێوبانگەکەی

یەکێتیی (فەرهاد سەنگاوی)یش ڕۆژی خۆیبوو، لە تەلەفزیۆنی یەکێتییەوە پڕ بەخۆی بقیڕێنێ:**"مزگێنی، بنەماڵەی شەهیدان، مزگێنیی! بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان مزگێنیی! مامجەلال بوو بە سەرکۆماری عێراق!!"**. لەنێو هەراوزەنا و شای و لۆغان و عیوعیو و قریوە و ڕەشبەڵەکی خەڵکی لەخشتەبراوی دەستی دوو حیزبەکە و توێژی قەڵەمفرۆش و هەڵمەتەکاسە، دەنگی نەتەوەییەکانی کورد لە نووزەی برینداڕێکی سەرەمەرگ دەچوو، دواهەناسەکانی دەدات.

وەک گوتم، حەشیمەتێکی زۆر کەوتبوونە ژێر کارگەریی ئەو کەشەوە، تەنانەت کەسایەتییەکی گەورەی نەتەوەیی وەک دوکتۆر جەمال نەبەز کە سەدان مرۆڤی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بە نووسینەکانی، فێری ئەلفوبێی هزری نەتەوەیی بوون و، لە بواری ڕۆشنبیریی نەتەوەییدا گەنجینەیەکی گەورە و بە نرخی پێشکێشی نەتەوەکەی کردووە، ماوەیەک پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ئامۆژگاریی جەلال تالەبانی دەکات، کە دوای ڕووخانی ڕژێم، هەوڵنەدا عەرەبێک بکات بە سەرکۆماری عێراق، بەڵکوو دەبێ خۆی ببێت بە سەرکۆمار. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عیراقیش لە وتاری "کوردستانی سەربەخۆ، خەون و خەیالی هۆنەری گەورەی کورد عەبدوڵلا پەشێو و، "واقیع بینیی سیاسەتکاری بەنێوبانگی کورد، مام جەلال تالەبانییدا"، دەڵێ: (برای بەڕێزم مام جەلال زۆر باش لە بیریێتی کە هات بۆ ئەڵمانیا بۆ وتووێژ لە گەڵ هێندەک لە کاربەدەستانی ئەمریکاییدا، ماوەیەک پێش کەوتنی ڕژێمی سەددام، لە

فرانکفۆرتەوە تەلەفۆنیکرد بۆم، بۆ هەواڵپرسی و لەنێو قسەکانمدا پێمگوت: "تۆ نابێ بیر لەوە بکەیتەوە کە یەکێک بدۆزیتەوە بۆ سەرکۆماریی عێراق، پێویستە تۆ خۆت ببیتە سەرکۆماری عێراق. تۆ چل سالە خەریکی بەربەرەکانێی رژێمی عێراقیت، لەم چیاوە بۆ ئەو چیا و لەم ئەشکەوتەوە بۆ ئەو ئەشکەوت. مێژووی سیاسیی ئەو عەرەبانە هیچیان ناگەنە ئەژنۆی تۆ. ئەگەر مێژووی شەڕەشەقی سیاسییان لە تۆ درێژترە فەرموو با بێنە پێشەوە. تا ئەو رۆژە بوونی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق خەون و خەیاڵ بوو، بەلام ئەوا ئەو رۆژە بووە بە "واقیع". ئەوەی راستیش بێ، ئەز حەزمدەکرد کە مام جەلال ببێت بە سەرکۆمارێکی وەک جۆرج دەبلیو بووش کە دەسەلاتی سەرۆکوەزیرانیشی هەبێ و، فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی عێراقیش بێ".

ناوبانگی جەمال نەبەز هەر لەبەر ئەوە نییە زانستانە و بابەتانە رەچاوی نووسینەکانی کردووە و، زمانەوانێکی کەموێنەیە و زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئەڵمانی و ئینگلیزیی وەکیەکدەزانێ و، شارەزاییەکی تەواوی هەیە لەبارەی مێژووی ئاین و ئاینزاکان و کارکردیان لەسەر یەک و مێژووی کۆن و سەردەمی جیهان و رۆژهەلاتی ناڤین و قۆناخەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، بەڵکوو زیاتر بەوە ناسراوە، لە سەردەمی لاویتییەوە تاکوو ئێستێ کە لە تەمەنی 85 ساڵیدایە، دەیان پەرتۆک و سەدان وتار و دیمانەی رۆژنامەگەری و رادیۆ و تەلەفزیۆنیی هەیە و, لەهەموویاندا بە شێوازێکی بابەتانە و زانستانە وانەی یەکێتیی کورد و بیری ئازادی

و یەکسانی و هزری زانستانەی نەتەوەیی بەگوێی نەتەوەی کورد بەگشتی و سیاسەتکار و سەرۆکایەتیی حیزبەکانی کوردستاندا داوە و، بە مامۆستای بیری پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان نێویرۆیوە، بەڵام بۆچی دەبێ هاوڕێتیی کۆنی لە گەڵ جەلال تالەبانی، وایلێبکات بکەوێتە هەڵەیەکی واگەورەوە ئامۆژگارییەکی وایبکات کە لە سەدا سەد بەپێچەوانەی بیروباوەڕی خۆی و بەرژەوەندیی نەتەوەکەیەتی!؟ کە دڵنیاشە و باشدەیزانێ تالەبانی لە ژیانی سیاسیدا هەرچییەکی کردووە بە وتەکەی خۆی، "شەڕەشەقی" کردووە کە دڵنیام مەبەستی دوکتۆر جەمال نەبەز لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە، "شەری دەیانسالەی کوردکوژیی"یە کە بە هۆیەوە هەزاران رۆڵەی کورد بە دەستییەک هاتنەکوشتن. بە دڵنیاییەوە، جەلال تالەبانی بە درێژایی تەمەنی هاوڕێتییان و بە درێژایی تەمەنی نووسینەکانی جەمال نەبەز، تەنیا قسەیەکی جەمال نەبەزی پێخۆشبووبێت، هەر ئەو داوایە بووەلێی کە ببێت بە سەرکۆماری داهاتووی عێراق! ئەو عێراقەی دوای دامەزراندنەوەی و بوونی جەلال تالەبانی و، دواتریش فواد مەعسووم بە سەرکۆماری عێراق، گەلی کورد لە "شەنگال" و لە کەرکووک، دۆزخورماتوو، جەلەولا و شوێنەکانیتر "ئەنفال"ی بەسەردا سەپێنرایەوە. هەموو نەهامەتییەکی ئەمدواییانەی باکوور و رۆژاوا و باشووری کوردستان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەسەر کورد دێن، هەر ئەنجامی ئەو خیانەتە مێژووییەیە کە سەرۆکاتی یەکێتی و پارتی، بە کورتبینی و ساویلکەییەوە ئەو مارە

حەوتسەرە مردووەیان زیندووکردەوە کە نێوی عێراقە. هەموو ئەو تاک و دەستە و  حیزب و ڕێکخراو و بەناو ڕۆشنبیرانەش شەریکن لەم تاوانە مێژووییەدا کە هاندەر و یارمەتیدەر بوون و پاڵپشتیی سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکەیانکرد گەلەکەیان تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە بێتەوە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراقی نوێ، بە دڵێ هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بوو. لە پەرلەمانی عێراق کورد توانی 77 کورسیی پەرلەمانیی مسۆگەرکات. جەلال تالەبانی بوو بە سەرکۆماری عیراق. ئیبراهیم جەعفەری (شیعە) بوو بە سەرۆکوەزیران و مەحموود مەشهەدانی (سوننە) بوو بە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. لە کاتی سوێندخواردنی وەزیرەکانی هەڵبژاردەی دەوڵەت، ئیبراهیم جەعفەری، وشەی "دیمۆکراتی" و "فیدراڵیی" سڕییەوە، بەڵام سەرۆکایەتیی کورد خۆیان گێلکرد و وەزیرەکوردەکانیش زمانیان لاڵ بوو.

لە ساڵی 2003 بەملاوە، یەکنەگرتنی یەکێتی و پارتی و، بەدرۆ دەرچوونی هەموو ئەو وادە و بەڵێنانەی دابوویان بە خەڵکی خۆیان کە یەکدەگرنەوە و، حکوومەتێکی کوردستانی دادەمەزرێنن کە تێیدا یاسا سەروەربێت. جێبەجێنەبوونی مادەی (140) و نەبوونی هەڵوێستێکی نەتەوەیی و یەکگرتوو و هاوبەشی لایەنی کوردی لە بەغدا، سەرباری ئەوەش گەندەڵی و هەڵلووشینی قووت و بژێویی خەڵکی ڕەشووڕووتی کوردەواریی بوو بە هۆی نەمانی متمانەی

جەماوەری کوردستان بەرامبەریان و، هۆیەکی کاریگەربوو بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی بێکاری و بێپارەی و کۆچی دەیانهەزار لاوی کورد بەرەو هەندەران و، خنکانی بەهەزارانیان لە زەریا و لە ڕێگەی ئەورووپا، ئەوجا سیاسەتی دادۆشینی ئابووریی کوردستان لەلایەن رژێمی ترکی رەگەزپەرستەوە خزمەتێکی گەورەیکرد بە گەشانەوەی ئابووریی ترکیا، بێئەوەی ئامادەبێ ناوی کوردستان و حکوومەتی کوردیی بۆ جارێکیش بە زاریدا بێت. هەرچی رژێمی مەلافەرمانی و داگیرکەری ئێرانیشە، هاوکات لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعسی عێراق، پلانێکی درێژخایەن و بە شێنەیی دارِشت بۆ داگیرکردنی عێراق و، هێنانەسەرکاری رژێمێکی ئیسلامیی شیعە کە هاوپەیمان و پشتیوان و جێبەجێکەری سیاسەتەکانی ئێران بێت لەئاستی عێراق و نێوچەکە. بۆ ئەمەش رێکخستنێکی چەکداری و سیاسی و ئابووریی گەورەی بە پانتایی هەموو عێراق لەنێو دەزگەکانی دەسەڵات و، لەنێو نێوەندەکانی ئاینزای شیعە و، جەماوەری شیعە بڵاوکردەوە و، توانی دەسەڵاتی ئەمریکا لەعێراق لاوازبکا و، لە پاشماوەی دەسەڵاتی سوننەی عەرەب بدا و، ئەو بەرە و لایەنانەی شیعەش لەنێوبەرێ و، لاوازیان بکات کە دژی دەسەڵاتی بوون لە عێراق، دواجاریش سەرەهاتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، توانی لە ڕێگەی چەن زاروویەکی دومەڵمژی بێڕەوشتەوە، کەرکووک داگیر بکاتەوە، سەرچاوە ئابوورییەکان لە دەستی حکوومەتی هەرێم بێنێتە دەرەوە

ئابووری و بژێوی و قووتی دانیشتووانی باشووری کوردستان بخاتەوە دەستی رژێمی بەغداوە.

لە ساڵی 2014 وە، کێشەیەکی گەورەی دیکە هاتەسەررێی خەڵکی کوردستان ئەویش، پەیدابوونی هێزێکی درندە و خوێنخۆر و دژ بە هەموو پرنسیپێکی مرۆڤیی بوو بە ناوی "داعش"، کە لە موسڵمانانی بنچینەگری سوننەی عەرەب و سوننەی گەلانی موسڵمان پێکهاتبوون، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر کوردستان و لە شاری "شەنگال" هەزاران کچ و ژنی بەرۆمەتی کوردیان رفاند و، لە شارەعەرەبەکانی ژێردەسەلاتیان، دەسیانکرد بە فرۆشتن و دەسدرێژیکردنە سەریان. داگیرکردنی بەشێکی خاکی باشووری کوردستان لەلایەن بەرەی سوننەی بنچینەگرەوە کوردستانی بەرووەرووی مەترسییەکەی تازەی داگیرکاری کرد و قۆناخێکی تازەی بە رووی دۆخی سیاسیی کوردستاندا کردەوە، هاوکات بۆچوون و پێشبینیی نەتەوەییەکانی کوردستانیش هاتەدی کە هەر لە کاتی دامەزرانی "هەرێمی ئاسایش" و دواتر لە 2003وە بە نووسراوە و لە رێگەی میدیا و لە کۆبوونەوەکاندا دەیاندا بە گوێی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارەنەبوونەی کارەساتی دیکە بەسەر کورد دا، پێویستە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، پێکەوە بە بەشداریی هەموو لایەنەکانی دیکەی کورد و کوردستانیی هێزی چەکداری حیزبی هەڵوەشێننەوە و، سوپای نیشتمانیی دامەزرێنن. چۆنکە هێزێکی 15000 کەسیی سەر بە پارتی لە

"شەنگال"، گەر سەر بە سوپای نیشتمانی و لە ژێر فەرمانی حکوومەتی کوردستاندا بوایە، ئاوا سووک و هاسان و، نابەرپرسیارانە و بەهۆکاری کەسنەزان، ژن و منداڵ و لاو و کاڵی نەتەوەکەی جێنەدەهێڵا و، راینەدەکرد و، ناوی پێشمەرگەی سووک و رەزیلنەدەکرد و بە خوێنی خۆی پارێزگاریی لە خاک و نەتەوەکەیدەکرد. هەر نەبوونی ئەم یەکێتییە نەتەوەییە بوو کە حیزبەکانی وەک "گۆڕان" و "پی کی کی" و "یەکێتی نیشتمانیی کوردستان"، وەک لە ئاسمانەوە خێر بەسەریاندا بارییبێ، رۆژیان هات و، دەسیانکرد بە پڕوپاگەندەکردن لە دژی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە شەنگالی جێهێشت و هیزی پارتی ترسنۆکە و شەنگالیان فرۆشت و هێزی ئەوان نەتەوەیی و ئازا و قارەمانە!! واتە نواندنی ئازایەتیی چەکداری ئەم یان ئەو حیزبی دیکە، لە ڕوانگە و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە نییە و، تەنیا بۆ ئەوەیە بە گەلی کوردی بسەلمێنن، پێشمەرگەی حیزبەکەی ئەمان، لە پێشمەرگەی حیزبەکانی دی ئازاترێکە و، هەر ئەمانن دەتوانن پارێزگاری لە گەلەکەیان بکەن. ئەمە لە کاتێکدا جەماوەری دڵسۆز و خەمخۆری کوردستان و سیاسەتکار و چاودێری سیاسی بیانی و دوژمنانی کوردستان شکانی بزووتنەوە و شکستی هێزی چەکداری هەر حیزب و لایەنێکی کوردیی، بە شکستی کورد لە قەلەم دەدەن و دەیانتوانی پێکەوە کاربکەن بۆ بەجێنۆسایدناساندنی کارەساتی گەورەی "شەنگال" لە ئاستی نێودەوڵەتی و، داوا لە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بکەن دوای

نەمانی "داعش". پشتگیریی گەلی کورد بکەن لە راپرسییەکی ئازاد دا بڕیار لە چارەنووسی سیاسیی خۆیبدا وەک تاکە ڕێگەیەک بۆ بەرگریکردن لە جێنۆسایدکردنی بەردەوامی کورد لەلایەن داگیرکەران و دراوسێکانی دژ بە ئازادی و نادێمۆکراتییەوە. لێ، هەزار مخابن، بۆ لەدەسدانی ئەو دەرفەتەش. لە بەرامبەر داعشدا، زۆرترین قوربانیماندا و، لەریزی پێشەوە بووین لە لایەنی سیاسی و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە وەک هەمیشە دۆڕاو و شکستخواردووی سەرەکیی بووین!

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئارەقەی نێوچاوان و برسێتی و بێجلووبەرگی و بە خوێنی خۆی، هاوکات لەگەڵ بەربەرەکانێکردنی هێزێکی شەشدانگ دڕندەی وەک "داعش"، سەرلەبەری خاکی ئەو بەشانەی نیشتمانیشی ئازادکردەوە، کە بە درێژایی دامەزراندنی رژێمی دەسکردی عێراق لە ئەنجامی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەعەرەبکردنی کوردستان لە نیشتمان دابڕێندرابوون. شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان، پێشمەرگەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، کە حیزبێکی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە، دەیان نەبەردی قارەمانانەیان ئەنجامدا و لە دوورخستنەوەی مەترسیی "داعش" بۆ سەر کوردستان دەسری بەرچاویانگێڕا و چەندین شەهیدیان پێشکێشی رێگەی رزگاریی نەتەوەکەیان کرد. ئەمەش وەک وانەیەکی نەتەوەیی پێویستە بگیرێتە بەرچاو، کە کوردستان موڵکی هەموو کوردێکە و ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی وڵاتپارێزە لە هەر لایەکی کوردستان و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە، نیشتمانەکەی پێویستی بووپێی، ئەرکی نەتەوەیی خۆی بهێنێتەجێ.**

گرتنەوەی شاری مووسڵ وەک پێتەختی حکوومەتی ئیسلامیی سوننە لە شام و عێراق لەلایەن سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەوە، هاوکاتبوو لەگەڵ ئازادکردنی هەموو خاکی باشووری کوردستان و سەنگەرلێدانی پێشمەرگە لەسەر سنوورەکانی نێوان کوردستان و عێراق. ئەمەش ترسی خستەدڵی رژێمی عێراق و رژێمەکانی داگیرکەری کوردستانەوە. کەرکووک کە بە شادەماری ئابووریی عێراق ئەژماردەکرێ، لە گەڵ ئەو نێوچانەی دیکە ناویاننابوو "نێوچەی کێشە لەسەر" بکەوێتە ژێردەسەڵاتی کوردەوە و، لە ڕووی ئابووری و پانتایی خاک و زۆریی دانیشتووانییەوە، پێگە و توانای ئابووری و سیاسی و سەربازیی کوردستانی بەهێزتر کرد و متمانە و باوەڕبەخۆبوونی لای کورد پەرەپێدا. رژێمی عێراق و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان دڵنیابوون، هەموو مەرجەکانی بوون بە دەوڵەت لە باشووری کوردستان بۆ کورد رەخساوە و دەتوانێ سەربەخۆیی رابگەیەنێ. پێوەندی و دانووستانەکانی ئاشکرا و شاراوەی نێوان سەرۆکایەتیی کورد و کاربەدەستانی ئەمریکا و ئیسرائیل و رۆژاڤا بە گشتیی لە گەرمەی جەنگی "داعش"، هیچ گومانێکی لای داگیرکەران نەهێشتبوو کە رۆژاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە تەمان دەوڵەتێکی کوردی بە وتەی ئەوان لە "باکووری عێراق" دامەزرێنن! رژێمەکانی ترک و ئێران سەرەڕای بوونی ناکۆکیی قووڵی نێوانیان، هەر لە ساڵی 2016 وە کەوتنە هاتووچۆکردن بۆ پێتەختەکانی یەک و، جیا لە کاربەدەستانی سیاسی، هەروەها فەرماندە و ژنەراڵەکانی

ئێران و ترک کۆدەبوونەوە و، گەلێ جاریش کاربەدەستانی عێراقیش بەشداری کۆبوونەوەکان دەبوون، یان بەجیا بانگێشتی تاران و ئەنقەرە دەکران.

له ئالیی کوردستانەوە، مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ناوبەناو هەر لەساڵی 2010 بەملاوە باسی سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد و دەیگوت: **سەربەخۆیی مافێکی رەوا و یاسایی گەلی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا کورد بڕیاریداوە لە عێراقێکی دیمۆکرات و فیدراڵ و وەکیەکدا بژیت!** بەڵام بە ئاشکراتر و روونتر لە ساڵی 2016 وە بارزانیی لە هەموو دیمانە و لێدوانەکانیدا بەردەوام پشتگیریی خۆی بۆ راپرسی سەربەخۆیی کوردستان دەربڕیی. رۆژی 16/6/2016 لە وتووێژی لەگەڵ گۆڤاری "foreignpolicy" (FP)ی ئەمریکا گوتی: "**ئامادەم لە ژێر سێبەری کوردستانی سەربەخۆدا بمرم!**". هەروەها لە ڕۆژی 28/6/2017 وتارێکی نارد بۆ "The Washington Post" (WP)ی ئەمریکا و، تێیدا لەگەڵ خستەڕووی مێژووی جێنۆسایدی سەتساڵی رابردووی دابەشبوونی کوردستان لە دێڕیکیدا دەڵێ: "**ئێستا کاتی بڕیاردانە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان!**". لە دیمانەیەکی دیکەی لەگەڵ رۆژنامەی بەناوبانگی میسری (ئەلئەهرام) لە ڕۆژی 11/8/2017دا گوتی: "**راپرسیی بۆ سەربەخۆییە، پێویستمان بە مۆڵەتی هیچ لایەک نییە!**". دواوتاریشی بۆ رای گشتیی کوردستان لە ڕۆژی 30/10/2017 بڵاوکردەوە و، لەویدا نووسی: "**دەنگی سێ ملیۆن کەس بۆ سەربەخۆیی بە کەس ناسڕێتەوە. گەورەترین شانازی بۆ من ئەوەیە کە هەموو**

**کوردستانییەکی دڵسۆز و بە ویژدان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا، گەیشتنە ئاستێک کە بە بڕواوە داوای مافی خۆیان بکەن و بە ئومێدەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن...."**.

هەڵوێستی جیاوازی حیزبەکان و دژایەتیکردنی زۆرینەیان لە بارەی لێدوانەکانی مەسعوود بارزانییەوە، بە رادەیەکی زۆر کاریکردبووە سەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش. حیزبەکانی وەک گۆڕان و کۆمەلی ئیسلامی ، هێندەک دەستەودایرەی دیکەی سەر بە ئێران وەک تلەفزیۆنی NRT دەیانگوت: **"مەسعوود بارزانی راستناکا و، مەبەستی لە نێوهێنانی سەربەخۆیی، شاردنەوەی گەندەڵیی حیزب و حکوومەتەکەیەتی و، لە بەرامبەر بەغدا وەک کارتی سیاسی بەکاری دێنێ. چەن سالە هەر دەڵێن، ئەم نەورۆزە نا، نەورۆزەکەی دی سەربەخۆیی رادەگەیەنێ و، هیچیش دیار نییە!". یان دەیانگوت: خەڵک برسی و بێمووچەیە و نانی نییە بیخوا، ئەو دەیەوێ دەوڵەتمان بۆ دامەزرێنێ. ئێستا کاتی رێفراندۆم نییە و، دەبێ دابنرێ بۆ کاتی گونجاو!.**

باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بنەماڵەی برایم ئەحمەد/ تالەبانین، لە ڕواڵەتدا هاوپەیمان و شەریکەبەشی دەسەلاتە لەگەڵ پارتی، لە هەولێر سەرزارەکیی پشتیوانی ریفراندۆم بوو، لە سلێمانی گوێچکەی چەپی لای "گۆڕان" و، گوێی راستیشی لە تاران بوو، ژێربەژێریش لە شێواندنی بیری خەڵک لە دژی بارزانیی درێخیاننەدەکرد. ئەوجا "پێ کێ کێ" هەر بە ناو حیزبە، دەوڵەتێکە و کە بە هۆی نەخۆشیی خۆبەکەمزانینەوە بەناوی حیزبەوە کاردەکا و،

نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لەئاستی نێوچەکە، لەڕووی توانای دارای و چەکداری و راگەیاندن و پێگەی جەماوەرییەوە لە زۆربەی رژێمەکانی نێوچەکە سەرترە و، دەیتوانی و ئێستاش دەتوانێ رۆڵێکی گەورە بگێڕێ لە یەکخستنی نێومالّی کورد و واز لەدرۆشمی منداڵانە و گەنجخڵەتێنی "کۆنفێدراڵی دێمۆکراتیکی رۆژهەلاتی ناڤین" بێنێ و، بەناوی کورد و بۆ سەربەخۆیی کوردستان هێزوتوانای بخاتەگەڕ رێز لە متمانە و رێز وخۆشەویستی و لەخۆبردوویی چینی لاوان و ئازادیخوازانی کوردستان بگرێ بەرامبەری هەیانە. لە سەروبەندی هێرشی درندەکانی داعش بۆ سەر شەنگال دواتر لە ئازادکردنەوەی شەنگال دا، رۆڵێکی دڵسۆزانە و قارەمانەیان گێڕا و دڵی هەموو کوردێکیان خۆشکرد، لێ مخابن ئەمیش ئەوی کردی بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆی و شێواندنی زیاتری بارودۆخی کوردستان بوو. لە گەڵ سوپای عێراق و سوپای پاسدارانی عێراق (حەشدی شەعبی) دەسکردی ئێران رێککەوتن و، رژێمی عێراق مووچە و بووجەی بۆ بڕینەوە و دوای داگیرکردنەوەی کەرکووکیش لەلایەن رژێمەکانی داگیرکەری ئێران و عێراقەوە، لە گەڵ حەشدی شەعبی رێککەوتن پێکەوە شەنگال و گوندەکانی دەوروبەری بەرنبەڕێوە. جگە لەوەش سیاسەت و هەڵوێستی سەرۆکایەتیی پێ کێ کێ لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانی و لە ڕێگەی ماڵپەڕەکانییەوە راستەوخۆ لەو پیلانە هاوبەش و گەلەکۆمەی باڵێ دەسرۆیشتووی یەکیتی و گۆڕان و، کۆمەڵی ئیسلامیی دەسکردی ئێران رۆڵی بینی لە تێکدانی نێوماڵی

کورد و لە تێکدانی ئەو یەکێتیی نەتەوەییەی لە کاتی ڕێفراندۆمدا کورد پێوسیتی پێیبوو.

هەرچی نەتەوەییەکانیشە، لەگەڵ لێدوان و پێداگریی مەسعوود بارزانیی لە بارەی راپرسیی سەربەخۆیی و گەرمبوونی باسی ڕێفراندۆم لە میدیای نێوخۆ و دەرەوە، بوون بە دوو بەشەوە. لێرەدا وەک ئاماژەیەک بۆ ناتەبای و پێوەندیی هەمیشەخراپی نەتەوەییەکانی باشووری کوردستان لە گەڵ یەک، کە مێژووی ناکۆکیی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بۆ ئەوکات کە ژمارەیەکی نەتەوەیی لەدوای نەمانی کاژیک، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) یاندامەزراند و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەهۆی کێشەیەکی نێوخۆیی پاسۆکەوە لە نێوان ئازاد مستەفا سەرۆکی پاسۆک و، جەواد مەلا ئەندامی سەرۆکایەتیی پاسۆک، لەشاری تاران لە ماڵی ئەندامێکی پاسۆک، جەواد مەلا پێی وایە کۆبوونەوەکە پیلانە بۆ کوشتنی، بە دەمانچە تەقەدەکا و، دوو کەس لە ئەندامانی پاسۆک بە ناوی "نیاز" ئێستێ لە ستۆکهۆڵم دەژی، لەگەڵ "ئاراس وەلی" بریندار دەکا، ئێستێ لە سلێمانی دەژی و سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە. دوای تەقەکردنەکە جەواد مەلا پەنا دەبات بۆ ماڵی سیاسەتکاری ناسراوی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول، جرجیس فەتحوڵڵا و، ئەویش دەیشارێتەوە و ئیدریس بارزانیی لێ ئاگادار دەکات. ئیدریس بارزانیی چۆنکە کاک جەواد پەنای بۆ هێناون، یارمەتیدەکا جەواد مەلا دەگاتە ئەورووپا. کێشەیەکی دیکەش

هەر لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو  لە نێوان نەتەوەییەکانی ئەرووپاشەوە سەریهەڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیی نێوان دوکتۆر جەمال نەبەز وەک ئەندامی دامەزرێنەری "یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (سۆکسە) و ئازاد مستەفا سەرۆکی پاسۆک و سەرۆکی رێکخراوەکە (کۆردۆ عەلی) و زۆرینەی ئەندامانی دیکەی سۆکسە کە هاوکات ئەندامی پاسۆکیش بوون. لەبەر ئەوە کاتێک کۆنگرەی دامەزراندنی "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان" لەمانگی گوڵانی ساڵی 1985 لە شاری لەندەن لەلایەن دوکتۆر جەمال نەبەز و  جەواد مەلا، برووسک ئیبراهیم و ژنەراڵ عەزیز عقراوی، شێخ لەتیف مەریوانی و، دوکتۆر موزەفەر پەرتۆما و چەندین زانا و نیشتمانپەروەری دیکە، ئەندامانی پاسۆک و لایەنگرانیان لە ئەورووپا لە کۆنگرەی دامەزرانی "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان" بەشدارییاننەکرد. واتە بە درێژایی چارەکە سەدەیەک لە هیچ کۆبوونەوە و کۆنگرەیەکی یەکدا بەشدارییاننەکرد و، هیچ لایەکیشیان گرنگی و بایەخینەدا بە ئاشتبوونەوە و یەکخستن و پتەوکردنی نێوماڵی نەتەوەییەکانی کوردستان! (**هێژای گۆتنە، لەبارەی ریشەی ناکۆکییەکانی نێوان دەستەی بەڕێوەبەرێتیی "سۆکسە" و مێژووی رێکخراوەکە، هاوبیر هەڵۆ بەرزنجی کە خۆی ئەندامی ئەو رێکخراوە نەتەوەییە بو لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا دەژی، پەرتۆکێکی لەبارەی مێژووی پاسۆک و "سۆکسە" نووسیوە.**

به کورتی ئەم ناکۆکییانە هۆکاربوون بە درێژایی دەیان ساڵ ئەم دوو دەستە نەتەوەییە توخنی کۆبوونەوەی یەک نەکەون، ئەمەش بە دڵنیاییەوە کاریگەریی هەبوو لەوەی نەتەوەییەکانی باشوور لە دۆخی هەستیار و چارەنووسسازی چارەکەسەدەی رابردووی کوردستان، بە پرشووبلاوی و هەریەکە بۆخۆی چالاکیی بنوێنێ و نەتوانن سازییەکی نەتەوەیی بەهێز دامەزرێنن کە لە هۆشیارکردنی کۆمەڵانی خەڵک و گۆڕینی بۆچوون و هەڵوێستی حیزبەکان کارکردی بێت. لەبەر ئەوە با ئێمەی نەتەوەیی و هەڵگرانی رێبازی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان ئاوڕێکیش لەخۆمان بدەینەوە و، وەک شێر بۆ دوور نەڕوانین و، خۆمان و دەوروبەری خۆشمان ببینین و، دانی پێدانێین کە بەشی سەرەکیی کەمایەسی و هۆکاری زاڵبوونی حیزبەکانی نانەتەوەیی بەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد و، لاوازیی بیری نەتەوەیی و نەبوونی سازییەکی نەتەوەیی بەهێز لە کوردستان، ئۆباڵی سستی و کەمتەرخەمیی خۆمان دەگرێتەوە کە نەمانتوانی لە ئاست گرنگی و گەورەیی بیروباوەڕەکە دەرکەوین و نەمانتوانی بە ئەرکی مێژوویی و نەتەوەیی خۆمان هەستین.

دوومانگ بەر لە دەسپێکردنی راپرسیی، پارتی دێمۆکراتی کوردستان چالاکییەکانی لەئاستی دەرەوە و لەنێوخۆی وڵات چڕتر کرد و، کۆمیتەیەکیشی پێکهێنا بۆی. کەناڵەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان زۆربەی بەرنامەکانی خۆی تەرخانکرد بۆ بانگەشەی راپرسیی. بەڵام بە پێچەوانەی پارتییەوە، ساردوسڕییەکی زۆر بە

کەناڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبەکانی دیکەوە دیاربوو. وەک ئەوە وابوو، پارتی بە تەنێ بووە بە نوێنەری حیزبەکانی دیکەی کوردستان و، ئەرکی ئەوانیشی لە ئەستۆ گرتووە کوردستانێکی سەربەخۆ دامەزرێنێ. پارتی دەچووە دیداری حیزبەکان و لە گەڵیان کۆدەبووەوە بۆ ئەوەی رازییان بکات پشتگیریی لە راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. سەدان هەزار کوردی دانیشتووی ئەورووپاش، جگە لە لایەنگیرانی پارتی و ژمارەیەک لە نەتەوەییەکانی کوردستان نەبێ، هەرهەمووی ببوونە تەماشاچی و چاویانبڕیبووە رەوت و ئەنجامی رێفراندۆمی سەربەخۆیی. ئەمە لەکاتێکدا سەربەخۆیی بەتەنێ ئەرکی هیچ حیزب و لایەنێک نییە و، پێوەندیی بەهەر تاکێکی کورد و، هەموو لایەنێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و چین و توێژەکانی جۆراوجۆری کوردستانەوە هەیە.

شاری سلێمانی بوو بە نێوەند و چەقی پیلانگێری و دژایەتیکردنی راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان. جگە لە حیزبەکانی وەک یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان کە لەوێن، جوولانەوەیەکی دەسکردی هاوبەشی (ئێران-عێراق) بەناوی "نەخێر لە ئێستادا بۆ راپرسیی" دامەزرا بە سەرپەرشتیی کابرایەک بەناوی "شاسوار عەبدالواحد" کە خاوەنی (NRT TV) یشە و، دواتر ئاشکرابوو، پشتیوانیی بنەماڵەی برایم ئەحمەد/ تالەبانی"یشی لە پشتە و، پیلانێکی نهێنیی و گەورە لەنێوان لایەنێکی کوردی و رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان

داڕێژراوە و، کارەساتێکی ئەوتۆ گەورە دەخولقێنن کە بەجارێ هیوا و ئاوات و سەدەیەک قوربانیدانی گەلی بنپێکراوی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادیی هەرەس پێبێنن و، هەست و کەرامەت و کەسایەتیی کورد تێکبشکێنن و تاکی خاوەنویژدان و خاوەنبیروباوەڕی کورد تووشی دۆخێکی دەروونیی وا بکەن لەناخییەوە ئاخ هەڵکێشێ و ئارەزووی ئەوەکا بریا کورد نەبایە و، مردنی لەو ژیانە سەرشۆڕانەیە پێ باشتر بێت.

لێرەدا بە پێویستیدەزانم تۆزێک لە باسەکە لابدەم و کورتەیەک لە بارەی سلێمانییەوە بدوێم. سلێمانی، پێتەختی شای کوردستان شێخ مەحموود، ئەو شارەی لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمانەکەی بەرەنگاری گەورەترین دەسەڵاتداری سەرەتای سەدەی بیستەم کۆلۆنیالیزمی بریتانیا بووەوە، ئەو شارەی رۆڵەکانی تێکۆشەری لە زیندانەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسی داگیرکەر، بەچەپڵەلێدان و خوێندنی سرووودی "ئەی رەقیب"، بەرەو پەتی سێدارە دەچوون، ئەو سلێمانییەی کە بە درێژایی مێژووی دروستوونی هەزاران ژن و پیاوی زانا و کەڵەنووسەر و شاعیر و نیشتمانپەروەر و رۆڵەی قارەمانی لێهەڵکەوتووە و، بە خۆشحاڵی و شانازییەوە ژمارەیەک لەم کەسایەتییە پاکژ و سەربەرزانەی سلێمانی، هاورێمن و ساڵانێکە یەکدیدەناسین و، کۆمەڵێکیشیان هاوبیر و هاوخەباتی نەتەوەییم بوون و، هەن. لێ مخابن سەرەڕای بوونی ئەم هەزاران باشانە، زیاتر لە (60) ساڵی رەبەقە لەلایەنی خەباتی سیاسی و نەتەوەییەوە

له هێڵی راستینه و نەتەوەیی لادراوە تۆڕی حیزبایەتی و حیزبپەرستی باڵی کێشاوە بەسەریدا و بەناوی "**شارە حەیاتەکە**" و، "**شاری یەکێتی**" و، "**شاری هەڵمەت و قوربانیی**"، رۆڵەی خوێنگەرم و دڵپاک و ناهۆشیاری سلێمانی بە گژ پێشمەرگەی هەموو حیزبەکانی دیکەدا دراوە و، هەزاران رۆڵەی کورد بەدەستی یەکدیی هاتوونەتە کوشتن. دەیان ساڵە بەڕێخستنی فشەکوردایەتی و خۆڵکردنە چاوی سلێمانییەوە، بە درۆشمی درۆزنانەی "**کوردستان یان نەمان**" و، "**کەم ژیان و کەڵ ژیان**"، رۆڵەی ئەم شارە بەکار هێنراوە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراقی داگیرکەر. ئیمڕۆکەش شاری سلێمانی بووە بە مۆڵگە و پێگەی بەهێزی نیشتمانفرۆشان و دەزگەی سیخوڕیی داگیرکەرانی عێراق و ئێران. ئەرکی نیشتمانپەروەرانی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتیی ئەوەیە بکەونە هەوڵ بۆ تێگەیاندنی خەڵکی سلێمانی لەم بارودۆخە نانەتەوەیی و سەرلێشێواوییە تێیکەوتووە رزگاری بکەن بێدەنگ و بێهەڵویست نەبن.

– – –

له رۆژی 16ی مانگی ئەگۆستی 2017 راگەیەندراوەیەکم نووسی بۆ دەربڕینی هەڵوێست و بۆچوونی نەتەوەییەکانی کوردستان لەبارەی راپرسیی سەربەخۆیی کوردستانەوە. پێش بڵاوکردنەوەی ناردم بۆ دەیان هاوبیری نەتەوەیی کە ئێمەیل ئەدرەسەکانیان لەلامە. هەموو هاوبیران جگە لە چەن کەسێک نەبێ،

بەرامبەر راگەیەنراوەکە رەزامەندییان دەربڕی و، داواشیانکرد ناویان لە لیستەکەدا دابنرێت. دوای کۆکردنەوەی ناوێکی زیاتر بە لیستەکە، ڕێکەوتی 26/8/2017 راگەیەندراوەکەمان بڵاوکردەوە و ناردیشمان بۆ کاناڵی "رووداو"، کە بڵاویاننەکردەوە. ئەندامانی پێشووی پاسۆک، وەک هاوبیران هەڵۆ بەرزنجی و پشکۆ ئەمین و بەختیار شەمەی و چەندانیتر لە ئەورووپا، لەنێوخۆی وڵاتیش هاوبیری هەمیشە دڵسۆز و خەمخۆری کوردستان کاک حەمەرەشی هەرەس دەورێکی گەورەیان بینی لە هاندانی جەماوەری کوردستان، کە گوێنەدەنە پرۆپاگەندەی زوڕناژەنەکانی داگیرکەران و بڕیارێکی بوێرانە و هۆشیارانە بدەن بۆ رزگارکردنی خۆیان لە کۆیلەتی و بە درۆشمی پیرۆزی "**بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان**"، بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچن. لەنێو هاوبیراندا ژمارەیەک نووسەر و زانا و کەسایەتیی نەتەوەیی و خاوەنئەزموون وەک هاوبیران کامیل ژیر، دوکتۆر حسێن خەلیقی، حەکیم کاکەوەیس، حەمەڕەشی هەرەس و دوکتۆر محەممەد مەحوی و دەیانیتر لەگەڵ ناردنی راگەیەندراوەکە بۆیان، پشتیوانیی خۆیان بۆ راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان دەربڕی و، بە دڵنیاییەوە بوونی ناوەکانیان لە لیستەکەدا کارکردی بوو بۆ سەر ئەو بەشە لە چینی لاوان و خوێندکاری کوردستان، بە تایبەتیی لە نێوچەی سلێمانی کە بەرادەیەکی زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەی نەیارانی سەربەخۆییەوە و، لەنێوان "ئا" و "نا" دا مابوون و نەیاندەزانی دەنگ بەکامیانبدەن؟

لەم پێوەندەدا بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و تێرادیویی هەزاران ولاتپارێزی کوردستان، بێهەڵوێستیی هاوبیران جەمال نەبەز و عەبدوڵڵا پەشێو بوو. دوو هاوبیر و زانا و خاوەنپێگەی رۆشنبیری و جەماوەریی نەتەوەکەمان، بە هەزاران کەس لە کوردستان و لە دەرەوە، چاوەڕێی هەڵوێستی ئەم دوو بەڕێزەیاندەکرد. سەرەڕای رێز وخۆشەویستی و هاوبیرێتیی چەندین ساڵەم لە گەڵیان نەمتوانی رەخنەیان لێنەگرم و بە تایبەتیی کە مامۆستا نەبەز وەک داڕێژەری بیری زانستانەی نەتەوەییی، سالانێکی زۆر بوو داوای ئەنجامدانی رێفراندۆم و مافی سەربەخۆیی بۆ کورد دەکرد، کەچی لە ساتوکاتی ئەنجامدانی راپرسیی سەربەخۆیی کوردستاندا بێدەنگ بوو!؟

لەبارەی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو، سەرەتای ناسین و پێوەندیمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1999ی سەدەی رابردوو گۆڤاری کۆنگرەم دەردەکرد لە رێگەی پۆستەوە ژمارەکانی کۆنگرەم دەنارد بۆی. لە گەڵ تێپەڕبوونی مانگ و ساڵ پێوەندیی نێوانمان گەرم و گوڕتربوو. چەندین نەتەوەیی دڵسۆزی وەک هاوبیران حەکیم کاکەوەیس و پشکۆ ئەمین و هەڵۆ بەرزنجی و قەیس بلباسی ناساند پێم و بۆ خۆشکردنی پێوەندیی نێوانمان لەگەڵ ئەوانیش قسەیکردبوو. جارێکیش لە ساڵی 2012 هەوڵماندا بۆ دامەزرانی تی ڤی یەکی نەتەوەیی و سەربەخۆ لێ سەرینەگرت. راگەیندراوەی هاوبیران و نیشتمانپەروەرانم بە ئیمەیلەکەی نارد بۆی بۆ پشتگیریی لە راپرسیی واژۆیان کردبوو، دوای ئەوەش تەلەفۆنم کرد بۆی،

دوای هەواڵپرسین سەرزارەکیی پشتیوانیی خۆی بۆ ڕاگەیەندراوی هاوبیرانی نەتەوەیی دەربڕیی، لێ پێیباشنەبوو ناوی لە لیستەکەدا بنووسرێت!! لە بارەی ئامانج و نێوەرۆکی ڕاپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستانەوە، گوتی: **مەسعوود بارزانی ڕاستناکا و ڕێفراندۆم بەڕێوەناچێ و دەستی ڕژێمی ترکی لە پشتە و بە تەمان نێوچەی بندەسەڵاتی پارتی وەک ئەمارەتێکی سەردەمی عوسمانلی لێبکەن کە لەلایەن ترکیاوە بەڕێوە بچێت**!

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی بانگەواز و چالاکیی ڕاپرسی و دەنگدانەوەی لە میدیای نێوچەکە و لە جیهان و هاتووچۆی پەیتا پەیتای کاربەدەستانی ڕژێمەکانی داگیرکەر بۆ پێتەختی ولاتەکانیان، بۆ دواجار تەلەفۆنم کردەوە بۆ کاک پەشێو نامەی ژمارەیەک لە مامۆستایانی وڵاتپاریزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشم ناردبۆی کە نووسیبوویان: "**مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو بۆ دەنگی نییە و، بۆچوونی لەسەر ڕێفراندۆم چییە**!؟"، لە ئۆرووپاش چەندین هاوبیر و خەڵکی وڵاتپاریز پرسیاریاندەکرد بۆچی ناوی عەبدوڵڵا پەشێو و جەمال نەبەز لە لیستەکەدا نییە؟ بەرام مخابن کاک پەشێویش وەک کاک جەمال نەبەز نەیتوانی هەست بە گرنگیی ئەو پرسە مێژووییە بکا و بە ئەرکی مێژووی و نەتەوەیی خۆی ڕانەبوو، کە بە دڵنیاییەوە پشتگیرییان لە ڕێفراندۆم بە تایبەتیی لە نێوچەی سلێمانی کارکردی زۆری دەبوو.

به بۆچوونی ئەز، لێکدانەوەی کاک عەبدوڵلا پەشێو لەبارەی کاک مەسعوود بارزانیی لە سەردەمی راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان، هەر ئەو روانگە و بۆچوونەی سالانی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بوون واتە سەردەمی شەڕی نێوخۆیی و پێکدادانی خوێناویی نێوان پارتی و یەکێتیی و پێ کێ کێ کە بوونە هۆی بڵاوکردنەوەی ناهومێدی و پەژارەی کوور لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بۆ خستنەڕووی ئەم راستینەیەش بۆ خوێنەرەوە، مانگی خەرمانانی ساڵی 2003 گوتوبێژێکم لە گەڵ مامۆستا پەشێو ئەنجامدا لە **گۆڤاری کۆنگرە ژمارە (28) زمانڕەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** بڵاومکردەوە و لەگەڵ دیمانەی چەندین زانا و وڵاتپاریزی دیکە لە شێوازی پەرتۆک و بە ناوی "کۆبەرهەم ژمارە (2)" ئامادەی چاپکراوە، خوێنەرەوە دەتوانێ لە ماڵپەڕی زەنگین و هێژای "ئەمڕۆ" بیانخوێنێتەوە:

.https://www.emrro.com/malperisirwan1.htm

عەبدوڵلا پەشێو لەو دیمانەیدا دوای شرۆڤەیەکی کوور و وردی بارودۆخی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناڤین لە دوادێڕی دیمانەکەی دەڵێ: **"ئەوەی تا ئێستاش بە تەمایە پارتی و یەکێتی، بەو ململانێیە کوردستانی بۆ رزگار دەکەن، با سیر بخوا و زوڕنا لێدا!!".**

بێگومان نەک هەر عەبدوڵلا پەشێو بەڵکوو ژمارەیەک نەتەوەیی دیکەش هەر ئەم روانینەیان بەرامبەر پرسی راپرسیی سەربەخۆیی بوو، لێ زۆرینەی نەتەوەییەکان باوەڕمانوابوو راپرسیی

سەربەخۆیی کوردستان بەر لە هەر شتێک دەبێتە هۆی زیندووبوونەوەی هەست و باوەڕی خۆییبوون لای کورد و، لە بیری دابەشبوون و بندەستییەوە دەیگۆڕێ بۆ بیری سەرفرازیی، ئەمەش هەنگاوێکی پیرۆزە و هەرکەس و لایەن و حیزب و سەرکردەیەکی کورد داوای بکا ئەرکی نەتەوەییەکانە پشتیوانیی لێ بکەن. ئەوجا روانین و بۆچوونی ئەز لە بارەی مەسعوود بارزانیی، لە ساڵانی 2010 بەملاوە هەستم بە گۆڕانێکی ئاشکرا لە وتە و لێدوانەکانیدا دەکرد، بە روانگەیەکی نەتەوەییەوە لەبارەی پرسی کورد و داهاتوویەوە دەدوا، ئەمەش بە باوەڕی من پێوەندیی بە چەند هۆکارێکی نێوخۆیی و دەرەکییەوە بوو، هەرچەندە پارتی و یەکێتیی دوای رووخانی رژێمی سەددام حسێن، بەشداربوون لە داڕشتنی یاسای نوێی عێراق و هەردووکیان بە پێی یاسای عێراق باشووری کوردستانیان وەک بەشێک لە خاک و جوگرافیای عێراق پەسند کردبوو، بۆ ئەز وەک چاودێرێکی سیاسی و نەتەوەیی ئەو راستینەیەم دەبینی ئیدارەی هەولێر وەک حکوومەت و بەڕێوەبەرێتییەکی سەقامگیر و چەسپاو و بێ کێشەی ئەوتۆی نێوخۆیی توانیویەتی سەرنجی کۆمەڵەگی نێودەوڵەتیی بە تایبەتیی هاوپەیمانان بۆ لای خۆی راکێشێ، کاربەدەستی دەولەتان و پلەبەرزی سوپای وڵاتانی ئۆرووپا و ئەمریکا سەردانی بکەن، ئامادەبن کونسوولگەریی لە هەولێر بکەنەوە و، رێخۆشبکەن بۆ هاتنی کۆمپانیاکانیان لە هەولێر و ئیدارەی هەولێر. ئەوجا بوونی

سوپا و داهات و بووجە و داراییەکی سەربەخۆ، بە واتای گەشانەوە و هەستانەوەی هزری نەتەوەیی بوون بۆ کاک مەسعوود بارزانیی کە هەر لە ساڵی 2010 بە ئاشکرا لە دیمانە و دیدارەکانی باسی مافی بڕیاردانی چارەنووس بێنێتە ئاراوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانە هزرییە سیاسی و نەتەوەییەی بە ئەشکەرە لە مەسعوود بارزانیدا دەبینرا، لە پێوەندیی لەگەڵ دەولەتی عێراق و گەلی عەرەبی عێراق بە گشتیی پاش سالانیک خزمەت و یارمەتیدان و بەشداریی لە نرخنەهاتوو بۆ دامەزرادنەوەی دەوڵەتی عێراقی تازە لە شوێنی دەولەتی رووخاوی پێشووی بەعس لە بەغدا، کەچی عەرەبی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو سپڵە و پێنەزان و بێمنەت بەرامبەر سەرکردەیەتیی کورد دەرکەوتن و، لەگەڵ رژێمی ئێران و ترکیا دەستیان تێکەڵکرد بۆ لاوازکردنی دەسکەوتەکانی کورد و دزینی مووچە و قووتی دانیشتووانی باشووری کوردستان و، ئەنجامی خراپی سیاسەتی دزێوی ەدسەڵاتدارانی تازەی عێراق لە کەس شاراوە نییە و، هەموو دەیزانین، ئەمانە هۆکار بوون مەسعوود بارزانیی وەک تاکەڕێگە بەدەستی کوردەوە مابێ ئەگەر لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی دیمۆکراتەوە پشتگیریی لێکرا، ئەوا کورد لە ەبشێکی نیشتمانەکەی بە دەولەتی کوردیی شاد دەبێ، ئەگەریش پشتینەگیرا، ئەوا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی دەگمەن دەمێنێتەوە کورد دەتوانێ هەموو کات بۆ راگەیادنی سەربەخۆیی پشتی پێ ببەستێ!

**راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان، لە رۆژی 25/9/2017 بەڕێوەچوو. ئەم رۆژە لای هەر کوردێکی پاک و نیشتمانپەروەر بوو بە جێژن و بۆنەیەکی پیرۆزی نەتەوەیی. زیاتر لە سێ ملیۆن کورد بە شای و لۆغان و بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بە ئالای کوردستانەوە بەرەو سنووقەکانی دەنگدانچوون. گەلی کورد لە باشووری کوردستان لەم رۆژە پیرۆزەدا بە دەنگی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان" لە داگیرکەرانی کوردستان و دنیایان گەیاند، نەتەوەی کورد وەک هەر گەلێکی دیکەی سەر خڕۆکی زەوی هۆشیارە و، شایانی بندەستیی نییە و، خوازیاری ئەوەیە ببێت بە خاوەنی خاک و نیشتمانی خۆی. لەم پێوەندەدا مەسعوود بارزانیی وەک رێکخەر و کارگێڕی پرسی سەربەخۆیی دەوری سەرەکیگێڕا. ناوی مەسعوود بارزانی و بەشداریی کۆمەلانی خەلکی باشوور بە دەنگی بەلێ بۆ سەربەخۆیی، وەک بەلگە و لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی کورددا دەمێنێتەوە.**

**لێرەوە تەوەرێکی دیکە دەکەینەوە و، لەوە دەدوێین بۆچی خیانەتی گەورەی 16/10/2017 روویدا!؟ چلۆن تاکێکی کورد، بنەماڵەیەک، یان حیزبێکی سیاسیی کوردی دەوێرێ و رێ بە خۆی دەدا بێترس و دڵەراوکێ و سزادانی گەل، بێترس لە ئاوڕووچوونی خۆی و بنەماڵە و منداڵ، خاک و نیشتمانی خۆی تەسلیمی رژێمێکی داگیرکەر بکات!؟. چلۆن دەتوانن بزاڤی بەشێکی نیشتمانەکەیان تێکبشکێنن و ببن بە کەواسۆری بەرلەشکری داگیرکەر؟ بۆ وەرامی راستی ئەم پرسیارە ئەگەر بە چەند وشە ئاماژەی پێبکەین و بەکورتی بیدەینە بەر باس: "دیاردەی قیزەونی جاشایەتی و**

نیشتمانفرۆشیی لەنێو فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییی جێکەوتووە. بە واتایەکیتر، گەر فەرهەنگی کۆمەڵگە، رێیدا هەر دیاردەیەک چاک یان خراپ بێتە نێو ژیانییەوە، پاش ماوەیەک تێکەڵ بە فەرهەنگی دەبێت". لە ئالیی سیاسییەوە ئەم دیاردەیە لە سالانی نیوەی سەدەی (20) لە سەردەمی شۆرشی ئەیلوول کەوتە نێو سیاسەتکارانی کوردەوە و دیاردەی جاشایەتیی لە سەرۆکی هۆز و خێڵەوە گۆڕا بۆ رێکخراوەی سیاسی و لەلایەن دەستەیەک ئەکادمی و خوێندەواری کوردەوارییی بە ناوی "مەکتەب سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان" بە سەرۆکایەتیی برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی. جاشایەتیی تیۆریزەکرا، بە رەنگ و درۆشمی سیاسی و بریقەدار و خەڵکخڵەتێنەوە جلێکی تازەیانکرد بە بەری جاشایەتیدا و، رەوایەتییان پێدا. لەژێر سێبەر و چەتری داگیرکەردا خۆیان بە خاوەنی شۆرشێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێرن و دژ بە کۆنەپەرستی و دەرەبەگ دایە قەلەم. بەخستنەڕێی فشەکوردایەتیی و، بە شمشێری داگیرکەر و بە دەستی خۆیان، بیری رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیان وەک لەشێکی بێسەر لێکرد. لە دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوولیشەوە، بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان و، زۆرینەی ئەو حیزبانەی دوای ئەمان دامەزران، بە ئاشکرا و نهێنیی لە گەڵ داگیرکەران دەستیانتێکەڵکرد و، بوون بە سیخوڕ بە سەر یەکەوە و، بوون بە جێبەجێکەری پیلانی داگیرکەران لە دژی حیزبی نێوچەی خۆیان و، بزووتنەوەی

پارچەکانی دیکەی کوردستان. داتاشینی درۆشمی قەبە و چەوت و سەرلێشێوێن و رووداماڵدراویی لە تایبەتمەنییەکانی ئەم خێڵە سیاسییە نانەتەوەیی و نیشتمانفرۆشانە بوو. دەیانتوانی لە یەک ئان و سات و رۆژدا پێوەندییی بە دوو یان سێ داگیرکەری کوردستانەوە بگرن و لای خەڵکیش، پێوەندیی حیزبێکی دیکە بە داگیرکەرێکەوە لەقاو بدەن و، ئاوڕووی پێوە نەهێڵن. ئەم چەشنە سیاسەتکردنە، دوای دەیان ساڵ بنەبڕ نەبووە و گوێیاننەداوەتە دەسدرێژی و داگیروتالانکردنی نیشتمانەکەیان، ئەمەش بۆیە دەکەن کۆنە نەیارە کوردەکەیان سەرنەکەوێ و، ئەمان بەسەریدا سەرکەون و، بە چاوی خۆیان کەوتن و شکانی کوردی هاوڕەگەز و هاوخوێن و هاوچارەنووسی خۆیان ببینن. ئەم چەن دێڕەی سەرەوە بە تایبەتیی پێ کێ کێ ش دەگرێتەوە سالانی ساڵ پێوەندیی بە ئێران و عێراقی دوای رووخانی رژێمی سەددامەوەیە، بە ئەندام ولایەنگر و میدیا و راگەیاندنییەوە پارتی تۆمەتبار دەکات پێوەندیی بە رژێمی ترکیاوەیە، سالانی سالە دژایەتیی بیری سەربەخۆیی کوردستان دەکا، سازییەکی کارتۆنیی داناوە بە ناوی "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان"، ساڵی جارێک یان دوو جار کۆدەبنەوە شتێک بلاودەکەنەوە، چەند رۆژێک لە میدیای پێ کێ کێ وە باسی کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکێتیی نەتەوەییی کورد دەکەن، بەلام ئەندامانی خۆی بە بیری دژایەتیکردنی "دەوڵەت نەتەوە" و سەربەخۆیی کوردستان پەروەردە دەکات. لە کۆنگرەی نەتەوەییەوە

باس له یەکێتیی نەتەوەی کورد دەکەن، بەڵام لەگەڵ ڕێکخراوە و حیزبی پارچەکانی کوردستان هاوکار و تەبا نییە، لەبری ئەوە لە گەڵ "حەشدی شەعبی" و سوپای عێراق هاوکاریدەکات، وەک سالانی پێشووتریش لە گەڵ ئێران و سووریا و "حیزبوڵڵای لوبنان" هاوپەیمانبوو، نێویشینابوو "بەرەی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی لە ڕۆژهەلاتی ناڤین!!"، بێئەوەی سووریا و ئێران حسێبی "پوولێکی قەڵب" بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە بکەن پێ کێ کێ بانگەشەی دەکرد بۆی. پێ کێ کێ هەروەها لایەنێکبوو لە پیلانە نانەتەوەییە مێژووییەکەی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017. باسی یەکێتیی نەتەوەیی دەکا و لە گەڵ پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کێشەی "شەنگال"ی تا ئاستی شەڕی نێوخۆیی برد و، بە تەمابوو بیکات بە "کانتۆن" ێکیدی، کەچی سووک و هاسان و بە دەسومشتاقکردن و ماڵئاوایی گەرم تەسلیمی سەربازی عێراق و هێزی حەشدی شەعبی کردەوە. بە شەرم و شوورەییدەزانێ لە ژێر ئالای کوردستاندا یەک چرکە ڕاوەستێ، بەڵام ئامادەیە لەسەر بنکەکانیدا ئالای عێراق و سووریە هەڵدا و، لەژێر ئالای ئەو ڕژێمە داگیرکەرانەدا ڕاهێنانی سەربازیی بە لاوانی کورد بکات.

ئەم قسانەم بە واتای لەسەر کردنەوەی پارتی دیمۆکرات نییە، ئەوی خۆی بە کوردێکی دڵسۆز بزانێ و کەرامەتی بێت، دوای ئەم هەموو کارەساتەی لە سایی حیزبایەتییەوە بەسەر کورد و نیشتمانەکەیدا هێنراوە و دەهێنریت، حیزبایەتیی ناکات. ئەوی خۆی

به نەتەوەیی بزانێ، خۆی نابەستێتەوە بە حیزب و حیزبایەتییەوە، بە ئاشکرا داوای سەربەخۆیی بۆ گەل و نیشتمانیدەکات. بەڵام پارتی هەرچییەکی کردووە و دەیکات، بە ئاشکرا کردوویەتی و لە هەموو لایەکیشەوە وەک چیرۆکی "مەڕ و بزنەکە!"، لە قاویدەدەن و، زمانیشیاندرێژە و، بەمەش توانیویانە خۆڵ بکەنە چاوی بەشێکی رەشەخەڵکەکە و، بەکاریان بێنن و، گەورەترین زیانیش لە یەکێتیی کورد و لە دۆزی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

**دوای داگیرکردنەوەی کەرکووک و خیانەتی گەورەی بنەماڵەی تالەبانیی لە شانزەی ئۆکتۆبەری 2017، چەندجار خۆپێشاندان لە کوردستان کرا؟ لەلایەن زیاتر لە دووملیۆن کوردی دەرەوەی وڵات، چەنجار و لە چەن وڵات خۆپێشاندان کرا؟ نەتەوەییەکانی کوردستان چەند وتار و سەمینار و خۆپێشاندان و کەمپین و تۆماری واژۆیان لە دژی تاوانباران خستەڕێ و، ناردیان بۆ نیشتمانفرۆشان و بۆ هەموو لایەنێکی پێویست!؟ هیچ! هەر هیچ نەکرا! لەبری ئەوە، لەسەر هەرای مووچە، کە ئەویش هەر بە پیلان و فیتی داگیرکەران پلانی بۆ دانراوە، خەریکبوو ئەو لەتە دەسەڵات و ماڵۆچکەیەی کورد لە هەولێریش ماوە، بە تەواوەتیی کاولیکەن و لە سەرئێشەی دەسەڵاتی کوردی بە یەکجارەکیی رزگاربین و، بستێ خاک بە دەس کوردەوە نەمێنێ و، ببینەوە بە چوارپارچە بندەستەکە و، بە شانازییەوە لای بێگانە و دنیای دەرەوە بیلێینەوە: "ئێمە گەورەترین نەتەوەی بندەستی جیهانین!!".**

لە دۆخی دوای داگیرکردنەوەی کەرکوک و بەم هەموو کێشە و ئاستەنگانەی دوای خیانەتە مێژووییەکەی بنەمالەی تالەبانی

سەریانهەڵداوە گێرانەوەی ئەو نێوچانەی لە دەسدراون و بەربەرەکانێکردنی ئەو توڵەوتووتکانەی وەک باقڵ و ئالا تالەبانی و ئاراس و لاهوور و ئەوانەی دیکەیان لە پاش جەلال تالەبانی و برایم ئەحمەد بەجێماون کارێکی ئەستەم و دژوارە. چۆنکە بە بوونی دەستەیەک درۆزن و هەلپەرست و بەردەست و بەرماوخۆری وەک مەحموو سەنگاوی و وەستا رەسووڵ و سەعدی پیرە و دەیانی دیکەی بە ناو سەرکردە و سەرلشکر و سەرتیپ و قەڵەمبەدەس و میدیاکار و ئەندام حیزبی و ئاسایش و هێزی چەکدار دەورەیانداون و، جمگەکانی دەسەڵاتی ئابووری و بووجە و هێزی چەکداریان لە ژێر دەستدایە، سووک و هاسان وازیلێناهێنن و دەسبەرداری دەسەڵاتیان نابن. جگە لەوەش دوو رژێمی داگیرکەری ئێران و عێراقیشیان لە پشتە و، بە دڵنیاییەوە لە بەرامبەر هەر دژایەتیکردنێک پارێزگارییان لێدەکەن. ئەوجا بەم خەمساردی و بێهەڵوێستییەی لەنێو نەتەوەییەکان و جەماوەری کوردستان بەگشتیی دەبیندرێ و، تەنانەت بوونی کەسانێکی خاوەنویژدان و ولاتپارێزی وەک "نەجمەدین کەریم" و ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەی نێو یەکێتیی، چ دەور و کارکردێکی نابێ. چارەسەری بنەڕەتیی بۆ نەهێشتنی تۆوی جاشایەتی و خیانەتکاری لە هەموو کوردستان پێویستی بە راپەڕینێکی جەماوەرانەی نەتەوەیی هەیە کە بناخەی شوورە و قەلای پرشەرمەزارییان لەبەریەک هەڵتەکێنێ و، بناخەی شۆرشێکی خاوێن و نەتەوەیی داڕێژرێت، بۆ ئەمەش لە سەرەتاوە پێویستە

نەتەوەی کورد بگاتە ئەو ئاستە لە هزر و هۆشیاریی نەتەوەیی رێز لە جاش و نیشتمانفرۆش نەگرێ و، وەک باکتریا و خۆرەی نێو کۆمەڵگە لێیان بڕوانێ. پێویستە نەتەوەی کورد بگاتە ئەو ئاستە لە هۆشیاریی نەتەوەیی، هەر کەس و لایەن و حیزبێک درۆشمی "پێکەوەژیان و دیمۆکراسی"، "کۆنفیدراڵی رۆژهەلاتی ناڤین"، "فیدەراڵی" و برایەتیی نێوان گەلانی سەردەست و نەتەوەی بندەستی کوردی دا بە گوێیدا، دڵنیابێ و بزانێ، خاین و درۆزن و هەلپەرستە و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی چارەنووسی دەخاتەوە ژێر دەستی رژێمەکانی خوێنمژ و دڕندە و داگیرکەری نیشتمانەکەیەوە. لێرەدا بە تەنێ مەبەستم لە حیزبەکانی باشوور نییە، هەر حیزب و رێکخراوە و پارتییەک لە سەرتاسەری کوردستان بە هەر نێو و درۆشمێکەوە، چارەنووسی نەتەوەکەی گرێبدات بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر هیچ گومانینەبێ و دڵنیابێ خاین و خیانەتکار و نیشتمانفرۆشە. درۆشمی پێکەوەژیان و خودموختاری و ئۆتۆنۆمی و چەپی و درۆشمی برایەتیی گەلان مێژوویەکی بێئەنجامی حەفتا سالەی هەیە، فیدراڵییەکەی باشووریش وا زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی تێپەڕکرد، چەندینجار لەسایی پێکەوەژیان لە گەڵ عەرەبی باندەستدا نەتەوەی کورد جینۆساید کرایەوە. حەفتاساڵە خەون و ئاواتی ئەم حیزبانە نەهاتەدی کە رژێمێکی دیمۆکراتی لە پێتەختی وڵاتانی داگیرکەر دامەزرێنن، بە دڵنیاییەوە دەیان حەفتا ساڵی دیکەش رۆڵەی کورد بە کوشتن بدەن ئەو ئاواتەیان نایەتە دی. پێویستە بیزانن پێرەوکردنی

ئەو بیرۆکە چەوت و بێسەمەرانە زۆر گران لە سەر نەتەوەی کورد کەوتووە و، خەریکە لە نێو خوێنی خۆیدا نوقمدەبێ.

## لێدوانێکی کورت لەبارەی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان!

لێرەدا دەچینە سەر "**ئیسلامی سیاسی و حیزبی ئیسلامیی کوردی**" وەک بابەت و دیاردەیەکی چەوت و دزێو و دژ بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، دوای ئەوەی "**هەرێمی دژەفڕین**" لە باشووری کوردستان لەلایەن ئەمریکا و فەرەنسا و وڵاتانی دنیای ئازاد دامەزرا، ژمارەیەک کوردی سوننەی سەر بە "**ئیخوانی عێراق و وڵاتانی ئیسلامیی**"، سوودیان لەو بۆشاییە سیاسیە بینی بە هۆی دوژمنایەتیی قووڵی نێوان یەکێتی و پارتی و بەڕێوەبردنی کوردستان بە سیستەمی دوو ئیدارەیی سەریهەڵدابوو، بە پیلان و بووجە و ڕێنوێنی داگیرکەران ڕێکخراوە و حیزبی ئیسلامیی بە بیری بنچینەگرانەوە دامەزراند بەو هیوایەی ئیمارەتی ئیسلامیی لە شێوازی ئەلقاعدە و تالەبان لە کوردستان دامەزرێنن و یاسا و ڕێسا و کولتووری ئیسلامیی بەسەر کۆمەڵگەی خاوەن شارستانێتی و فرەئاین و ئاینزای جیاوازی کوردستاندا بسەپێنن.

یەکەم ڕێکخراوەی ئیسلامیی لە باشووری کوردستان بە ناوی "**بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان**" لەلایەن مەلا عوسمان عەبدولعەزیز خەڵکی هەڵەبجە ساڵی 1987 بە بیری جیهادی و بیری "ئەلقاعدە" و "داعش" و "تالەبان" و بە ڕەزامەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا. ئەوجا دەمارگرژێکی دیکەی ئیسلامیی بە ناوی سەلاح بەدەردین خەڵکی تەوێڵەی هەورامان و نێزیک هەڵەبجە کە ساڵانێک سەر بە ڕێکخراوی "ئیخوان مسلمین" بوو، چەند ساڵێکیش سەردەمی ڕژیمی خومەینیی لە ئێران ژیابوو،

له ساڵی 1994 له گەڵ ژمارەیەک مەلا و موسڵمانی سەر بە ئیخوان حیزبی "یەکگرتووی ئیسلامیی" دامەزراند. له کۆنگرەکانی دواتردا بوو بە سەرۆکی حیزبەکە.

ئەوجا مەلایەکی دەمارگرژتر بە ناوی مەلا کرێکار سەریهەڵدا له ڕێکخراوی ئیخوان جیابووەوە، ساڵی 2001ی زایینیی له نێوچەی هەورامان ڕێکخراوەیەکی سەر بە ئەلقاعدەی دامەزراند بە ناوی "ئەنسارۆلئیسلام" (پشتیوانی ئیسلام)، هەر لەو ساڵەدا مەلایەکی تەنگەتیلکەی دیکە بە ناوی مەلا عەلی باپیر لەگەڵ دەستەیەک له بزووتنەوەی ئیسلامیی جیابوونەوە ڕێکخراوێکی سەر بە ئەلقاعیدە "جوندولئیسلام"یان دامەزراند و لەگەڵ مەلاکرێکار یەکیانگرت و ناویان گۆڕی بۆ "ئەنسارۆلئیسلام" و مەلاکرێکار بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە. ئامانجیان دامەزرانی ئەمارەتی ئیسلامیی بوو له چەشنی تالەبان. مەلا کرێکار و عەلی باپیر له ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو چووبوونە پاکستان و ئەفغانستان و له نێزیکەوە له گەڵ گەلێک مەلای سەلەفی توندئاژۆی سەر بە تالیبان و ئەلقاعیدە لەو دوو وڵاتە دیداریان کردبوو. مەلا کرێکار چەند ساڵێک له نێویاندا مایەوە و بە بیری بنچیەگرانەی ئیسلامی سیاسیی پەروەرددە بوو. بە کورتی، ئەم دوو کەسە (عەلی باپیر و مەلا کرێکار) بوون بە داڕێژەری بیری بنچینەگرانەی ئیسلامیی له چەشنی تالەبان و داعش له کوردستان.

دوای دامەزرانی لقی قاعیدە (ئەنسارۆلئیسلام) لە هەورامان هەر بە پشتیوانیی ئەلقاعدە (200) چەکداری موسڵمانی دەمارگرژی عەرەب، ئەفغان، چیچەن، ئۆزبەگ و کوردی لێکۆبووەوە، گوندی بیارەی هەورامان بوو بە پێتەختی ئەمارەتی ئیسلامیی. مەلا کرێکار وەک ئەمیری رێکخراوەکە دەستیکرد بە فتوادان و فەرمانی کوشتنی رۆناکبیران و ئازادیخوازانی کورد و حیزبەکانی کوردی نەیاری. چەندین تاوانی نامرۆڤانەیان ئەنجامدا وەک هێرش بۆ سەر گوندی "خێڵی حەمە" لە ساڵی 2001 هەڵیانکوتایە سەر هێزێکی یەکێتیی نیشتمانی بە فەرماندەیەتیی شەریف قورئانی و دوای کوشتنی (42) پێشمەرگە و بەدیلگرتنی چەندین پێشمەرگەی دیکە، دیلەکان سەر دەبڕن و، تەرمی هەموویان دەشێوێنن و لاشەیان پارچە پارچە دەکەن و، بەو کردەوەیان دڕندەیەتیی و وێکچوونیان قاعیدە و تاڵەبان و کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشانی کورد و دنیای دەرەوە دا. ئەوجا هەوڵی تیرۆرکردنی سیاسەتکاری ناسراو بەرهەم ساڵح و فتوای کوشتنی شاعیری مەزنی کورد شێرکۆ بێکەس و چەندین هەوڵی دیکەی تیرۆریستیی لە ریزی کارنامەی مەلاکرێکار و هێزە چەکدارەکەی بوون. دوای ئەوەی مەلا کرێکار بە کەلەبچەکراویی تەسلیم بە وڵاتی نەرویج کرا و، لە گەڵ عەلی باپیر ناکۆکی کەوتە نێوانیان، مەلا کرێکار لە دیمانەیەکیدا لە بارەی مەلا عەلی باپیر و حیزبەکەی و هۆکاری یەکنەگرتنی حیزبەکانی ئیسلامیی دەڵێ: **"چلۆن گومانم لە ناوی خۆم نییە، ئاواش گومانم نییە کۆمەڵ سەر بە ئێرانە! من و**

**عەلی باپیر (34) ساله یەکتر دەناسین و، من باشدەزانم کاتی خۆی لەو دیوی سنوور چ ئاغایەکی حوشتری پێشوازی لێکرا و چ ئاغایەکی تیمساحی هاتە لای!".**

مەلاعەلی باپیر لە سەلەفییە کۆنەکانە و لە دەرگەی هەموو وڵاتانی داگیرکەر و ولاتانی عەرەبی وەک سعوودی و قەتەری داوە. لە ساڵی 1991 لە پاکستانەوە چوو بۆ سعوودی و سێ مانگ لەوێ مایەوە بە نیازی وەرگرتنی بڕەپارەیەک بۆ برەودان و پەرەپێدانی بیری تێکدەرانەی لە کوردستان. بەڵام ئەمریکا هەوڵ و تێکۆشینی لێ تێکدان و لە کاتی هێرشی سەرتاسەریی ئەمریکا بۆ سەر ئەلقاعدە و تالەبان لە ئەفغانستان و لق و پۆپەکانی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین لە ساڵی 2003 لە هەورامان و شارەزوو هێرشیکردە سەریان و زیاتر لە (100) چەکداری لێکوشتن، مەلا کرێکار رایکرد بۆ ئێران، دواتر لە سەر داوای ئەمریکا هێزەکانی ئێران گرتیان و تەسلیم بە وڵاتی هۆلەندیان کرد و تەسلیم بە نۆروێژ کرا، پاشماوەی هێزەکەیان لە گەڵ عەلی باپیر بە رەزامەندیی یەکێتیی نیشتمانی و لە ژێر چاودێریکردنی یەکێتیی لە گوندی دارەشمانەی سەر بە نێوچەی پشتدەر نیشتەجێکران.

مەلاخدر یۆنس سەرۆکی لێژنەی فتوای مامۆستایانی ئاینیی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی "وشە" دەڵێ: **عەلی باپیر لەنێو حیزبەکەی خۆی و لە مزگەوتیش هانی خەڵک و لاوانی دا بچنە نێو داعشەوە دژی پێشمەرگە بجەنگن!**

**عەلی باپیر چەندجارێک لەنێو پەرلەمان و لە بۆنەی سیاسیی بە بیانووی ئەوەی هۆنراوەی سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب" بێرێزییە بەرامبەر ئاینی ئیسلام، ئامادە نەبوو بە پێوە راوەستێ! لە بەرامبەر ئەم ناکوردی دژ بە کوردەدا کە ناوی مەلاعەلی باپیرە و، لەبەرامبەر هەموو ئەوانەی بەناوی ئاینەوە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردن، ئەگەر حکوومەتی هەرێم بێدەنگ و دەستەوەستانە، ئەوا دەبوو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و بنەماڵەی شەهیدان بەخۆپیێشاندانی گەورەی جەماوەریی سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن و، بدرێنە دادگە، حیزبەکانیان دابخرێن و رێگەی چوونە مزگەوتیان لێبگرن و لە کوردستان دەریانکەن، با بچن لە سێبەری ئەردۆغان و خامنەیی و قەتەر و سعوودی بژین، کەشی کۆمەڵگەی کوردستان قیزەون و بۆگەن نەکەن!**

کوردستانێکی لە ماوەی سەت ساڵ بەرخۆدان و بندەستیی بەلانیکەمی دوو ملیۆن شەهیدی داوە و لەلایەن داگیرکەرانی خوێنرێژییەوە گەلێک کارەساتی دڵتەزێنی بەسەر هێنراوە، جێی دەستە و تاقمی تاوانبار و خیانەتکاری کوردزمانی نیشتمانفرۆش نییە! هەڵوێستی رۆڵەکانی کوردستان لە بەرامبەر ناپاکاندا گرنگ و پێویستن و گەلێکی هۆشیار و بە هەڵوێست، حکوومەتەکەی ناچار دەکا بە هەموو شێوازێک تێبکۆشێ پارێزگاریی لە کەرامەت و کەسایەتی و بەرژەوەندییی گەل و نیشتمانی بکاتن.

لێنەپرسینەوە لە بەکرێگیراوانی دژ بەکوردی بەناو موسڵمانی کورد لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لێنەپرسینەوە و پشتگوێخستنی خیانەت و رۆڵی تێکدەرانە و نانەتەوەییانەی مەلا

کریکار و مەلاعەلی باپیر و مەلاکانی کوردی سەر بە قاعیدە کە دەستیانهەبوو لە کوشتنی دەیان پێشمەرگە و هێنانی موسڵمانانی توندئاژۆی وڵاتانی ئیسلامیی بۆ کوردستان، رێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی توێژێک مەلای سەلەفی زات بدەنە بەر خۆیان مزگەوت بکەن بە نێوەندێک بۆ پەرەپێدانی بیری بنچینەگرانەی ئیسلامی و خەڵکی ناهۆشیاری کوردەواری لە خۆیان کۆبکەنەوە و بە ئاشکرا و نهێنیی پێوەندیی بگرن بە داگیرکەرانی ئێران و ترکیا و بە پارەی وڵاتانی سعوودی و قەتەر هەوڵی سڕینەوەی کولتوور و پیرۆزییەکان و سڕینەوەی بیری نەتەوەیی بدەن و بە ئەشکەرە ببن بە زوڕناژەنی داگیرکەرانی ترک و عەجەم و، رووماڵدراویی بگەیەننە ئاستێک بێڕێزی بەرامبەر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" بکەن، سەرباری ئەمانەش رەوایەتیی بدەن بە سەربڕینی رۆڵەکانی کورد و تاڵانکردن و دەسدرێژیی بۆ سەر ژنانی بە رۆمەتی کورد لە لایەن دوژمنانی ئاژەڵئاسای وەک ئێران و ترکیا و "داعش" و رژێمی تێرۆریست و مرۆڤخۆری سووریا بە سەرۆکایەتیی کوردکوژێکی وەک ئەحمەد جولانی و، کوردستان بکەن بە گۆڕەپانی شانە و رێکخستنی نهێنی و ئاشکرای رژێمی ئێران وترکیا و داعشی ناکورد و کوردزمان!

لە هەموو ولاتانی دنیا بیری داعشی و ئەلقاعدە و تاڵەبان و ئیدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پیشەی سیخوڕی و بەکرێگیراوایی بۆ دوژمنانی وڵات بە مەترسیی دەزانن بۆ سەر ژیان

و گیانی مرۆڤ، وەک خۆرە و شێرپەنجەی نێو کۆمەڵگە لێیان دەڕوانن، هەوڵی سڕینەوە و لەنێو بردنیان دەدەن، بەڵام لە کوردستان سنووری نێوان خاین و کوردپەروەر بەرادەیەکی زۆر شێوێندراوە. کابرایەکی بەناو سەرۆکی حیزبێکی کوردی وەک حەمەی حاجی مەحموود ساڵانیکە بە ئاشکرا بەکرێگیراوی سوپای پاسدارانی ئێرانە و لە باشوور لافی کوردایەتیی لێدەدا، یان دەستەیەک بیر داعشی کوردی وەک مەلاکرێکار و مەلاعەلی باپیر و بەکرێگیراوێکی دزێوی وەک مەلاعەلی قەرەداخی و جنێوفرۆش و نەزانێکی وەک مەلامەزهەر و مەلا ناهەڵۆ لەلایەن توێژی ناهۆشیاری کوردەوارییی رێزیانلێدەگیرێ لە مزگەوت و کەناڵی تلەفزیۆن و رادیۆ و راگەیاندنی کوردییەوە بە مامۆستا و زانا!! لە قەڵەمیاندەدەن و ژار و نەخۆشینی گولیی لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکەنەوە و، رۆژ دوای رۆژ جێ پێی خۆیان لەنێو کۆمەلگە و گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەهێزتر دەکەن و حکوومەتی هەرێم لە بەرامبەریاندا دەستەوەستان و بێ هەڵوێستە!

بە کورتی، ئەگەر سەردەم و رۆژانێک بیری کۆمۆنیستیی گەورەترین کۆسپی سەر رێگەی بیری سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئیمڕۆکە بە تایبەتیی لە باشوور بە هۆی پێڕەونەکردنی سیاسەتێکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێم بە شێوازی دووئیدارەی و دوو سەرکردەیەتیی ناکۆکی حیزبیی، داگیرکەرانی کوردستان توانیویانە لەڕێگەی ئەم حیزبە ئیسلامییە بەکرێگیراوانەوە جەماوەری

**کاڵفامی کورد لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و، ببن بە مەترسیی بۆ کۆمەڵگە و دواڕۆژی کورد و پرسی سەربەخۆیی کوردستان.**

## جەنگی (24) رۆژەی رۆژاڤای کوردستان و، دەسپێکی قۆناخێکی نوێی رامیاری و نەتەوەیی بۆ کورد!

رووخانی رژێمی بەعسی سووریا لە ساڵی 2024 و هەڵاتنی بەشاری کوڕی ئەسەد بەرەو رووسیا رێیکردەوە بۆ رژێمی ترکیا لە رێگەی رێکخراوەکانی تێرۆریستیی وابەستەیەوە بێتە نێو گۆڕەپانی سەربازی و سیاسیی سووریا و رێکەوتی 7/1/2026 سەرپەرشتیی هێرشێکی بەرفراوانی سەربازیی کرد بۆ سەر شاری حەلەب و رۆژاڤای کوردستان بە گشتیی.

رژێمی داگیرکەری ترک لە رۆژی دامەزرانییەوە بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال بێ هیچ دوودڵییەک دڕندەترین رژێمی رەگەزپەرست و داگیرکەری کوردستانە و هەروەک رژێمی بەعسی سووریا چلۆن لە وڵاتەکەیدا نکوولیی لە بوونی کورد دەکرد، رژێمی ترکیاش بە درێژایی سەت ساڵی دابەشکردنی کوردستان لە تووناکردن و سڕینەوەی کورد نەوەستاوە و وچانی نەداوە و لە پێڕەوکردنی سیاسەتی رەگەزپەرستانەیدا سنوورەکانی دژایەتیکردنی کوردی لە باکوورەوە گواستووەتەوە بۆ ئۆرووپا و سەرتاسەری خاکی کوردستانی گەورە.

لە گەڵ پەیدابوونی ئاینی ئیسلام، ئەو کارەساتە بەردەوامانەی بە درێژایی سەدەکان بەسەر کورد هاتوون و بە "ئەنفال" ناویرۆییوە لە سەردەمی رژێمی ئەتاترکی عیلمانی سێ جار بەسەر کورددا هێنرا و هەر لە ساڵانی نێوان 1925 بۆ 1940ی زایینیی گەلی کورد لە باکووری کوردستان چەندینجار جێنۆساید کرا، سەتانهەزار کورد تێداچوون و هەزاران گوند خاپوور کراون. بۆ تێگەیشتن لە ناخی

کۆمەڵکوژیی کوردان لە باکوور، ئەوانەی ئاگاداری ئەو مێژووە پڕکارەساتە نین، با پەرتۆکی زانا و نیشتمانپەروەری مەزنی کورد مامۆستا محەمەد عەلی عەونی لە دایکبووی ساڵی 1897 خەڵکی پارێزگەی ئامیدی باکووری کوردستان بە ناوی خواستەمەنیی "بلەچ شێرکۆ" بخوێننەوە، کە ڕووداوەکانی دوای شۆرشی خۆیبوونی لە پەرتۆکێکدا بەناوی "کێشەی مێژینە و ئێستای کورد" بە زمانی عەرەبی نووسی و، نووسەر و شاعیر و نیشتمانپەروەر کاک محەمەد حەمەباقی کردوویەتی بە کوردی.

هێرشی بەربڵاوی دڕندەکانی سوپای سووریا کە تێکەلاوێکن لە هۆزەکانی دەمارگرژ و توندئاژۆی عەرەب و ڕێکخراوەکانی تێرۆریستیی سەر بە ترکیا و لەشکری ئەحمەد شەرع بەرپرسی ڕێکخراوی سەلەفیی "بەرەی نوسرە"ی سەر بە ئەلقاعیدە" و، سەرۆکی ڕێکخراوەی سەلەفیی "هەییەی تەحریر شام" و سەرکۆماری ئێستەی سووریا بە پشتیوانیی رژێمەکانی ترکیا و بەخشینی دراوی چەند رژێمێکی عەرەبی و پشتیوانیی لاوەکیی نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا بەناوی "تۆم باڕاک"ی بە ڕەگەز عەرەب، هیرشێکی بەرفرە بە مەبەستی لەنێوبردنی دەسەلاتی کوردیی لە ڕۆژاڤای کوردستان، فەرمانی جیهاد و ئەنفالێکی دیکە لە دژی نەتەوەی کورد دەسپێکرا. سەرەڕای بەرەنگاریی مێژوویی ڕۆلەکانی کورد بە هۆی چەک و چۆڵی قورس و زۆربوونی سوپای دڕندە و بنچینەگر و خوێنڕێژی سووریا سەدان

کورد تێداچوون، ماڵ و سامانی کوردان لە حەلەب و شارۆچکە و گوندەکان تالانکران و وەک کردەی ئاسایی عەرەب بە درێژایی هەموو سەدان دەسدرێژیکرایە سەر ژنانی بە رۆمەت و سەری براویی کوردیان بە نیشانەی سەرکەوتن بەسەر دەستەوە دەگرت.

لە ماوەی نێزیک بە دوو حەفتە بێدەنگبوونی کۆمەڵگەی نێودەولەتیی و هاوپەیمانانی کورد لە شەڕی دژ بە "داعش"، نەتەوەی کوردی لە کوردستان و سەرتاسەری دنیا بە ئاگاهێنایەوە کە تەنێ پشت بە خۆی ببەستێ و، شەڕی مان و نەمان بەر دەرگای پێگرتووە و دەبێ بە خوێنی خۆی پارێزگاریی لە خاک و نیشتمانی بکات. گەلێک کەسایەتیی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیی وەک شێخ مورشد خەزنەوی کوڕی شەهیدی رێبازی سەربەخۆیی کوردستان شێخ مەعشووق خەزنەوی، سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و کاک مەسعوود بارزانیی بە تایبەتیی، میدیای حکوومەتی هەرێم لە هەولێر و سلێمانی، رەنج سەنگاوی و سورەیا هەساری دوو وێژەری رووداو تیڤی و ئاڤا میدیا و سەرجەم میدیای کوردی، راپەڕینی ملیۆنان کورد لە کوردستان و لە وڵاتانی ئۆرووپا و ئەمریکا و بەشداربوونی منداڵ و پیرولاوی کوردەواریی لەو بەرخۆدانە نەتەوەییە مێژووییە بوو بە هۆی راچڵەکان و بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کە وا بە بەرچاویانەوە نەتەوەی کوردی پارێزەری بەرژەوەندییان، ئیسلامی توندئاژۆی نێوچەکە بە پشتیوانیی ترکیا هێرشیانهێناوە بۆی و مەترسیی ئەنفال

و کۆچوڕەوی ملیۆنی لەسەرە. ڕۆڵی چەندین هەڤاڵنێری زیرەک و نیشتمانپەروەری کورد لە ئەمریکا و ئۆرووپا کارکردیان بوو لە سەر کۆمەڵگەی نێودەولەتیی کە بەڵگەی تاوان و کۆمەڵکوژکردنی ژن و منداڵ و پیر و کاڵی کورد لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە سووریا و ترکیا بە چاوی خۆیان ببینن. لە ئۆرووپا سەرۆکی فەرەنسا بەڕێز ماکرۆن لە ئەمریکاش لیندز گراهام دۆستی کورد و مرۆڤپەروەر کە هەردەم کورد دەبێ سوپاسبێژی بێت، لەگەڵ چەندین سەرۆک و کاربەدەستی وڵاتانی ئۆرووپا هاتن بە هانای کوردەوە، ڕێیانگرت لە ئەنفالکردنی گەلی کورد لە ڕۆژاڤای کوردستان کە لە لایەن ترکیا و چەند ولاتێکی عەرەبی نێوچەکە پلانی بۆ داڕێژرابوو.

بەشێک لە هۆکاری ئەم کارەساتەی بەسەر کوردی ڕۆژاڤادا هات پێوەندیی بە ئیدۆلۆژیی نانەتەوەیی و ڕوانینی ساکار و ساویلکانەی سەرۆکایەتیی ڕۆژاڤای کوردستانەوە بوو کە لە بیرۆکەی چەوتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پێ کێ کێ سەرچاوە دەگرێ و ڕۆژاڤای کوردستانیان ناونابوو: "**بەڕێوەبەرێتیی باکووری خۆرهەلاتی سووریا**" وەک یەکەم تاقیگەی گەیشتن بە دامەزرانی "**کۆنفیدراڵی گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین**"، سەدان شەڕڤانی کچ و کوڕ و سەدان بنەماڵەی کوردیان لەنێو هۆزەکانی عەرەبی بە ئیدۆلۆژی و کولتوور و مێژوو دژ بە کورد و ئازادی و مرۆڤایەتیی بڵاوکردەوە. ئەو هۆزانەی بە هۆی بۆشایی دەسەڵاتی ڕژێمی نێوەندیی بە ناچاریی لە گەڵ کورد سازابوون، دوای وەرگرتنی دەیان ملیۆن دۆلار لە سعوودی و قەتەر

لە گەڵ هێزەکانی جۆلانی و ترکیا ڕێککەوتن و لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ، ڕووی چەکیان کردە کوردان سەدان بنەماڵە و شەڕڤانی کوردیان شەهید کرد، جەستەیان شێواندن و خانووبەرە و سامانیان داگیر و تالانکردن، بەوەشەوە نەوەستان گۆڕستانی کوردی شەڕڤانی شەهیدیان تێکدا و بەردی سەر مەزارەکانیان دزی، ئەوجا بە درۆشمی "الله اکبر" تەقەی خۆشی و شایی سەرکەوتنیان گێڕا!؟

قەڵاچۆکردنی کوردان لە ڕۆژاڤای نیشتمان چەند بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ئێش و ئازار بوون و ملیۆنان کوردی سەرتاسەری دنیا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە زەریائاسا هێنایە سەر شەقامەکانی کوردستان و وڵاتانی ئۆرووپا و ئەمریکا، هێندەش بۆ خەلکی ڕۆژاڤای کوردستان کاریگەریی هەبوو لە گۆڕینی بیروڕایان بەرامبەر بیرۆکەی پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەب و گەلانی ناکورد. ڕۆژاڤای کوردستان و زۆرینەیەکی شەڕڤانی کورد ئەم ڕوانینە و تێگەیشتنە تازەیان نەدەشاردەوە و بە ئەشکەرە دەیانگوت کورد دەبێ پشت بە یەک ببەستن، تەنێ کورد برای یەکن! ئەمەش ڕاستەوخۆ بە واتای شکستی ئیدۆلۆژی و بۆچوونی پێکەوەژیانی گەلانی خاوەن ناسنامە و دەولەت و کوردی بێناسنامە و بێدەولەت بوو.

**سەرۆکایەتیی ڕۆژاڤای کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی پشتیوانیی مێژوویی نەتەوەی کورد لێی، پێویستە لەپێناو بەرژەوەندی و پاراستنی یەکێتیی کورد بە**

ئەشکەرە ئالای کوردستان بکات بە ئاڵای فەرمیی رۆژاڤای کوردستان. ناوی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و خۆسەریی دێمۆکراتیک بسڕێتەوە ببێ بە هێز و حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان. داوا بکات ئەو نوێنەر و کادرانەی پێ کێ کێ لە رۆژاڤا چاودێر و بڕیار بەدەستن با بگەڕێتەوە بۆ قەندیل و بە کردەوە هەموو کاروبارێک بسپێرن بە کوردی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری رۆژاڤا خۆی. سەرۆکایەتیی رۆژاڤا پێویستە لەم راستینەیە تێ بگا ناتوانێ خۆڵ بکاتە چاوی ئیسرائیل و ئەمریکا و ولاتانی دیمۆکرات و پێڕەوکردنی سیاسەتی "یەک بان و دوو هەوا" مەرگەسات و وێرانی و تووناببوون بۆ کورد بەرهەمدێنێ. سەرۆکایەتیی رۆژاڤا ناتوانێ لەلایەک ئۆجەلان بە رێبەری خۆی بزانێ و بەردەوام بێ لە پێڕەوکردنی ئیدۆلۆژی و بۆچوونی نانەتەوەیی ئۆجەلان کە داوا لە کورد دەکات: لە بەرامبەر پیلانی بە گوتەی ئەو زایۆنیزم و ئیمپریالیزم لەگەڵ ترک یەکبگرن کە بە تەمان ترکیا دابەش بکەن!! لەلایەکی دیکەشەوە چاوی لە هاوکاری و یارمەتیدانی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دێمۆکرات بێ لە بەرامبەر هێرشی ترکیا و سووریا بیپارێزن! سەرۆکایەتیی رۆژاڤای کوردستان پێویستە واز لە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هۆزەکانی عەرەب بێنێ و هەموو بیر و تێکۆشینی بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندیی گەلەکەی بێت لە رۆژاڤای کوردستان. ئەو گوند و شارۆچکانەی بۆ مەبەستی دابڕینی شار و گوندەکانی کوردستان سەردەمی رژێمی بەعسی سووریا لە یەکتر دابڕاون و بە عەرەبکراون، کە خۆسەریی دێمۆکراتیک (14) ساڵ کات لە بەردەستیدا بوو بۆ چارەسەرکردنی، ئێستەش دەتوانێ بە بیرێکی نەتەوەییەوە پرۆژەیەک دابڕێژرێ بووجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکا بۆ کڕینی خانووبەرە و زەوی و زاری عەرەبی نیشتەجێ لە

کوردستان، چۆنکە بوونیان هەموو کاتێک لەنێو دلی کوردستاندا مەترسییە بۆ کورد! سەرۆکایەتیی رۆژاڤای کوردستان پێویستە ئەم راستینەیە بزانێت بێ پێوەندییەکی پتەوی سیاسی و نەتەوەیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتوو نابێ، چارەنووسی ئەم دوو بەشەی باشوور و رۆژاڤای کوردستان لە رۆژی ئیمرۆدا گرێدراوی یەکە، لەنێوچوونی هەریەکیان دەبێتە هۆی لەنێوچوونی بەشەکەی دیکە و دەبێتە هۆی لەنێوچوونی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان. پرسوراوێژ کردن لە گەڵ رێزادار مەسعوود بارزانی وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی و کاریزما و کەسایەتییەکی جێباوەڕ و جێکەوتوو لای کۆمەڵگەی نێودەولەتیی، پرسوراوێژ کردن لەگەڵ زانا و دیپلۆمات و نیشتمانپەروەرانی وەک عوسمان بایدەمیر، شێخ مورشد خەزنەوی، لەیلا زانا و نیشتمانپەروەرانی دیکەی کوردستان یارمەتی سەرۆکایەتیی رۆژاڤای کوردستان دەدات لەنێو گێژاوی ئیدۆلۆژی و بیرۆکەی چەوتی عەبدوڵلا ئۆجەلان و پیلانگێڕیی بەردەوامی "میت"ی ترکیا رزگاریانبێ و، بکەونە سەر شاڕێی خەباتی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان و، رزگارکردنی گەلی کورد لە رۆژاڤا لە بندەستی و کۆیلەتی و کوشتاری بە کۆمەڵ لەلایەن زۆرینەی رەگەزی عەرەبی رەگەزپەرست و دڕندەوە.

دوا وتە:

راپەڕینی بێوێنە و تاکهەڵکەوتوی نەتەوەی کورد بۆ پشتیوانیکردن لە ڕۆژاڤای کوردستان بە درۆشم و ئامانجی یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی بۆ کوردستان، هەستانەوە و بزاڤێکی دەگمەن و ئاماژەی روون بوون بۆ زانینی ئەم راستینەیە، نەتەوەی کورد خاوەنی کولتوورێکی کۆمەڵایەتی مێژینە، پێشکەوتوو، فرەڕەنگ و سیکۆلارە و بە هەموو چین و توێژ و رەگەز و پێکهاتەی جڤاکییەوە، بێگوێدانە ئیدۆلۆژی و حیزبایەتی و زاراوە و ئاین و ئاینزای جیاواز، بە شێوازێکی سەردەمیانە بانگی ئازادی و چارەنووسی وەکهەڤی و سەربەخۆیی کوردستانی بە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داگیرکەرانی کوردستان گەیاند. دوای زیاتر لە (100) ساڵ لە دابەشکردنی کوردستان و، سیاسەتی تووناکردنی کورد لەلایەن داگیرکەران و، پێڕەوکردنی رامیاریی پڕ لە هەڵەی حیزبەکانی کوردستان، سەرەتایەک بۆ وشکبوونی زەلکاو و ناسین و دۆزینەوەی گرێپووچکەی پرسی کورد سەریهەڵداوە. راپەڕینی مێژوویی نەتەوەی کورد بۆ پشتیوانیی لە ڕۆژاڤا هاوکات پەیامێکی روون و ئەشکەرە بوو بۆ سەرجەم حیزب و رێکخراوەکان کە واز لە بیری نێوچەگەرێتی و حیزبایەتیی بهێنن، پێکەوە و لە ژێر چەترێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بە پیری بانگەوازی یەکێتیی و سەربەخۆییی کوردستانەوە بچن کە نەتەوەکەیان داوایدەکات!

لە رۆژێکی هەستیار و چارەنووسسازی وەک ئیمڕۆ کە بە هەستیارترین قۆناخی مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کورد لە چارەکی یەکەم سەدەی (21) و هەموو چاخ و سەدەکان دەژمێردرێ، لە کاتێکدا نیشتمانپەروەران و نەتەوەی کورد بە گشتیی تێدەکۆشن، لەنێو پشێوی و بارودۆخی ئالۆز و نادیاری خۆرهەڵاتی ناڤین دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رابگەیەنن، عەبدوڵڵا ئۆجەلان

سەرۆکی پ ک ک دەفەرمێ: "هەموو شتێک لە پێناو پاراستنی خاک و دەوڵەت و سەروەریی ترکیا و یەکێتیی کورد و ترک لە ژێر دروشمی: "دامەزرانی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیک" و یەکگرتنی کورد و ترک بۆ لەنێوبردنی پیلانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە ترکیا و خۆرهەلاتی ناڤین!!".

عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە ئیمرۆکە بووە بە جێبەجێکەری پیلانی "میت" و رژێمی ترکیا بەرامبەر بزاڤی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، بە دڵنیاییەوە ئەو ئاوات و ئامانجەیان بۆ ناچێتەسەر، چۆنکە دۆخی ئیمرۆکەی کوردستان و خۆرهەلاتی ناڤین تەواو بە پێچەوانەی ویست و ئامانجی رەگەزپەرستانەی رژێمەکانی ترکیا و ئێران و سووریا و عێراق دەچنەپێش و سەرلەبەری جوگرافیا و سنوورەکانی دەسکردیان بەرەو گۆڕانی گەورە و بنەڕەتیی دەچن.

پارتی کرێکارانی کوردستان وەک سەرلێشێواوترین پارتی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان ئیمرۆکە رۆڵێکی تێکدەرانە و دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد دەگێڕێ و تێدەکۆشێ لە پێناو پاراستنی مان و گیانی سەرۆکی پارتەکەی و پێڕەوکردنی بیرۆکەی پارێزگاریکردن لە ترکیا، بەردەوامی بدات بە کۆیلەتیی نەتەوەی کورد. لێرەدا رووەدەکەمە ئەندامان و گریلای پ ک ک وەک رۆلەی کورد کە بۆ پارێزگاریی لە هەبوون و ناسنامەی کورد رووتان لە قەندیل و چیاکانی کوردستان کردووە، ئێوە بە چاوی خۆتان ئاکامی بیرۆکەی چەوتی پێکەوەژیانی گەلی کورد و عەرەبتان بینی لە رۆژاڤای کوردستان، پاداشی چاکەی کوردیان بە جینۆساید و دەسدرێژی و تالانکردنی سامانی کوردی رۆژاڤا دایەوە. بە چاوی خۆتان درۆ و دەلەسە و فێڵێکردنی رژێمەکانی داگیرکەری

کوردستان بەرامبەر کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور و باکوور دەبینین، واز لە حیزبپەرستی و سەرۆکپەرستیی بهێنن، لە بەرامبەر پیلانگێڕی و هێرشی داگیرکەرانی کوردستان نەتەوەی کورد پێویستی پێتانە. بڕیاری مێژوویی بدەن، قەندیل و پێکهاتەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی باکووری کوردستان لە ئاپۆچی و بیرۆکەی چەوت و نانەتەوەیی پاگژ بکەن، هەوڵی یەکگرتن و سازکردنی یەکێتیی نەتەوەیی بدەن لە گەڵ هەموو بەشەکانی کوردستان. بێگومان ئەمە تاکەڕێگەی گەیشتن بە سەرفرازی و بەختەوەرییە بۆ خۆتان و بۆ نەتەوەکەتان تۆماری بکەن.

لە پێوەندیی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵ (فێبریواری 2026) پێنج حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایانگەیاند بۆ پاریزگاریکردن لە بەرژەوەندیی گەلەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەیەکیان پێکهێناوە. ئەم هەنگاوە بێگومان جێی دەسخۆشیلێکردنە و جەماوەری کوردستان بەگشتیی بەم هەنگاوەیان دڵخۆشبوون، هاوکات پێویستە ئەم پێشنیازەش ئاراستەیان بکرێ، ئێوە وەک پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیارتاندا یەکبگرن و پێکەوە هاوکاریی بکەن، بێگومان دەشتوانن ئەم بەرەی حیزبییە بگوێزنەوە بۆ نێو سازییەکی نەتەوەیی وەک کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان-ڕۆژهەڵات، لەسەر پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی ڕێبکەون و بۆ ڕای گشتیی لە ڕۆژهەڵات بڵاویبکەنەوە. لە هاوپەیمانێتیی حیزبییانەدا هەمووکاتێک ئەگەری سەرهەڵدانی ناکۆکی و جیابوونەوە هەیە، ڕابردووش ئەم ڕاستینەی پێشانیداوە، بەڵام چوونەنێو سازییەکی نیشتمانیی بە ناوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان-ڕۆژهەڵات کە نوێنەرانی هەموو پێکهاتەی جیاوازی ئاینزا و ئاینی و سیاسی و

کۆمەڵایەتیی سەرتاسەری کوردستان لە خۆی کۆبکاتەوە رێ لەبەر دەم پاوانخوازی و نێوچەگەرێتی و بەرژەوەندیی حیزبیی دەگرێ. بە بوونی سازییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بەردی بناخەی یەکێتیی نەتەوەیی و دەسەلاتی خۆیبوونی کورد دادەرێژرێ. گوتەبێژێک بە ناوی هەموو کۆنگرەی نیشتمانییەوە روو بە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان لێدواندەدا و، سەرۆکایەتییەکی نیشتمانیی هاوبەش دەبێت بە جێبەجێکەری یاسا و رێسا و پێڕەوی ئەو سازییە نەتەوەیی نیشتمانییە. بەوەش بیری سیاسەتکاری کورد لە چوارچێوەی حیزبەوە دەگۆڕێ بۆ بیریکی گشتگری کوردستانی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەخاتە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبییەوە. واتە تەنێ دەسگەیەکی بەرزی نیشتمانییە دەتوانێ ببێت بە زمانڕەوشی نەتەوەی کورد لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆی وڵات و، دامەزرانی سوپای کوردستان و میدیا و ئابووری و دیپلۆماسییەکی هاوبەش و پرسی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی مسۆگەر دەکات!

بە هێرشی قورس و بەرفراوان و چڕی هێزی ئاسمانیی دوو گەورە هێزی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر رژێمی ئێران لە رۆژی 28/2/2026 بە نیازی رووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران خۆرهەڵاتی ناڤین و دنیا بە گشتیی پێدەنێتە قۆناخێکی تازەی سیاسییەوە، بۆ کوردستان بە گشتیی بە واتای ئەوە دێت لە ئەگەری رووخانی رژێمی ئێران، سێ بەشی خاک و نەتەوەی کورد پێکەوە دەلکێندرێتەوە، ئەم قۆناخە مێژوویی و چارەنووسسازە لە سەرۆکایەتیی سیاسیی هەر سێ بەشی کوردستان دەخوازیت بە ئامانجی پاراستنی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسیی هێرشی رەگەزپەرستانی ترکی ئازەری و هێرش و

**پیلانگێڕیی رژێمی خوێنخۆری ترکیا، خاکی کوردستان لە دەسدرێژی و داگیرکاریی ترکیا و دەسدرێژیی هەر داگیرکەرێکی دیکە بپارێزن.**

**بە کورتی، دوای زیاتر لە سەدەیەک ماڵوێرانی و کوشتاری بە کۆمەڵ و هەوڵی تووناکردنی نەتەوەی کورد لەلایەن داگیرکەرانی دڕندەیەوە، هەتاوی کورد سەریهەڵداوە. پێویستە هەموو هێز و توانایەک بخرێتە گەڕ بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان. تەنێ لە سایی یەکگرتن و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستاندایە رۆمەت و خاک و سامان و زمان و هەبوونی کورد و کوردستان دەپارێزرێ!**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد لە پێناو ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

## سەرچاوە:

1- **پەرتۆکی ئێستە و پاشەرۆژی نەتەوەی کورد نووسینی: جەمال نەبەز**

2- **کۆبەرهەم ژمارە (1) نووسینی: سیروان کاوسی**


3- **شۆرشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا، لاپەڕە (287) ئامادەکردنی: وریا رەحمانی**

4- **گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (32) لاپەڕەی (18) مانگی ئاگوستی 2004**

5- **(کۆبەرهەم ژمارە 6) لاپەڕەی 306 کۆپلەی (1) دێڕی 11 بۆ 13 نووسینی: جەمال نەبەز**

6 – **گۆڤاری "کۆنگرە" مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2004 ژمارە (33) لاپەڕەی (1) و (6) و (26) وتووێژی سیروان کاوسی لە گەڵ یاسازان و نیشتمانپەروەر کامیل ژیر.**

7- **پەرتۆکی "کۆبەرهەم ژمارە (7) چاپی هەولێر، ساڵی (2007) لاپەڕە (266) نووسینی: جەمال نەبەز**












ئەنفال
ANFAL


خسرۆ گۆل : دەزگای زانیاری
قاسم سلیمانی
هێرۆ ئیبراهیم
شاناز ئیبراهیم
محمود سەنگاوی



ئەی ڕێبەری کوردایەتی
ئەی ڕێبەری دیموکراسی
ئەی ڕێبەری شۆڕشی ئازادیخوازی




بەپێی ڕێککەوتنەکە
بڕیار نەبوو
سوپا و حەشد
بێنە کەرکووک
ئاراس شێخ جەنگی










وێنەی سەرەوە عەبدوڵلا موهتەدی و سەید برایم عەلیزادە لە گەڵ مامۆستاکەیان مەنسوور حیکمەت!
وێنەی خوارەوە عەبدوڵلا موهتەدی لە بەرەی کوڕەکەی حەمەڕەزاشا بەناوی "شۆرای تێپەڕبوون".


کورد و تورک هـــەزار ساڵە پێکەوە دەژین
تـــورک و کـــورد بەبێ یەکتر ناتوانن بــژین
گوتەکانی باخچەلی سوودێکی زۆری بـــۆ
پەیوەندی 100 ساڵەی تورک و کورد هەبووە
هــەسەدە بــە پشتیوانی لــەمریکا
و ئیســرائــیل دەجـــوولێتـەوە

## دوو گەورە ناکوردی نیشتمانفرۆشی دژ بە نەتەوەی کورد لە چارەکی یەکەمی سەدەی (21)




RÛDAW STREAM
ڕووداوی ئەمڕۆ
"هەموو ئێرانییەکان دژی ئەمریکا یەکن"


"ئیسرائیل
تەنگەنەفەس بووە"


diplomatic
بڕینی کێکی ساڵیادی شۆڕشی ئیسلامی ئێران

لە ماوەی سەت ساڵ خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار لە باشووری کوردستان، دوای مەملەکەتی سەربەخۆی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شای کوردستان مەلیک مەحموود، راپرسیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێکەوتی 25/9/2017، تاکە هەنگاو و تاکە بەڵگەی بەنرخ و مێژووییە، گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ئازادیدا و بێترس و سڵەمینەوە لە داگیرکەران، دەنگیدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان. هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانەی ڕێکخەر و پشتیوان و بەشداری راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بوون، لە تۆمارکردنی ئەو بەڵگە زێڕین و مێژووییە ئەرکی نەتەوەیی و مرۆڤی و مێژوویی خۆیان هێنایەجێ.

نەتەوەی کورد بە ئەنجامدانی راپرسیی، پێشانی دوژمنان و دنیای ئازادی دا، سەرەڕای جێنۆسایدی هەمەچەشنەی داگیرکەرانی و، سەرەڕای سیاسەتی چەواشە و تەفرە و فریودانی حیزبەکانی، تینووی ئازادی و رزگاری و سەربەخۆییە و هیچ سیاسەتێکی چەوت و چەوێڵ و تووناکەر نەیتوانیوە و ناتوانێ ئەم راستینە مێژووییە لە روخسار و نێوەرۆکی ئامانج و داخوازیی نەتەوەی کورد بشواتەوە.

ڕێزدار مەسعوود بارزانیی بڕیاردەری سەرەکیی ئەنجامدانی "راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان" لەو ڕێکەوتەوە وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی و سەربەخۆییخواز ڕێز و باوەڕ و متمانەی نەتەوەی کوردی بۆ لای خۆی راکێشا. نۆ ساڵ دواتر و، دوای هێرشی موسڵمانانی دەمارگرژی ئیسلامیی سوننە لە سووریا و پیلانێگێڕیی ترکیا و چەند وڵاتێکی عەرەبیی بۆ داگیرکردنەوە و سەپاندنی کۆچڕەو و ئەنفال بەسەر رۆژاڤای کوردستان لە مانگی رەشەممەی 2026، مەسعوود بارزانیی بە هەوڵدانی بێوچانی جارێکدیە سەلماندی ئامانج و بیروباوەڕی پارێزگاریکردنە لە نەتەوەی کورد و هێنانەدی ئاوات و ئامانجی مێژینەی کوردە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان!

لەم دۆخە هەستیار و مێژووییەدا چاروەڕوانیی هەموو نیشتمانپەروەران و نەتەوەی کورد لە کاک مەسعوود بارزانیی ئەوەیە هەوڵی تەواو بدات بۆ یەکخستنی نێوماڵی کورد لە باشوور بە تایبەتی و لە سەرتاسەری کوردستان بە گشتیی!



کارتی دەنگدان بۆ ڕاپرسی سەربەخۆیی کوردستان
نیشانەی (✓) بنووسە بۆ دەنگدان
صوت بعلامة (✓)
Oy kullanmak için (✓) işareti yazınız
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات و الاستفتاء
The Independent High Elections and Referendum Commission
ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟
هل تريد أن يصبح اقليم كوردستان و المناطق الكوردستانية خارج الاقليم دولة مستقلة؟
Kürdistan Bölgesi ve bölge idaresinin dışında kalan Kürdistanlı yörelerin bağımsız devlet olmasını istiyor musunuz?
نەخێر
لا
Hayır
بەڵێ
نعم
Evet








کوردستان
بای بای عێراق
2017/9/25
ڕاپرسیەکەی کورد و پارێزگای کەرکوک

## "ماڵپەڕ و لینکی دیمانە و دیدارەکان"

**قسەکانی تاڵەبانی بۆ پێشمەرگە، پێش هێرشکردن بۆ سەر حیزبی شیووعی عیراق:**

https://www.youtube.com/watch?v=sx5ItUdtmrU

**تاڵەبانی و سەدام حسێن:**

https://www.youtube.com/watch?v=t_VoWw3OWio

**شەڕی نێوخۆیی:**

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%DB%95%DA%95%DB%8C_%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DA%A9%D9%88%DA%98%DB%8C%8C

**ماچکردنی دەستی سەرۆکی شاندی ترک و بەخشینی زەویی بە ترکمانەکان لە کۆیە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە:**

https://www.youtube.com/watch?v=ER22XBIH8CA

**وتووێژی عەلی کەریمی لەگەڵ برایم ئەحمەد لەشاری لەندەن لە بریتانیا، ڕێکەوتی 28/3/1996 لەبارەی ڕێککەوتننامەی (11) ی ئازاری ساڵی 1970 لەنێوان مەلامستەفا و سەرکردەیەتیی رژێمی بەعسی عێراق:**

https://www.youtube.com/watch?v=0qcpl9_phQk&t=1427s

**قسەکانی مەسعوود بارزانی لەکاتی ٣١ی ئاب:**

https://www.youtube.com/watch?v=RkkGnmOKJGQ

**سایتی "جێنۆساید کورد"**

http://genocidekurd.com/ku/babati/3903

**قسەکانی سەلاح موهتەدی لەسەر یەکێتی و ئێران، دوای نەخۆشکەوتنی جەلال تالەبانی، لە ڕێکەوتی 26ی نۆڤەمبەری 2014**

https://www.youtube.com/watch?v=JoViT-WQUyw

**قسەکانی مەسعوود بارزانی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە!**

http://www.xebat.net/allartical.php?z=7&l=1

**دیمانەی ڕۆژنامەی "خەبات" لە گەڵ سیروان کاوسی، ڕۆژی 9/9/2017 بڵاویانکردەوە:**

http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=43979&z=11&l=1

**دیمانەی بی بی سی لە گەڵ بارزانی ڕۆژی 29/1/2018**

https://www.facebook.com/sulipdk/videos/1/973218309662854

**ڕاگەیەندراوەی هاوبیرانی نەتەوەیی لەبارەی ڕاپرسیی سەربەخۆیی کوردستان**

https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1729751327058221&set=a.115582575141779.11537.100000701107086&type=3&theater

**پیرۆزباییینامە و، ئاماژەیەک بۆ دۆخی پڕمەترسی و چارەنووسسازی دوای ڕاپرسیی، لەلایەن ژمارەیەک لە هاوبیرانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانی کوردستانەوە!**

https://www.facebook.com/sirwan.kawsi/posts/1772641529435867



# The Swamp

By: Sirwan Kawsi

**March: 2026**

**Bangkok - Thailand.**